


ژمارە (٢٧)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/١٤
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

## سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی:

# باڵێکی پارتی دەیەوێت ڕێککەوتنی ستراتیژی هەڵوەشێنێتەوە

**تایبەت بە دەستوور**

سامان گەرمیانی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێت فازڵ میرانی وتویەتی کەپارتییە ئەسڵییەکان پابەندن بەڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتییەوە، بەڵام باڵێکی ناو پارتی بۆچوونێکی جیاوازتریان هەیە.

سامان گەرمیانی رایگەیاند یەکێتی تائێستا پابەندە بەڕێککەوتننامەکەوە، بەلام لەکۆنگرەدا باس لەشێوازی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو


سامان گەرمیانی

پارتی دەکرێت، وتی «کۆنگرە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەی هەیە».

سامان گەرمیانی دەڵێت مەکتەبی سیاسی دانی بەو هەڵانەدا ناوە کەبوونە هۆی لەکیسچوونی دەیان هەزار دەنگی ئەو حیزبە، وتی «لەڕووی تەکنیکییەوە هەڵەمان هەبوو، مەکتەبی سیاسی بەدواداچوونی بۆ کردووەو لەڕێی راگەیاندنی خۆیەوە رەخنەی ئاراستەی خۆی کردووە، لەناوخۆماندا واهەستدەکەین پێویستیمان بەوە هەیە کۆنگرە ئەو مەسەلانە یەکلاییبکاتەوە».

گەرمیانی، لەبارەی کێشەکانی یەکێتییەوە، دەڵێت ململانێی باڵەکانی حیزب، یەکێتی ماندوو کردووە، دان بەوەشدا دەنێت کەباڵەکان کەسە گەندەڵەکانیان داڵدەداوە، دەڵێت ئەم باڵەی یەکێتی کەماوەتەوە، لەکۆنگرەدا کێشەو کەموکوڕییەکان چارەسەر دەکاتو وتی «بڕیاردراوە ئەمجارە لەکۆنگرەدا خەڵکی تازەو گەنجو ژنان وەک حیزبێکی سۆسیال دیموکرات رۆڵیان هەبێت».

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٦-٧) دا بخوێنەرەوە**

# دەستوور فەزیحەیەکی دوو بەرپرسی کورد لەکەرکوك ئاشکرادەکات

**شۆڕش خالید**

دوو بەرپرسی کوردی پارێزگای کەرکوک کەکاری ڕێکخستنی حیزبی دەکەن لەناو دەزگاکانی پۆلیسی شاری کەرکوک، پارە لەچەندین ئەفسەری پۆلیس بەبیانووی بەرزکردنەوەی پلەو جێگیرکردنی پلەکانیانەوە، وەردەگرن، دوای ئاشکرابوونیشان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەستگیر دەکرێن.

بەپێی چەند زانیارییەک کەدەستوور لەسەرچاوەیەکی باڵای ئەمنییەوە لەپارێزگای کەرکوک دەستی کەوتووە، دوو بەرپرسی کورد کەیەکێکیان یەکێتییەو ئەوەی تریشیان پارتییە، بەپلەکانی نەقیبو عەقید، ماوەیەکە لەڕێگەی تۆڕێکەوە کاری وەرگرتنو کۆکردنەوەی پارە دەکەن لەناو ئەفسەرانی پۆلیسی ئەو پارێزگایەدا، بەو هۆیەشەوە چەندین پارەیان لەئەفسەرانی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک کۆکردووەتەوە، بەبیانووی ئەوەی پلەکانیان بۆ بەرزدەکەنەوە، یان جێگیری دەکەن.

ئەو سەرچاوە ئەمنییە بەدەستووری وت «ئەو دووکەسە یەکێکیان پلەی نەقیبی هەیە بەناوی (ە)و ئەوەی تریشیان پلەی عەقیدی هەیە بەناوی (ک)و بەهاوکاری لەگەڵ تۆڕێکی هاوکار لەناو وەزارەتی ناوخۆدا کاردەکەنو تائێستا چەندین پارەیان لەئەفسەران کۆکردووەتەوە».

بەپێی زانیارییەکان کەدەست دەستوور کەوتووە، ئەو دوو کەسە هەردووکیان کاری ڕێکخستن دەکەن بۆ حیزبەکانیانو لەڕێگەی ملازمێکەوە بەناوی (ئـ)و هەروەها کەسێکی پلە باڵای ناو وەزارەتی ناوخۆ کە پلەی عەمیدی هەیە بەناوی (غ) ئەو کارەیان کردووە.

دەستوور زانیویەتی کە ئەوکاتەی ئەو دوو بەرپرسە کوردەی ناو ریزەکانی پۆلیس دەچنە وەزارەتی ناوخۆ، لەلایەن بەرپرسێکی پلەباڵای تورکمانی ناو ریزەکانی پۆلیسەوە، وەزارەت لەو کارە ئاگادار دەکرێتەوە، بۆیە وەزارەتیش دەستگیریان دەکات.

زانیاری زیاتر لەلاپەڕە (٥)دا بخوێنەوە



# پەرلەمانتارێك وەڵامی دەزگای پاراستنی پارتی دەداتەوە

**زانیار محەمەد**

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەوەڵامی روونکردنەوەیەکی دەزگای پاراستنی پارتیدا کەپەرلەمانو حکومەتی بەهۆکاری یەکنەگرتنەوەکەی دەزگا ئەمنییەکان تۆمەتبار کردبوو، رایدەگەیەنێت دەزگا ئەمنییەکانو یەکێتیو پارتی هۆکارن نەک پەرلەمانو حکومەت.

نەریمان عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان بەدەستووری وت «پەرلەمان پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر دەزگاکانی ئاسایش بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام دەزگاکان خۆیان کاریان بۆ یەکگرتنەوە نەکردووە».

ئەوپەرلەمانتارە روونکردنەوەکەی ئاژانسی پاراستن رەتدەکاتەوەو پێیوایە کەدەزگاکان خۆیان مەیدانی کاریان بۆ یەکگرتنەوە نەکردووەو وتی «بۆیە ئەوان بەرپرسنو ئەگەر یەکیانبگرتایەتەوە، نەحکومەتو نەپەرلەمان ڕێگرییان ناکەن».

نەریمان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، لە١ی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە شەش مانگ دیاریکراوە بۆ یەکگرتنەوەیان، بەو پێیەش ئێستا نزیکەی ٢ مانگو ١٥ رۆژ ماوە بۆ یەکگرتنەوەیان.

لەروونکردنەوەکەی دەزگای پاراستندا داوا لەحکومەتو پەرلەمان دەکرێت بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشو پاراستنو زانیاری، بەڵام ئەندامەکەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەڵێت «کێشەکان کێشەی نێوان پارتیو یەکێتیین».

دووشەممەی رابردوو دەزگای پاراستنی پارتی لەروونکردنەوەیەکی توندیدا، هۆکاری یەکنەخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی خستە ئەستۆی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان.

# شوقەکانی زەکەریا هیچ جۆرە مۆڵەتێکی رەسمییان نییە

**محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی**

شوقەکانی زەکەریا عەبدوڵڵای گۆرانیبێژ کە بە (پاک سیتی) ناسراوەو رووبەری زەوییەکەی ١٤ دۆنمە، تائێستا مۆڵەتی شارەوانیو دەستەی وەبەرهێنانی نییە.

یاسین فەقێ سەعید سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەسلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «ئەو شوقانەی زەکەریا عەبدوڵڵا مۆڵەتیان نییە لەوەبەرهێنان، بەڵام ئەوان داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ وەبەرهێنان، بەڵام ئێمە مۆڵەتمان نەداونەتێ».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی بەوەشدا کە لەکاتی خۆیدا ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان نەکردووە کەمۆڵەتیان بدرێتێو ئینجا دەست بەکردنەوەیان بکەنو وتی «بۆیە بەبێ مۆڵەت کراونەتەوە».

یاسین فەقێ رایگەیاند «من نازانم ئەوە یاساییە یان نایاساییە، چونکە لەم حاڵەتانەدا کۆمپانیایەک دێت داواکاری پێشکەشی حکومەت دەکات ئەویش زەوی پێویستی دەداتێ».

دەستوور ئەوەی زانیوە کەئەو شوقانە تاوەکو ئێستا لەشارەوانیش هیچ جۆرە مۆڵەتێکیان نییەو لەبری ئەوەی بکرێنە قوتابخانەو بنکەی تەندروستی ئەو شوقانەیان لێدروستکراوە.

ئەحمەد رەشید بەڕێوەبەری هونەری شارەوانی سلێمانی، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات، بەبیانووی ئەوەی دەبێت بەنووسراوی رەسمی رەزامەندی لەسەرۆکی شارەوانی وەربگیرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو شوقانەی زەکەریا، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند «رووبەری زەویی ئەو شوقانە ١٤ دۆنمەو مۆڵەتی شارەوانیو دەستەی وەبەرهێنانی نییە». هەروەها وتی «لەساڵی ٢٠٠٤ ئەو رووبەرە زەوییە وەرگیراوەو دەبوو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی لێ دروستبکرایە، بەڵام تائێستا ئەوانەی تێدا دروستنەکراوەو بەشێکی زۆری رووبەری زەوییەکە، کراوەتە بینا».



## سەرهەنگ سولەیمانی.. جەنەڕاڵی بێ سێبەر

ئەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر ئێرانو هەندێک ئاماژە لەئارادایە لەبارەی ئەگەری ئەم سیناریۆیە، کەسایەتییەکی سەرەکی کە زۆر سەرچاوەی هەڕەشەیە لەلایەن تارانەوە جەنەڕاڵێکە لەناو سوپای پاسدارانو زۆر زانیاریی لەبارەوە نازانرێت تەنانەت لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆرئاواشەوە ... 04

## دەستوور فەزیحەیەکی دوو بەرپرسی کورد، لەکەرکوك ئاشکرادەکات

دوو بەرپرسی کوردی پارێزگای کەرکوک، کە کاری ڕێکخستنی حیزبی دەکەن لەناو دەزگاکانی پۆلیسی شاری کەرکوکدا، چەندین پارەیان بەناوی بەرزکردنەوەی پلەو جێگیرکردنی پلەکانیانەوە، لەچەندین ئەفسەری پۆلیسی کەرکوک وەرگرتووە، دوای ئاشکرابوونیشان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەستگیر دەکرێن... 05

## سوپای پاسداران، لەهێزێکی سەربازییەوە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتێك

رووداوە سیاسییەکانی ١٩٧٩ی ئێرانو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، وەرزێکی نوێی گۆڕانکاری گەورە لەپێکهاتەی هێزو سیاسەتی لەئێراندا خوڵقاندو سوپای پاسداران وەک نموونەیەکی بەرچاو لەم گۆڕانکارییانە لەدایکبوو... 08

## لەتورکیادا لەمەودوا کورد بەزمانی خۆی بانگەشەدەکات

شارەزایانی سیاسی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەنگاوەکانی پەرلەمانی تورکیا هەیە لەڕێگەپێدان بەبانگەشەکردن بەزمانی کوردی، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کەپارتەکان دەیانەوێت کوردەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن... 09



**ژیان ئیبراهم: بەلای منەوە شانۆ زۆر خۆشترە لە دراما** 10..



**لەیلا فەریقی گۆرانییەک بۆ فیلمی ٨٨ بەرهەمدەهێنێت** 11..

# ئەوانەی بەگرێبەست لەکۆمسیۆن دەوامدەکەن، دەکرێنە فەرمانبەری ڕەسمی

زانا ئەحمەد

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنێت کە ئەو کەسانەی لەکۆمسیۆن بەگرێبەست کاریان کردووەو توانیوانە بەشێوەیەکی رێکوپێک کارەکانیان رابپەڕێنن، بەبڕیارێکی کۆمسیۆن دەکرێنە فەرمانبەری رەسمی.

سەردار عەبدولکەریم لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "دوای ئەوەی وردەکارییەکانی هەڵبژاردن تەواودەبێت، سەرقاڵی ئەوەدەبین بەشێوەیەکی زۆر ورد بچینە بنجوبنەوانی ئەو کەسانەوە کەبەگرێبەست لای ئێمە کاریان کردووە، بۆئەوەی بزانین کێ شیاوی ئەوەیە بمێنێتەوە دەیهێڵینەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کەتوانیویانە لەماوەی رابردوودا کارەکانی خۆیان بەچاکی ئەنجامبدەن و سەرکەوتووبوون لەکارەکانیان، ئەوانە لای ئێمە دادەمەزرێنرێن و دەکرێنە فەرمانبەری رەسمی". هەروەها وتی "ئێمە زیاتر ئەو کەسانە دادەمەزرێنین کە لەهیچ دەزگایەکی تر ئیلتیزاماتیان نییە، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی تر کە کاری تریان هەیە، نابێت بمێننەوەو دەبێت بچنەوە بۆ شوێنی کارکردنی خۆیان".

سەردار عەبدولکەریم لەبارەی پەسەندکردنی کۆتایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە، رایگەیاند "پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی دوای ئەوە دەبێت کەدەستەی دادوەری سەر بەدادگای تەمیزی عێراق، هەموو تانەکان دەبینێ و بڕیاری پێویست بۆ هەرتانەیەک دەردەکات، دوای ئەوە دادگای فیدراڵی لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی دەستەی دادوەری بڕیاری پەسەندکردنی ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەدات". ئاماژەشی بەوەدا کەڕەنگە ئەوە بکەوێتە هەفتەی داهاتوو.

لەبارەی خەرجکردنی پارەی ئەو کەسانەی لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشێوەی گرێبەست کاریان دەکرد، رایگەیاند ئەگەر پارەکە لەبەردەستبێت زووتر خەرجدەکرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر پارەکە لەبەردەستدا نەبێت ئەوا رەنگە خەرجکردنی بۆ ماوەیەک دوابکەوێت و وتی "بەڵام بێگومان ئەمە دوای ئەو وردبینە تەواوە دەکرێت کە لەکارەکانی سەرجەم کارمەندانی وێستگەکاندا ئەنجامدەدرێت".

سەردار ئاماژەی بەوەشدا کەپارەی هیچکام لەو کارمەندانە نادرێت کەوێستگەکانیان بەهۆی ساختەکارییەوە رەتکراوەتەوە، ئەوەش وەک بەشێک لەرێوشوێنەکانی کۆمسیۆنە.

ئەو ئەندامەی کۆمسیۆن ئاماژەی بەوەدا کەئەو پارەیەی وەکو سزای قەوارەکان دەدرێتە کۆمسیۆن، نابێتە موڵکی کەس، بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.



# سکرتێرەکەی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکاران، لەرێکخراوەکەی دەرکرا

دەستوور

محەمەد جەمیل بەرپرسی میحوەری پێنجی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و سکرتێری ئەو رێکخراوە لەپارێزگای هەولێر، لەرێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکاران دەردەکرێت و رەوانەی ماڵەوە دەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکێشەکانی نێو کۆمەڵەی خوێندکاران لەلێدوانێکی تایبەتدا بەدەستووری وت "چەند رۆژێک لەمەوبەر محەمەد جەمیل ئاگادارکراوەتەوە لەوەی بڕواتە ماڵەوەو پێیانوتووە تۆ لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەرکراوی و پەیوەندیت بەو رێکخراوەوە نەماوە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە محەمەد جەمیل ئێستا لەماڵەوەیەو لەرێکخراوەکەی دەرکراوەو وتی "دەرکردنەکەشی بەبڕیاری مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە بووە".

لەژمارەی رابردووی دەستووردا راپۆرتێک لەبارەی کێشەکانی ناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بڵاوکرایەوە کەتیایدا ئەوە ئاشکراکرا کەکۆمەڵەی خوێندکاران دوو سکرتێری هەیەو محەمەد جەمیل لەهەولێرو سەردار حەمە عەلیش لەسلێمانی.

دەستوور چەند جارێک پەیوەندی بەسەردار حەمە عەلی سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە کرد، بەڵام هەرجارەو بەبیانوویەک ئامادە نەدەبوو لێدوان لەوبارەیەوە بدات.

# حکومەت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئاشتی هەورامی و فەلاح مستەفا نەکرد

مەعاز فەرحان

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، حکومەتی هەرێم تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەردانەکەی ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم نەکردووە کە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانیدا سەردانی تورکیای کرد.

ئەگەرچی بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لەکاتی کردنەوەی بازاڕی کاسۆ مۆڵ رایگەیاند ئاگاداری سەردانەکەی وەزیری سامانە سروشتییەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵام دوای هاتنەوەیان بەپێی زانیارییەکانی دەستوور هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەلایەن حکومەتەوە لەگەڵ نەکراوە.

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەبارەی سەردانەکەیەوە، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەسەر ئەو سەردانەی ئێمە بۆ تورکیا کاک نێچیرڤان قسەی کردووە، بۆیە من نامەوێت هیچ قسەیەک لەوبارەیەوە بکەم".

دەستوور پەیوەندی بەکاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمەوە کرد، بەڵام ناوبراویش ئامادە نەبوو لەو بارەیەوە لێدوان بدات.

پەرلەمانتار گۆران ئازاد، لەلیستی کوردستانی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی وەزیر لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، بۆیە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران بەدوای هۆکارەکانی ئەو سەردانەدا بگەڕێت".

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی وت "ئەگەر سەردانەکەی سەردانێکی وەزاری بووە بۆچی حکومەت لێی ئاگادار نەبووە، هۆکارەکانی بڕواپێکراون یان نا، ئەمە پێش هەموو لایەک دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەم پرسە یەکلاییبکاتەوە، دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوونی سەردانەکەی کرد و گەیشتە بڕوایەک کەسەردانەکە پاساوەکانی دروستەو یاساییە ئەمە حەقی خۆیەتی، ئەگەر حکومەت پێشی باش بوو بیخاتە پەرلەمان ئەوکاتە پەرلەمان قسەیەکی لەسەر دەکات".

گۆران ئازاد ئاماژەی بەوەشکرد کە تائێستا هۆکاری سەردانەکەی ئاشتی هەورامی دیار نییە، پەرلەمانیش دەتوانێت لەشێوەی پرسیارێکدا بەدواداچوون بۆ ئەو سەردانە بکات.

# ١١١ پاسەوانی ئەندامانی لیستی برایەتی، ماوەی ٤ مانگە موچەیان پێنەدراوە

زانیار داقوقی

١١١ پاسەوانی ئەندامانی لیستی برایەتی کەرکوک، ماوەی ٤ مانگە موچەیان پێنەدراوە، بەو هۆیەشەوە بەشێک لەئەندامانی لیستی برایەتی بەناچاری پاسەوانەکانیان رەوانەی ماڵەوە کردووە.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە گرێبەستی ١١١ پاسەوانی تایبەت بۆ ئەندامانی لیستی برایەتی پارێزگای کەرکوک نوێدەکاتەوە، بەڵام ئەمساڵ ماوەی چوار مانگە هیچکام لەو پاسەوانانە موچەیان وەرنەگرتووە.

کامەران کەرکوکی ئەندامی لیستی برایەتی پارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "ماوەی ٥ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاکە، ٤ پاسەوانی تەرخانکردووەو ساڵانە گرێبەستەکانیانی نوێ دەکردەوە، بەڵام ئێستا بۆ ماوەی ٤ مانگە، بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمەوە موچەکانیان راگیراوە".

کامەران وتی "زۆربەی ئەندامانی پارێزگای کەرکوک لیستی برایەتی ناتوانن خۆیان موچە بۆ پاسەوانەکانیان دابین بکەن، بۆیە پاسەوانەکانیان دەنێرنە ماڵەوەو بەو هۆیەشەوە ئەندامانی لیستی برایەتی ناتوانن بەباشی کاروچالاکییەکانیان ئەنجامبدەن".



# تائێستا بەناوی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کابینەی پێنجەمەوە کاردەکرێت




کاروخ نامیق لەسلێمانی

لەگەڵ تێکەڵکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزارەتی رۆشنبیری لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا، بەڵام تا ئێستاش هەر بەناوی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کابینەی پێنجەمەوە کاردەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی، تائێستاش لەژێر ناوی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کابینەی پێنجەمدا کاردەکات، بەڕێوەبەرەکەش دەڵێت رەنگە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان وەک خۆی بمێنێتەوەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت.

دڵشاد حەمە ئاغا بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی وەک خۆی ماوەتەوەو هیچ گۆڕانێک بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکەماندا نەهاتووە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە تەنها لەناو وەزارەت نەبێت چەند گۆڕانێکی کەمی تێدا دەکرێت بەهۆی تێکەڵکردنی ئەو دوو وەزارەتەو وتی "بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا وەزارەتی رۆشنبیرو لاوان خەریکی داڕشتنی دەستوورێکی تازەیە بۆ وەزارەتەکە بۆئەوەی چالاکییەکانی بگونجێت لەگەڵ ئەم وەزارەتە تازەیە".

محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەدەستووری وت "پرۆژەکان بۆ تێکەڵکردنی هەردوو وەزارەت ئامادەکراوەو ئێستا لەپەرلەمانە".

ئاماژەشی بەوەدا کەیاسای هەردوو وەزارەت هەمواردەکرێت بۆئەوەی کارەکانیان پێکەوە بکەن.

# بودجە، بەدڵی دەسەڵاتو گلەیی ئۆپۆزسیۆن پەسەندکرا

## دەسەڵات: کەموکورتییەکان چارەسەرکران، گۆڕان: پێشنیارەکانمان ڕەتدەکرانەوە، یەکگرتوو: بەرپرسیارێتی ئەو بودجەیە هەڵناگرین

گۆرانو مەعاز

دوای مشتومڕو دواکەوتنێکی زۆر، دوێنی پەرلەمانی کوردستان بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی پەسەندکرد، ئۆپۆزسیۆن دەڵێت هەموو داواکارییەکانمان ڕەتکرانەوەو بەرپرسیارێتی کەموکورتییەکان هەڵناگرین، دەسەڵاتیش دەڵێت کەموکورتییەکانی بودجە چارەسەرکران.

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان، دەڵێن لایەنی دەسەڵات لەوکاتەی گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکرا، پێشنیارەکانی ئەوانیان ڕەتدەکردەوەو بودجەش "بەکەموکوڕی پەسەندکرا"، لایەنی دەسەڵاتیش ئاماژە بەوە دەکەن کەکەموکورتییەکانی بودجە چارەسەرکراوەو ئەوەی کردوویانە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بووە.

لیستی کوردستانی ئاماژە بەوەشدەکات کە بەشێکی زۆر لەمادەکانی بودجە، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەنگی بۆ دراوە.

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان پێیوایە هەر لەسەرەتای گفتوگۆکانەوە، لەسەر بودجە ناڕۆشنی لەسەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆو دەرەوەو چۆنیەتی دابەشکردنو خەرجکردنیاندا هەبووە.

کاردۆ محەمەد بەدەستووری وت "تائێستا لەبودجەی تەشغیلیدا موچەخۆرو فەرمانبەر بەڕوونی دیارنییە کەچەندەو چەندی بۆ خەرجدەکرێت، جگە لەوەی حیزبیو تایبەت خراوەتە ناو پرۆژەکان".

ئۆپۆزسیۆن رایدەگەیەنێت کە بەپێی ئەو بودجەیە تائێستاش لەهەرێمی کوردستاندا چەند دەزگاو دامەزراوەیەک بەشێوەی دوو ئیدارەیی ماونەتەوەو یەکیاننەگرتووەتەوە.

کاردۆ محەمەد وتی "بەپێی ئەو بودجەیەی پەسەندکراوە، تائێستا دوو ئیدارەیی لەدەزگاکانی دیوانی چاودێری داراییو ئاسایشو دەزگاکانی میندا ماوە، پێویست بوو لەماوەی شەش مانگدا ئەو دەزگایانە یەکبخرێن، کەچی ئەوە نەکرا"، هەر دوێنێ دوای پەسەندکردنی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە، فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان کەخاوەنی ٦ کورسییە، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەیان بەوەداوە کە لەسەرەتای هاتنی بودجەوە بۆ پەرلەمان وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو ناڕازیبوون.

کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێن "لەبەرئەوەی بودجە چوار مانگ دواخراوە، کاتێکیش گەیشتووەتە پەرلەمان کەموکورتیو کەلێنی زۆری تێدابووە کە بەپەرلەمان پڕنەدەکرایەوەو لیستی دەسەڵاتیش بەگەڕانەوەی بودجە بۆ حکومەت ڕازینەبووە".

لەبەشێکی تری ئەو ڕوونکردنەوەیەدا هاتووە "هەڵوێستی سیاسی لەپشت دواخستنو هێنانو بردنی بودجەوە بووە، سەرەڕای نکۆڵیکردنی لایەنەکان لەو مەسەلەیە".

دوێنی هەریەکە لەکوتلەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی دەنگیان بۆ بودجە نەدا، کە ٣٢ پەرلەمانتاریان لەکۆی ٣٥ پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

لیستی کوردستانی، رایدەگەیەنن کەبڕگە بەبڕگەو مادە بەمادەی بودجەکە خوێنراوەتەوەو دەنگی بۆ دراوە، بەڕای ئەوان ئەوە بووەتە هۆی نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی بودجە.

ئیسماعیل مەحمود ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە لەو ماوەیەی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بودجە کردووە، بەشێک لەو کەموکورتییانەی ناو پرۆژەیاساکە چارەسەرکراوە، وتی "ناڵێم کەموکورتی لەناو پرۆژە یاسای بودجەدا نەبووە، بەڵام کاتێک بودجە گەیشتووەتە پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەرکراوە بڕگە بەبڕگەو مادە بەمادەی ئەو یاسایە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە قسەی لەسەرکراوەو خراوەتە دەنگدانەوە".

هەروها وتی "زۆربەی مادەکانیش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەنگی پێدراوە".

"کەموکوڕییەکان چارەسەرکراوە، ئەگینا ٧٢ ئەندام پەرلەمان دەنگیان بۆ ئەو پرۆژە یاسایە نەدەداو پەسەند نەدەکرا"، ئیسماعیل وای وت.

گەورەترین ڕەخنەو گلەیی کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی لەوەدایە کە تائێستاش لەناو بودجەدا داهاتی نەوتو سامانە سروشتییەکان دیارنییەو هاتووە "بودجە بۆ پرۆژەی حیزبیو کەرتی تایبەتو دەزگای ڕاگەیاندنی دەسەڵات تەرخانکراوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت بەرپرسیارێتی هیچ کەموکورتییەکی ئەو بودجەیە لەئەستۆ ناگرنو بە"ناڕەواو ناڕاستمان زانی کەدەنگ بەو پرۆژەیە بدەین".

لیستی گۆڕان دەڵێن داوامانکرد یاسای ژمارە ٤ی زیندانە سیاسییەکان کە لەعێراق جێبەجێدەکرێت لەهەرێمیش جێبەجێبکرێت (موچەی زیندانیانی عێراق زیاترە لەهی کوردستان)، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا.

کاردۆ محەمەد وتی "کاتێک دەمانوت با ئەو مەسەلەیە بخرێتە دەنگدانەوە سەرۆکی پەرلەمان دەیوت نابێت بخرێتە دەنگدانە با پرۆژەیاسا هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر بخرایەتە دەنگدانەوە دەبوایە لیستی دەسەڵات دەنگی پێبدایە کە ئەوکاتە خەڵکی لێدەوروژا".

سەمیر سەلیم ئەندامی لیژنەی دارایی وتی "هەندێک بودجەی تەرخانکراو هەبوو کەسەرچاوەکانی دیارنەبوو لەوانە ٤٥٠ ملیۆن دیناری تواناسازیو ١٥٠ ملیار دیناری دروستکردنی قوتابخانەی نمونەییو ٤٢٠ ملیاری سندوقی نیشتەجێبوونو پشتگیری سندوقی پیشەسازیو کشتوکاڵی، بەڕاستی ئەوانە سەرچاوەکانی داهاتیان دیارنییەو لەدەرەوەی بودجەیە".

لای خۆیەوە ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، د. سەباح بەرزنجی وتی "ناهاوسەنگی لەپرۆژەیاسای بودجەدا هەبووەو پرۆژەی حیزبی خرابووە ناو بودجەوە، لایەنی ئۆپۆزسیۆنو بەشێک لەئەندامانی کوردستانییش لەگەڵ ئەوەدابوون ئەو خاڵانە لاببرێن، بەڵام لانەبراون".

قادر حەسەن ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان، بەدەستووری وت "ئەوانەی بەشداری هەموو گفتوگۆکانی پرۆژەیاسای بودجەیان کردووە، پێویستە لەسەرئەنجامەکەشی ڕازیبن".

هەروەها وتی "ئەوەی کردوومانە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بووە، بەتایبەت لەبەرژەوەندی توێژی هەژاران".



# یەکێتیو پارتیو دەزگا ئەمنییەکانیان، بەهۆکاری یەکنەگرتنەوە تۆمەتباردەکرێن

## پەرلەمانتارێک: دەزگا ئەمنییەکان خۆیان نایانەوێت یەکبگرنەوەو پارتیو یەکێتیش ڕێگرن

زانیار محەمەد

تائێستا دەزگا ئەمنییە گرنگەکانی وەک ئاسایشو پاراستنو زانیاری لەکوردستان یەکیاننەگرتووەتەوەو پەرلەمانتارێکیش رایدەگەیەنێت کەخودی دەزگا ئەمنییەکانو یەکێتیو پارتیش ڕێگری دەکەن لەو یەکنەگرتنەوەیە.

دووشەممەی ڕابردوو دەزگای پاراستنی پارتی لەڕوونکردنەوەیەکی توندا، هۆکاری یەکنەخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی خستە ئەستۆی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان.

پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانیش دەڵێت "یەکێتیو پارتی ڕێگری لەیەکگرتنەوە دەکەنو دەزگا ئەمنییەکانیش خۆیان بەرپرسنو نایانەوێت یەکبگرنەوە".

ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ئەو دەزگایانە بەنایاسایی دەزانێتو ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە حیزب دەستوەردەداتە کاروبارەکانی حکومەتەوەو ئاماژە بەوەشدەکەن کەیەکێتیو پارتی دەزگا ئەمنییەکانیان دەیانەوێت هەر لەژێر چنگی خۆیاندابێت.

لەڕوونکردنەوەکەی ئاژانسی پاراستندا هاتووە "پێویستە حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان پەلەبکەن لەهەموارکردنو پەسەندکردنی یاسای نوێ، ئەوکاتە پرۆسەی یەکگرتنەوە بەئاسانی دەکرێت".

عیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "نازانین کێ بەرپرسە لەیەکنەگرتنەوەی ئاسایش، ئێمە پرۆژەیاسایەکمان ئامادەکردووەو ئاراستەی حکومەتو پەرلەمان کراوە، بەڵام نازانین چی لێ بەسەرهاتووە".

هەروەها وتی "ئێمە ئامادەین لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیاسایەدا یەکبگرینەوە"، بەڵام ئامادەنەبوو وردەکاریی پرۆژەیاساکە ئاشکرابکات.

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "پەرلەمان پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر دەزگاکانی ئاسایش بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام دەزگاکان خۆیان کاریان بۆ یەکگرتنەوە نەکردووە".

ئەو پەرلەمانتارە ڕوونکردنەوەکەی ئاژانسی پاراستن ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە کەدەزگاکان خۆیان مەیدانی کاریان بۆ یەکگرتنەوە نەکردووەو وتی "بۆیە ئەوان بەرپرسنو ئەگەر یەکیانبگرتایەتەوە، نەحکومەتو نەپەرلەمان ڕێگرییان ناکەن".

هەریەکە لەدەزگاکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی لەکوردستان، تائێستا بەیەکگرتووی بودجەیانە نەناردووەو بەیەکگرتوویش یاسایان یەکنەخستووە بۆ یەکگرتنەوەیان.

نەریمان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی، لە١ی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە شەش مانگ دیاریکراوە بۆ یەکگرتنەوەیان، بەو پێیەش ئێستا نزیکەی ٢ مانگو ١٥ ڕۆژ ماوە بۆ یەکگرتنەوەیان.

لەڕوونکردنەوەکەی دەزگای پاراستندا داوا لەحکومەتو پەرلەمان دەکرێت بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشو پاراستنو زانیاری، بەڵام ئەندامەکەی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەڵێت "کێشەکان کێشەی نێوان پارتیو یەکێتیین".

جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەوان لەپرۆژەیاسای یەکگرتنەوەدا هەرچییان پێشنیازکردبێت ئەوە دەخوات، ئێمە هەرچییەک بڵێم گرنگی نییە.

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ پێیباشە دەزگاکانی ئاسایشو پاراستنو زانیاری، لەژێر چەتری وەزارەتێکی نوێدا یەکبخرێنەوە، چونکە "ئەو دەزگایانە پێکهاتەی جیاوازو سەربەخۆ لەخۆدەگرن".

لەلایەکی ترەوە حاکم قادر حەمەجان بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی سلێمانی پێیوایە هیچ گرفتێک لەبەردەم یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایشدا نییە، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە، ئەو یەکگرتنەوەیە دواکەوتووە.

لەبارەی پرۆژە یاسای یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش حاکم قادر رایگەیاند بەپێی پرۆژەکە دەزگای یەکگرتووی ئاسایش سەر بەئەنجومەنی وەزیران دەبێتو دەسەڵاتەکانیشی لەتاوتوێکردنی پرۆژەیاساکەدا لەپەرلەمان دیاریدەکرێت.




www.arshivakurd.org



سامان گەرمیانی: پارتییە ئەسڵییەکان ئیلتیزام بەرێککەوتننامە ستراتیژییەکەوە دەکەن لاپەڕە٧

# گورزە گەورەکە بەر کورد کەوت

## کوردەکان لەئێستاوە بیر لەگۆڕینو هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەنەوە

**کاروخ نامیق لەسلێمانی**

لایەنە کوردییەکان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان گورزی گەورەی لێداون، ئەوان دەڵێن چەندین کورسیمان بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە لەدەستداوە.

دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانو دەرکەوتنی ئەنجامەکان، لیستە کوردییەکان نارازین لەو یاسایەی کە هەڵبژاردنەکەی ٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێئەنجامدرا، ئەگەرچی ئەوان خۆیان لەگەڵ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایەدابوون بەو شێوەیە.

لیستی هاوپەیمانی کوردستان کاتێک یاساکە هەموارکرایەوە، وەکو دەستکەوت بۆ خەڵکی عێراقو کوردستانیان وەسفکرد، بەڵام ئێستا دەڵێن یاساکە زیانی زۆری لێداوین.

حاکم فەرهاد رەسوڵ کاندیدی دەرچووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی بەدەستووری وت "کەموکوڕی زۆر لەیاساکەدا هەبوو، بەهۆی ئەو یاسایەوە چەند کورسییەکمان لەدەستداو زەرەرمەندبووین".

لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لەهەردوو گەورەترین حیزبی کوردستانی (پارتیو یەکێتی)و چەند حیزبێکی بچوکی تر پێکهات، رایدەگەیەنن کە تێبینییان لەسەر چەند خاڵێکی یاساکە هەیە، لەوانە شێوازی هەڵبژاردنەکە کەنیمچە کراوەبوو، لەگەڵ کۆتای ژنانیش. حاکم فەرهاد وتی "کۆتای ژنان بەجۆرێکی باش رێکنەخرابوو". هەروەها وتی "ژن هەبووە دە هەزار دەنگی هێناوە دەرنەچووە، بەڵام هەبووە بە ٢٠٠ دەنگ چووەتە پەرلەمان"، "ئێمە لەوەشدا زەرەرمەندبووین".

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بیرکارییانە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، دەریدەخات کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەنگی هەر کورسییەکی لیستێک بۆ لیستێکی تردا هەیە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، بۆ لیستی عێراقییە ٣١ هەزارو ٣٣٨دەنگ پێویست بووە بۆ هێنانی کورسییەک، بەڵام بۆ لیستێکی وەکو کۆمەڵی ئیسلامی کە خاوەنی ٢ کورسییە، ٧٦ هەزارو ٨٢٠ دەنگ بۆ کورسییەک پێویستبووە.

لێکۆڵینەوەکە کە لەلایەن دکتۆر نزار ئەحمەد کە شارەزایەکی عێراقییە، لەئەمریکا ئامادەکراوەو تێیدا باس لەکەموکوڕییەکانی یاسای هەڵبژاردن دەکاتو تێیدا هاتووە "نرخی هەر کورسییەک بەدابەشکردنی کۆی دەنگەکانی لیستێک کە هێناویەتی بەسەر ژمارەی ئەو کورسییانەدا کە لەهەڵبژاردندا بردوونیەتییەوە دیاریدەکرێت".

لیستی گۆڕان کە توانی ٨ کورسی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەدەستبهێنێت، ئەوانیش رایدەگەیەنن کە لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا زەرەرمەندبوون.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان، لەهەر پارێزگایەکدا لیستو قەوارەکان ئەگەر نەتوانن دەنگی پێویست بۆ هێنانی کورسییەک بەدەستبهێنن، ئەوا تەواوی دەنگەکانیان لەو پارێزگایەدا دەسوتێت، ئەوەش رێگە بۆ پەرشوبڵاوبوونەوەی دەنگەکان زیاتر خۆشدەکات.

بایەزید حەسەن کاندیدی دەرچووی لیستی گۆڕان بەدەستووری وت "لەهەندێک پارێزگادا دەنگی زۆرمان هێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی ناگاتە کورسییەک ئەو دەنگانەمان سووتاوە، لەکاتێکدا ئەگەر کۆبکرایەتەوە چەند کورسیەکی ترمان دەهێنا".

بایەزید حەسەن رایگەیاند فرەبازنەیی زۆر زیانی لەکورد داوەو وتی "ئەگەر عێراق یەک بازنەبوایە دەنگەکان بەو شێوەیە پەرشوبڵاو نەدەبووەوە".

بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان، کورسییە قەرەبووەکان دەدرێت بەو لیستانەی کە زۆرترینی دەنگەکان بەدەستدەهێنن، بەلای لیستی گۆڕانو لیستە بچوکەکانی تری کوردستانەوە لەوانە یەکگرتوو و کۆمەڵ، لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە. بایەزید وتی "ئەوەش یەکێکە لەکەموکورتییەکانی تری یاساکە، دەبوو کورسی قەرەبووکردنەوە بدرێت بەو لیستەی زۆرترین دەنگی هێناوە، بەڵام نەیتوانیوە کورسی بهێنێت".

بایەزید کە لەخولی پێشووشدا ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوو، وتی "ئەوکاتەی یاساکە پەسەندکرا، لەبەرئەوەی کات نەمابوو، بۆیە بەو کەموکوڕییانەوە، تێپەڕێنرا".




که دەستوور هەموارکرا بەدەستکەوت وەسفیانکرد، ئێستاش نارازین لێی

بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان عێراق دابەشکرا بەسەر ١٨ بازنەی هەڵبژاردنداو شێوازی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەوکرا، یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت بەهۆی ئەو شێوازەوە زیانی زۆریان لێکەوتووە.

بەکر حەمەسدیق کاندیدی دەرچووی یەکگرتوو لەسلێمانی بەدەستووری راگەیاند "یاسای هەڵبژاردنەکان بەشی زیاتر لەسێ کورسی لەدەنگەکانمانی سوتاند، بەڵام لەهەڵبژاردنی پێشوودا دەنگمان کەمتر هێنابوو، پێنج کورسیمان هەبوو، لەم هەڵبژاردنەدا لەگەڵ ئەوەی نزیکەی سەد هەزار دەنگمان زیاتر هێناوە کەچی کورسیەکانمان دابەزیوە بۆ چوار کورسی". بەکر حەمەسدیق وتی "دەنگێکی زۆرمان لەهەر چوار پارێزگاکە بەفیڕۆ چووەو چووەتە گیرفانی لیستە بەهێزەکانەوە".

"ئەم یاسایە، یاسای پاراستنی بەهێزەکانە دژی لاوازەکان"، بەکر وای وت.

لیستە کوردییەکان لەئێستاوە دەڵێن ئیش بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە دەکەینو لەم خولەی پەرلەماندا دەبێت یاساکە هەمواربکرێتەوە.

بەکر حەمەسدیق بەدەستووری وت "ئێمە داوای هەمواركردنەوەی یاساکەدەین، بەتایبەتی شێوازی هەڵبژاردن لەلیستی کراوەوە بگۆڕێت بۆ لیستی داخراو".

حاکم فەرهاد وتی "ئەم هەڵبژاردنە بوو بەدەرس بۆ ئێمەو بیر لەوە دەکەینەوە یاسایەک دابنرێت کە بەڵکی هەموو عێراق بێت" حاکم فەرهاد هەروەها وتی "ئەوەی ئەم یاسایە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم یاسایە رێگەی بۆ ساختەکردن ئاسانکرد". نمونەشی بەوە هێنایەوە "لەکەرکوک هیچ مەنتقێکی تێدانییە لیستی عێراقییە بتوانێت شەش کورسی بهێنێت". هەروەها وتی "ئیش لەسەر ئەوەشدەکەین کۆتای ژنان بەجۆرێک بێت نەبێتە مایەی زیان بۆ کاندیدەکانی تر".

کۆمەڵی ئیسلامی رایدەگەیەنێت کە ٣٥ هەزار دەنگیان بەهۆی ئەو یاسایەوە سووتاوە، بەرپرسێکی ئەو حیزبەش دەڵێت "ئەگەر یاسای هەڵبژاردنەکان نەبوایە کورسی سێیەممان مسۆگەربوو".

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، بەدەستووری وت "ئەو یاسایە تاڕادەیەک پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتییەت".

د. شۆرش حەسەن مامۆستای یاسای دەستووری لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەقازانجی حیزبە کوردستانییەکان نەبوو بەتایبەتی حیزبە بچوکەکان.

د. شۆرش حەسەن وتی "یاساکە چەندین کەموکورتی تێدایە لەوانە ئەگەر دەنگدەر ناچار نەبوایە دەنگ بەلیستەکە بدات ئەوە هەندێک حیزب نەیدەتوانی رێژەیەکی زۆر کورسی بهێنێت".

لەنمونەی کەموکوڕییەکان شۆڕش ئەوەشی وت "کاندید هەیە لەلیستە بچوکەکان دەنگی زۆر زیاتری هێناوە لەکاندیدێکی لیستێکی گەورە، بەڵام دەرنەچووە چونکە دەنگی لیستەکەی بۆ نەهاتووەتەوە".

شۆڕش حەسەن پێشنیار بۆ کورد دەکات کە دەبێت داوای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بکاتو وتی "لەبەرئەوەی یاساکە زیاتر بەلای لیستی داخراودایە لەکاتێکدا هەموو کوردو لایەنە عێراقییەکان داوای ئەوەیان دەکرد هەڵبژاردن بەلیستی کراوە بێت".

### نرخی کورسییە بەدەستهاتووەکان لەعێراق بەمشێوەیەیە:

- لیستی عێراقییە ٢ ملیۆنو ٨٢١ هەزارو ٨٢٣ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٣١ هەزارو ٣٣٨ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی دەوڵەتی یاسا ٢ ملیۆنو ٧٩٧ هەزارو ٦٢٤ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٣١ هەزارو ٤٣٣ دەنگ بۆ کورسییەک.
- ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی ٢ ملیۆنو ٩٥ هەزارو ٣٥٤ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٢٩ هەزارو ٥١٢ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی ١ ملیۆنو ٦٥٨ هەزارو ٤٨٩ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٤٠ هەزارو ١٣٠ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی گۆڕان ٤٨٧ هەزارو ١٨١ دەنگی هێناوە کە دەکاتە ٦٠ هەزارو ٨٩٧ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی تەوافوق ٣٠٢ هەزارو ٤٧٧ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٥٠ هەزارو ٥٧٩ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی یەکێتیی عێراق ٣١٤ هەزارو ٨٢٣ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٧٨ هەزارو ٧٠٥ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ٢٤٧ هەزارو ٣٦٦ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٦١ هەزارو ٨٤١ دەنگ بۆ کورسییەک.
- لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ١٥٣ هەزارو ٦٤٠ دەنگی هێناوە، کە دەکاتە ٧٦ هەزارو ٨٢٠ دەنگ بۆ کورسییەک.

# دەستوور فەزیحەیەکی دوو بەرپرسی کورد، لەکەرکوك ئاشکرادەکات

## چەندین پارەیان لەئەفسەرانی پۆلیسو دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک کۆکردووەتەوە بەناوی بەرزکرنەوەو جێگیرکردنی پلەکانیان

**شۆڕش خالید**

دوو بەرپرسی کوردی پارێزگای کەرکوک، کە کاری رێکخستنی حیزبی دەکەن لەناو دەزگاکانی پۆلیسی شاری کەرکوکدا، چەندین پارەیان بەناوی بەرزکردنەوەی پلەو جێگیرکردنی پلەکانیانەوە، لەچەندین ئەفسەری پۆلیسی کەرکوک وەرگرتووە، دوای ئاشکرابوونیشان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەستگیر دەکرێن.

بەپێی چەند زانیارییەک کە دەستوور لەسەرچاوەیەکی باڵای ئەمنییەوە لەپارێزگای کەرکوک دەستیکەوتووە، دوو بەرپرسی کورد کە یەکێکیان یەکێتییەو ئەوەی تریشیان پارتییە، بەپلەی نەقیبو عەقید، ماوەیەکە لەرێگەی تۆڕێکەوە لەناو وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە، کاری وەرگرتنو کۆکردنەوەی پارە دەکەن لەناو ئەفسەرانی پۆلیسی ئەو پارێزگایەدا، بەو هۆیەشەوە چەندین پارەیان لەئەفسەرانی پۆلیسی پارێزگای کەرکوک کۆکردووەتەوە، بەبیانووی ئەوەی پلەکانیان بۆ بەرزدەکەنەوە، یان جێگری دەکەن.

ئەو سەرچاوە ئەمنییە بەدەستووری وت "ئەو دووکەسە یەکێکیان پلەی نەقیبی هەیە بەناوی (ە)و ئەوەی تریشیان پلەی عەقیدی هەیە بەناوی (ک)و بەهاوکاری لەگەڵ تۆڕێکی هاوکار لەناو وەزارەتی ناوخۆ تائێستا چەندین پارەیان لەئەفسەران کۆکردووەتەوە".



بەپێی زانیارییەکان کە دەست دەستوور کەوتووە، ئەو دوو کەسە هەردووکیان کاری رێکخستن دەکەن بۆ حیزبەکانیانو لەرێگەی مولازمێکەوە بەناوی (ئ)و هەروەها کەسێکی پلە باڵای ناو وەزارەتی ناوخۆ کە پلەی عەمیدی هەیە بەناوی (غ) ئەو کارەیان کردووە. سەرچاوەکە وتی "ئەمانە وەکو تۆڕێکی هاوبەشو هاوکاری یەکتر، ئەو کارە دەکەن، ئەگەرچی تائێستا پلەی چەند ئەفسەرێکی کەمیان بەرزکردووەتەوە، بەڵام پارەیان لەچەندین کەسیش وەرگرتووە کە تائێستاش پلەکانیان نەبەرزکراوەتەوە، نەجێگیرکراوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئەو دوو کەسەی کوردن لەکەرکوک تەنها کاریان وەرگرتنی پارەکان بووە لەئەفسەرانی پۆلیس، ئەوانی تریش هەوڵیانداوە لەناو وەزارەتی ناوخۆدا ئەوەندەی بتوانن ئەو پلانە جێگیر یان بەرزبکەنەوەو پارەکانیش بۆ خۆیان دابەشبکەن.

دەستوور زانیویەتی ئەو دوو بەرپرسە دوای ئەوەی چەند رۆژێک لەمەوبەر سەردانی وەزارەتی ناوخۆ دەکەن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە کارەکانیان ئاشکرا دەکرێتو هەردووکیان دەخرێنە زیندانەوە، بەڵام دوای ئەوەی ٣ کاتژمێر زیندانی دەکرێن، هەوڵێک بۆ ئازادکردنیان دەدرێتو ئازاد دەکرێن.

سەرچاوەکەی دەستوور وتی "بەڵام ملازم (ئ)، کە کاری لەنێوان ئەو دوو بەرپرسە کوردەو ئەو عەمیدەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرد، ئێستا زیندانی کراوەو تائێستاش ئازاد نەکراوە".

بەپێی زانیارییەکان ئەو دوو بەرپرسە لەهەر ئەفسەرێک ١٨٠ هەزار دیناریان وەرگرتووە، ئەمە جگەلەوەی کە چەندین پارەی تریان لەئەفسەرانی پلەبەرز وەرگرتووە بۆئەوەی کارەکانیان بۆ رایی بکەن. هەروەها سەرچاوەکە وتی "بەپێی زانیارییەکان زۆربەی ئەوانەی لەلایەن ئەو دوو کەسەوە کارەکانیان بۆ رایی کراوە، لەدەزگاکانی زانیاریو پاراستنن".

دەستوور زانیویەتی کە ئەوکاتەی ئەو دوو بەرپرسە کوردەی ناو رێزەکانی پۆلیس دەچنە وەزارەتی ناوخۆ، لەلایەن بەرپرسێکی پلەباڵای تورکمانی ناو رێزەکانی پۆلیسەوە وەزارەت لەو کارە ئاگادار دەکرێتەوە، بۆیە وەزارەتیش دەستگیریان دەکات.

# سەرهەنگ سولەیمانی.. جەنەڕاڵی بێ سێبەر



د. فەریبۆرز ساریمی

ئەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر ئێرانو هەندێک ئاماژە لەئارادایە لەبارەی ئەگەری ئەم سیناریۆیە، کەسایەتییەکی سەرەکی کە زۆر سەرچاوەی هەڕەشەیە لەلایەن تارانەوە جەنەڕاڵێکە لەناو سوپای پاسدارانو زۆر زانیاریی لەبارەوە نازانرێت تەنانەت لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆرئاواشەوە.

ئەو جەنەڕاڵە سەرهەنگ قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی دەستەبژێرو زۆر نهێنی هێزی قودسە، کە ماوەیەکی زۆرە پیاوێکی شاراوەیە لەپەیکەربەندی دەزگای هەواڵگریی ئێرانداو مەتەڵێکیشە بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمریکا.

لەمانگی ئاداری ٢٠٠٨دا، سەرهەنگ سولەیمانی دەرکەوت، کاتێک ناوبژیوانی ئاگربڕێکی لەنێوان میلیشیای مەهدی سەر بەموقتەدا سەدرو هێزە ئەمنییەکانی سەر بەسەرۆک وەزیران نوری مالیکی کرد، ئەو دەمەی خەریکبوو لایەنگرانی موقتەدا راپەڕینێکی فراوان بەرپا بکەن، هەروەها پێشتر سولەیمانی سەرقاڵی فرۆفێڵی سیاسی بووە لەعێراق، لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، لەسەروبەندی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەوەتەی رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣ شکستیهێنا بەپلانێکی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی ئەیاد عەلاوی بەسەرۆک وەزیرانی ئینتیقالی کە شیعەیەکی لایەنگریی خۆرئاواو هاوکاریی پێشووی CIAیە لەدەسەڵاتدا، دوو گروپی شیعەی لایەنگری ئێرانییەکانی یەکخستو بەنهێنی پارەی دەدانیو لەبانگەشەی هەڵبژاردندا هاوکاری دەکردن، بەم شێوەیە عەلاوی هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند، ئاستی زیادبوونی نفوزی ئێران لەعێراقو پلانی ئەو کارە بەوەدا دەردەکەوێت وەکو باسی لێوەدەکرێت خامنەئی، سولەیمانی راسپارد بۆ دروستکردنی تۆڕێکی نهێنی لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٠٢ بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر وڵاتەکەدا لەگەڵ رووخانی سەدامدا، ئەمە شەش مانگ بەر لەداگیرکردنی عێراق بوو لەلایەن ئەمریکاوە.

ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق کە هاوپەیمانێتی هەموو شیعەیەو لەلایەن سەرۆک وەزیران نوری مالیکییەوە سەرکردایەتی دەکرێت (عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی لیستەکە بوو - دەستوور)، لە ٢٠٠٥وە کۆنترۆڵی پەرلەمانییان کردووە، لەمانگی ئابی ٢٠٠٩ هەرەسیهێنا، حیزبە سەرەکییەکانی شیعە کە جاری پێشوو هاوپەیمانێتیان لەگەڵ مالیکیدا کردبوو، لەژێر هەژموونی هێزی قودسو قاسم سولەیمانی هاوپەیمانێتییەکی نوێیان پێکهێنا بەناوی هاوپەیمانیی نیشتمانی عێراق کە موقتەدا سەدریشی تێدایە ئەنجامێکی باشی لەهەڵبژاردنەکەی ٧ی ئاداردا بەدەستهێنا. سەدرییەکان کە لەژێر هەژموونی راستەوخۆی هێزی قودسن پێگەی خۆیان باش کردووە.

راپۆرتی لێپرسراوانی ئەمریکا باس لەدەستپێکردنەوەی جموجوڵی هێزی قودس لەناو عێراق بەمەبەستی بەهێزترکردنی لایەنە شیعەکان دەکات، هەندێک جبەخانەی شاراوەی گەورە ئاشکرابووە، بەتایبەتی لەباشووری عێراق کە دوو لەسەر سێی یەدەگی نەوتی عێراق دەکەوێتە ئەو ناوچانەوە، بڕێک لەو چەکانە مارکەی ئێرانیان پێوەیەو دەریدەخات لەساڵی ٢٠٠٨ رەوانەکراونو رکابەریکردنی ئێران بۆ مالیکی دەخاتەڕوو، رەنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی باشووریش بێت کە شیعەکان باڵادەستن تێیدا، بەمەش جارێکی تر قاسم سولەیمانی کە راستەوخۆ لەلایەن ئایەتوڵڵا خامنەئییەوە سەرپەرشتی دەکرێتو تەنیا راپۆرت بۆ ئەم رابەرە رۆحییە دەنێرێت رۆڵێکی دەگمەن لەرووداوەکانی ناو عێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێڕێت.

### کەی هێزی قودس دامەزرا؟

هێزی قودس لەقۆناغی یەکەمی جەنگی ئێران-عێراق وەکو هێزێکی تایبەت بەجموجوڵ لەپشت هێڵەکانی دوژمن دامەزراوە، راستەوخۆ ئایەتوڵڵا خومەینی لێکۆڵینەوەی لەجموجوڵەکانی کردووە. نفوزی هێزی قودسو سولەیمانی چەند ناوچەیەکی دوور دەگرێتەوە بەرەو وڵاتانی کەنداو، سوریا، لوبنان، ئەفغانستان، فەلەستین، بەشێوەیەکی سەرەکی لەرێی پەیوەندییەکان لەگەڵ حیزبوڵڵا، حەماس، رێکخراوی جیهادی ئیسلامی فەلەستین، بەرەو ئەورووپاو ئاسیا بەگشتیو بەتایبەتی ئەمریکای لاتین، بەپێی سەرچاوە هەواڵگرییەکان، سولەیمانی خۆی بەنهێنی سەرکردایەتی کارەکانی قودسی لەبۆسنە لەماوەی جەنگی بەڵقان لە ١٩٩٠کاندا کردووە، راپۆرتە هەواڵگرییەکانی بەریتانیا دەڵێن ٢٠٠ راوێژکاری یەکەی جموجوڵی قودس لەو ماوەیەدا لەبۆسنە بوون.

ئەفسەرەکانی قاسم سولەیمانی پشتیوانی لۆجستیان پێشکەشی تۆڕی جموجوڵی ئەورووپای قاعیدە لەبۆسنە کردووە، وەکو دەزانرێت، ئەفسەرەکانی قودس لەزاگربی پایتەختی کرواتیا بوون، لەبۆسنەو کرواتیا رێکخراوی قاعیدە لەپەیوەندیدا بووە لەگەڵ تۆڕی جموجۆڵەکانی ئەورووپای قاعیدە، دوای ١٩٩٦ سولەیمانی سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ هاوپەیمانێتی باکوور کردووە کە گردبوونەوەیەکی سەرکردەی میلیشیاکانی ئەفغانستان بوو شیعەکانیشی تێدابوو و بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لەدژی تاڵیبان دەجەنگا بەرلەوەی ئەمریکاو CIAو هەواڵگری وەزارەتی بەرگری بگەنە ئەوێ، هێزی قودسی سەرهەنگ سولەیمانی رۆڵێکی پڕبایەخی گێڕا لەدروستکردنی حیزبوڵڵا دوای داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرایلەوە لە١٩٨٢دا، سولەیمانی پەیوەندی بەتینی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبوڵڵا دروستکرد، بەتایبەتی لەگەڵ کۆچکردوو عیماد موغنیە، لێپرسراوی ئەمنییەتی بزووتنەوەکەو تۆمەتبارکراو بەوەی عەقڵ دارێژەری شەپۆلی تەقینەوە خۆکوژییەکان بووە لەساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەدژی ئیسرایلو ئەمریکییەکان. قاسم سولەیمانی تاڕادەیەکی زۆر تێوەگلاوە لەجەنگی تەممووزی ٢٠٠٦ی نێوان ئیسرائیلو حیزبوڵڵاو هەندێک کەس لەو بڕوایەدان لەماوەی شەڕەکە لە دۆڵی بیقاعی لوبنان بوویێت.

لەگەڵ حیزبوڵڵا، جموجوڵی هاوبەشیان لەعێراق هەیە.

هێزی قودسو حیزبوڵڵا لەساڵی ٢٠٠٣وە بەیەکەوە کاردەکەن لەپاڵپشتیکردنی توندڕەوە شیعەکان لەناو عێراقو کۆکردنەوەیان لەرێکخراوێکی هاوشێوەی حیزبوڵڵا، لێپرسراوانی سەربازی ئەمریکا وای بۆ دەچن لەرابردوودا هێزی قودس هەموو مانگێک بایی ٧٥٠ هەزار دۆلار بۆ ٣ ملیۆن دۆلار پارەو پێداویستی بۆ ئەو گروپانە دابین کردبێت.

هێزی قودسو حیزبوڵڵا لەگروپی بیست بۆ شەست کەسی وەکو یەکەیەک یان شانەیەکی نهێنی یاخود گروپی تایبەتی، مەشقو راهێنانیان بەعێراقییەکان کردووە، عێراقییە مەشقپێکراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیانو کار بۆ رێکخراوەکانیان دەکەنو شارەزای چۆنییەتی تەقاندنەوەی بەری زرێپۆشو هاوەنو موشەک دەبن لەپاڵ کاری هەواڵگرییو بەکارهێنانی قەناسەو کاری رفاندن.

### هێزی قودسو جموجوڵەکانی لەسودان

وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، یەکەکانی جموجوڵی قودس تەنیا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست چالاک نین، بەڵکو لەهەندێک بەشی ئەفەریقاو ئەمریکای لاتینیش، لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئێران نەوتو کۆمەکی گەشەپێدانی پێشکەشی حکومەتە نوێیەکەی خەرتوم ـ سودان کرد. لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان گەیشتنە ئاستی گۆڕینەوەی باڵیۆز، زۆر بەخێرایی سودان لەهەندێک لایەنەوە بووە پاشکۆی ئێرانو ناوەندێک بۆ جموجوڵەکانی هێزی قودس.

بەپێی راپۆرتێکی کۆنگرێسی ئەمریکا ئەو وڵاتە بووە ناوەندێکی دابەشکردنی چەکی ئێرانی بەسەر رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان، سەدان کەس لەئەندامانی سوپای پاسدارانو هێزی قودس لەخەرتووم نیشتەجێبوون.

حکومەتەکەی سەرۆک بەشیر لەلایەن هاوپەیمانەکانیەوە پشتیوانی لێدەکرا، حەسەن ئەلتورابی شوێنی داڵدەدانی بۆ ئەندامانی ژمارەیەکی زۆری گروپە جۆراوجۆرە توندڕەوەکان دابینکرد: ئەبونیزاڵ، حەماس، جیهادی ئیسلامی فەلەستینی، بەرەی ئیسلامی رزگارکردنی جەزایر، نەهزەی تونس، سوپای پاسدارانو هێزی قودسیش لەژێر چاودێری وەزارەتی ئیتڵاعات مەشقو راهێنانیان پێدەکردن، ئێران زۆر بەئاشکرا ئەوەی خستەڕوو کە بایەخ بەفراوانی گروپە ئیسلامییەکان لەئەفەریقا دەدات، پێشتر ئێران نفوزی زۆری لەوڵاتەکانی کینیا، سەنیگال، سۆمالو زیمبابۆی هەبوو.

### هێزی قودسو وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئێران

رەنگە لەسەرەتاوە فراوانبوونی نفوزی ئێران تا ئەمریکای باشوورو ئەفەریقا بەئاسایی وەربگیرێت، بەڵام نابێت کەم بایەخ بکرێت. ئێران سەرکەوتووانە وڵاتە هاوپەیمانەکانی لەئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی چەک لەسەرچاوەی دەرەکی، بەکاریان دەهێنێت بۆ لاوازکردنی گەمارۆو سزاکانی سەر چەکو کاڵاکانی تر، بەهاوکاریی هێزی قودس سەقامگیریی وڵاتەکانی دراوسێی هاوپەیمانەکانی تێکدەدات، وەکو کۆلۆمبیا کە هاوپەیمانی ئەمریکایە، هەروەها ئەو وڵاتانە بەکاردەهێنێت وەکو بنکە بۆ پەلاماری تیرۆریستی لەلایەن ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان پێدەدرێت، لەراستیدا یەکەی جموجوڵی قودس لەتوانایدایە پەلاماری تیرۆریستی لەئەمریکای باشوو رێکبخات وەکو ئەوەی ئێران لەساڵی ١٩٩٤ ئەنجامی دا.

جموجوڵی بەرفراوان لەسەر سێکوچکەی سنوریی نێوان ئەرجەنتین، بەرازیلو پاراگوای لەبەرژەوەندی تۆڕە تیرۆریستییەکانی وەکو جەماعەی ئیسلامی، جیهادی میسری، حیزبوڵڵا، حەماسو قاعیدە دەستپێکردووە، ئەمە لەکاتێکدا زۆرینەی رەوەندی موسڵمانی ئەو ناوچەیە سوننە مەزهەبنو شیعەکان نیوەی موسڵمانەکانی فۆز دێ ئیگوازا، کە شارێکی سنووریی بەرازیلەو گەورەترین رەوەندی موسڵمانی لێیە، پێکدەهێنن، لەراستیدا ژمارەیەکی زۆر لەو تیرۆریستانەی پیلانیان داڕشتوە یان بەشدارییان لەجموجوڵەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەمریکا کردووە، بۆ ماوەیەک لەناوچەی سنوری هاوبەشی هەر سێ دەوڵەتەکە بوون، بەدڵنیاییەوە ئەندامانی فەیلەقی قودسی قاسم سولەیمانی بنکەیان لەو ناوچەیە هەیەو ئامادەن بۆ جموجوڵی تێکدەرانە.

### فەیلەقی قودس بەرپرسیارە لەهەموو جموجوڵە نهێنییەکانی دەرەوە

هێزی قودسی سەرهەنگ قاسم سولەیمان بەرپرسیارە لەهەموو جموجوڵە نهێنییەکانی رژێمی تاران لەدەرەوە، هەر لەدروستکردنی شانەی نووستوو لەسەرانسەری جیهان کە ئەگەر زۆرە چالاک ببێت لەحاڵەتی هێرشکردنە سەر ئێران، کاریان تیرۆرکردنی دوژمنانی ئەو رژێمەو دابینکردنی پارەو چەک دەبێت لەگەڵ راهێنانی میلیشیاکانی وەکو حیزبوڵڵا، حەماسو جیهادی ئیسلامی فەلەستینی یان سوپای مەهدی لەعێراق.



### قاسم سولەیمان پێگەیەکی دیاری لەناو ئێراندا هەیە

پیاوێکی وەکو سەرهەنگ سولەیمانی دەستڕۆیشتوو بەسەر ئیتڵاعاتو مەسەلە جموجوڵە نهێنییەکان، پێگەیەکی دیاری لەناو هێزی ئێرانو دامەزراوە ئەمنیو هەواڵگرییەکاندا هەیە، قاسم سولەیمانی گۆشکراوی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەو زۆرینەی تەمەنی پیشەکەی لەناو جموجوڵەکانی سوپای پاسداراندا بەسەربردووە.

سولەیمانی پشتیوانییەکی بێسنووری لەلایەن ئایەتوڵڵا خامنەئییەوە بەهۆی جموجوڵە نهێنییەکانیەوە لەسەرانسەری جیهان لێدەکرێتو کەسایەتی سەرەکی ئەنجامدانی ئەو جموجوڵانەیە.

هێزی قودس هەرگیز گوێ بەسیستمی نێودەوڵەتیو یاسای نێودەوڵەتی ناداتو تەنیا چاوی لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی ئێرانو مەبەستەکانی رابەری رۆحی ئێران ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئییە.

ئێستا پرسیارێک لەئارادایەو ئەوەیە ئایا ئیدارەی ئۆباما کە تا ئەم دواییانە خۆی پابەندکردبوو بەسازدانی دیالۆگ لەگەڵ ئێران، رووبەڕووی قاسم سولەیمانی یان یەکەی جموجوڵەکانی قودس دەبێتەوە.

* د. فەریبۆرز ساریمی شیکەرەوەیەکی سەربازیی سیاسیو وتەبێژە بەناوی دامەزراوەی ئازادیگان لەئەورووپاو ئەندامی کۆمەڵەی توێژینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی (ئیسا)یە لەواشنتۆن. لەهەمان کاتدا هاوبەشی لەشیکردنەوە تایبەتییەکانی کاروباری دەرەوەو بەرگریو جیۆستراتیژیی سەکۆی جیهانی دەکات.

**نووسەر ئەم بابەتەی تایبەت بەرۆژنامەی دەستوور ئامادەکردووە**

## پرۆفایلی قاسم سولەیمانی

**دەستوور:** لەبەرئەوەی قاسم سولەیمانی کارەکانی لەپشت پەردەوەیە بۆیە دەزگاکانی هەواڵگری خۆرئاواش باس لەکەمی زانیارییەکانیان دەکەن لەبارەی ئەم پیاوەوە کە هەندێک جار بەپاڵەوانی ئێران ناودەبرێت. لەو بارەیەوە سایتی ماکلاچی ئەمریکی لەوتارێکدا بەناونیشانی (قاسم سولەیمانی پاڵەوانی ئێران) نووسیویەتی: "ئەو راپۆرتانەی لەبارەی ژیانی سولەیمانییەوە بڵاوکراونەتەوە سادەنو لێپرسراوێکی سەربازیی ئەمریکاش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە واشنتۆن زانیاری زۆری لەبارەی ژیانییەوە نییە".

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەلایەن سەرچاوە هەواڵگرییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، سولەیمانی لەبنەڕەتدا لەخانەوادەیەکی سادەی پارێزگای کرمانی پیشەسازیی ئێرانەو لەشاری قوم لەدایکبووە.

لەسەرەتای ١٩٨٠ پەیوەندی بەسوپای پاسدارانەوە کردووەو بەشداریی لەشەڕی عێراق-ئێراندا کردووە، دواتر بەهۆی متمانەکردن پێیو بەو پێیەی یەکێک بوو لەدە فەرماندە سەربازییە گرنگەکانی سەر سنوور، پۆستی بەرزی پێدراوە.

لێپرسراوانی سەربازی ئەمریکا لەو بڕوایەدان، سولەیمانی لەساڵانی ١٩٩٦ بۆ ١٩٩٧ مەشقو راهێنانی بەچەکدارە عەرەبەکان لەبۆسنە کردووە بۆئەوەی رەوانەی سنووری ئێران-ئەفغانیان بکەن بەمەبەستی نانەوەی ئاژاوە لەنێوان شیعەکانی ئێرانو تاڵیبانە سوننە مەزهەبەکان کە حکومی ئەو وڵاتەیان دەکرد.

دوای ماوەیەکی کەم، عەلی خامنەئی رابەری شۆڕشی ئێران لەپۆستی فەرماندەی هێزەکانی قودس دایناوە.

ئەو سیاسەتمەدارە عێراقیانەی لە ٢٠٠١ کاریان لەگەڵکردووە دەڵێن: لەو کاتەوە سولەیمانی بەرپرسیاری بەڕێوەبردنی جەنگی هەواڵگریی ئێران لەدژی عێراق بووە.

گەرچی کەسێکی ناسراو نییە لەناو ئێراندا، بەڵام سەرکردایەتی سەربازی ئێران بەپاڵەوانێکی نیشتمانی لەقەڵەمی دەداتو هەندێک وێنەی کەمی لەکەناڵە تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاوبووەتەوە کە لەگەڵ هەندێک لێپرسراوی حکومەتدایە لەبۆنە نیشتمانییەکانی وەکو جەنگی عێراق-ئێران.

یەکێک لەو لێپرسراوە عێراقییانەی لەسولەیمانیەوە نزیکە، بەسایتەکەی وتووە "قاسم کەسێکی نهێنی نییە هەروەکو باسی لێوەدەکرێت، ژنی هێناوەو چوار منداڵی هەیە".

ئەم پیاوە وەکو کەسێکی سەرنجڕاکێشو بوێرو خاوەن توانای قسەکردن وەسفدەکرێتو دەسەڵاتی خۆی بەکارنەهێناوە بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی سەرەڕای ئەوەی پۆستێکی هەستیاری هەیە.

لەبەشێکی تری وتارەکەیدا ماکلاچی نووسیویەتی: لەهاوینی ٢٠٠٦و لەماوەی شەڕی ٣٣ رۆژەی نێوان ئیسرایلو حیزبوڵڵای لوبنان، سولەیمانی وەکو نوکتە بەیەکێک لەهاوڕێکانی وتووە (عێراق بەجێدێڵێتو بۆ هاوکاریکردنی حیزبوڵڵا لەو جەنگە بەرەو لوبنان بەڕێدەکەوێت).

هەروەها بەکەسێکی مەترسیدار لەقەڵەم دەدرێت کە قوربانی بەژیانی دەیان هەزار عێراقی بێتاوان لەپێناو بەرژەوەندی ئێران لەجەنگەکەیدا لەدژی ئەمریکا داوەو ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا دەڵێن: لەحاڵەتی هەر هێرشێکی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەی، سولەیمانی پەنا بۆ نانەوەی ئاژاوەو توندوتیژی لەناو عێراقو پەلاماردانی هێزەکانی ئەمریکاو عێراق لەناو عێراقدا دەبات.

بەپێی سایتە ئەمریکییەکە، ئێرانییەکان باش دەزانن کە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ناتوانن بەر بەپیلانەکانیان لەناو عێراقدا بگرنو یەکێک لەکەسە نزیکەکانی فەرماندەی سوپای قودس وتوویەتی: ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت بەر بەرووداوەکانی ناو عێراق بگرێت، دەبێت لەو بارەیەوە لەگەڵ سولەیمانی قسە بکات.

# ...ـنامە ستراتیژییەکەوە دەکەن"

ڕێکخستنی هەبێت، ئەگەر یەکێتی چوار کادری باشی هەبێت ناکەتە بارتەقای ئەو دوو ڕێکخراوە؟

**سامان گەرمیانی:** پێموایە لەمەودوا ئێمە دەبێت بیربکەینەوە لەکادرە باشەکانی خۆمان لەناو حیزبدا، بێگومان ئێمە کۆمەڵێک کادری باشمان هەیە کارناکەن، ڕۆڵی باشیان لەناو خەڵکدا هەیە، لەناو خوێندکاراندا کادری باشمان هەیە، بەڵام ڕەنگە هێشتا دەرفەتی ئەوە نەبووبێت بێنە پێشەوە، دەکرێت لەداهاتوودا بێنە پێشەوە.

**دەستوور:** هەستناکەیت ئەم میکانیزمەی ئێستا ڕێگرە لەدەرکەوتنی کادری باش؟

**سامان گەرمیانی:** ئەوەی پێشتر کراوە لەبارودۆخێکی تایبەتدا بووین،

> وەك ئەنجومەن وامانلێکردووە خەریکە ببێتە شتێکی عەیبە کەباسی تەکەتول بکرێت

لەبارودۆخێکی ململانێی تایبەتدا، پێموایە لەوێدا گەندەڵی دروستبووە، لەو ململانێیو تەکەتولەدا هەرکەسەو کۆمەڵێک خەڵکی خستووەتە ژێر باڵی خۆی، کۆمەڵێک خەڵکی سودمەند، بەداخەوە دەڵێم ئەگەر تەماشای حیزب بکەیت، تەماشای دەسەڵات بکەیت، دەسەڵات دەتوانێت خەڵک بەئاقاری باشدا ببات، دەشتوانێت بەئاقاری خراپیدا ببات، هەر ئەم حیزبە، یان ئەم حکومەتە دەتوانێت خەڵک بەئاراستەی ئیسلامی سیاسیدا بەرێت، دەشتوانێت بەئاراستەی سۆسیالیزمو دیموکراسیدا ببات، بەڕاستی دەسەڵات زۆر دەوردەبینێت، ئێمە دەسەڵاتێک بووین پڕ لەململانێو تەکەتولات، دەسەڵاتێک بووین لەئاستی جەماوەردا کارمانکردووەو جەماوەرێکی زۆرمان هەبووە، خەڵکمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم ململانێی ناوخۆمان وایکردووە کە لەئەنجامی ململانێکەدا نەتوانی سیاسەتی گشتی خۆت بەجوانی پەیڕەو بکەیت، بۆیە ئەم کێشەیە وایکردووە بەشێکی پێیوابووە لایەنەکەی تر گەندەڵو خراپن، بەشەکەی تریش وایکردووە بڵێ لاکەی تر گەندەڵن، بۆیە هەردوولا کاریان لەسەر ئەو بارودۆخە کردووە، هەردولاش نەیانتوانیوە لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵکە گەندەڵەکاندا بکەن، بەڵام یەکێتی لەدوای جیابوونەوە بەخۆیدا چویەوەو پلینۆمی بەست.

**دەستوور:** بەپاساوی ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران بەهۆی ئەوەی لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا چالاک نەبوون کاریگەریان لەسەر خوێندکاران نەبووە، سکرتاریەتەکەیان سڕکرا (تجمید)، ئێستا کۆمەڵەی خوێندکاران دوو گروپن، گروپێکیان لەهەولێر لەژێر باڵێکی تردانو سکرتێرێکیان هەیە، ئەوانەشی لەسلێمانین لەژێر باڵێکی تردا سکرتێرێکی تریان هەیە، لەراپۆرتێکیشدا ئەوەمان بەوردی بڵاوکردەوە؟

**سامان گەرمیانی:** پێموایە بارودۆخی سیاسی وایکردووە ئەو جۆرە کێشانە هەبێت، ئومێدم وایە لەکۆنگرەدا هەموو ئەو خاڵانە یەکلابکرێتەوەو کاری لەسەر بکرێتو تازە بکرێتەوە، وای بۆ دەچم ئێمە حیزبێکینو دان بەهەڵەی خۆماندا دەنێین لەکاتێکدا هەڵە بکەین، دەبێت ئەوەش لەلایەن جەماوەرەوە بەهەند وەربگیرێت، تاکە حیزبین بەو شێوەیە بەشەفافانە باسی شتەکانی خۆمان دەکەین، ئەوەش تازەگەرییەکی تازەیە لەحیزبە کوردییەکاندا.

**دەستوور:** بەشێک لەو کێشانەی کە باڵی ریفۆرمو کاک نەوشیروان بەهۆیەوە لەیەکێتی جیابوونەوە، بەشێکی لەسەر دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی بوو، ئەوان دەیانوت لەبەرئەوەی مام جەلال لەبەغدایەو بەکاری سەرۆک کۆمارییەوە سەرقاڵە، با سکرتێر بەکەسێکی تر بسپێردرێت یان لانیکەم بەشێک لەدەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی جدیتر بەکەسێکی تر بسپێردرێت، ئایا لەکۆنگرەدا مام جەلال رکابەری دەبێت؟

**سامان گەرمیانی:** مام جەلال کەسێکە پێویستە وەکو کورد شانازی پێوە بکەین، ئەمڕۆ لەعێراقدا شیعەو سوننەو هەموو لایەنە سیاسییەکان بەسیستانیشەوە کە مەرجەعە پێیانوایە مام جەلال کلیلی سەقامگیرییە، پێموایە بۆ کوردستانیش کلیلی سەقامگیرییە، لەم قۆناغەدا مام جەلال بۆ کورد پێویستە، شانازیشی پێوەدەکەم مام جەلال سکرتێری حیزبەکەم بێت.

ئەو مەسەلەیەی تریش بۆ کۆنگرە دادەنێین، سیاسەتی گشتی مام جەلال دایڕێژاوە ئێمە وەکو دەزگایەک هەموو پێشنیارەکانی خەڵکمان لایە، زۆر وردبینین لەشتەکانماندا، بۆچوونی خەڵک بەهەند وەردەگرین، تائێستا ئەوەی قسەی ناوخەڵکی حیزبەکەمانە شانازی بەوەوە دەکەن مام جەلال سکرتێری حیزبەکەیە.

ڕاستە مام جەلال لەبەغداد بێت بەشێکی کارەکانی ئەم حیزبە وەکو پێویست بەڕێوەناچێت، بەڵام بەغداد بۆ کورد لەم سەردەمەدا کارێکی زیندووە، چونکە کێشەکانمان لەبەغدایە، مەسەلەکە ئەوەنییە، من بابەتەکە وەکو کورد سەیردەکەم.

**دەستوور:** دەوترێت با مام جەلال لەبەغداد بێت، بەڵام کەسێکی تر لەشوێنی ئەو بێت وەک کاک کۆسرەت یان د.بەرهەم، یان ئەوانی تر؟

**سامان گەرمیانی:** وایدەبینم مام جەلال دەسەڵاتی داوە، بەڵام دەبێت دەسەڵاتەکان وەک خۆی جێبەجێ بکەیت، ئێمە لەئەنجومەندا چاودێریان پێسپاردووین، ئەگەر وەکو ئەنجومەن هەموو ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ نەکەین، مام جەلال چی بکات.

**دەستوور:** مەبەستت ئەوەیە ئەو دەسەڵاتانەی بەو کەسانەی تریداوە وەک خۆی جێبەجێیان نەکردووە؟

**سامان گەرمیانی:** من واناڵێم، دەڵێم تائێستا لەجیابوونەوەدا بووین، هاتووین بەرەو کۆنگرە دەڕۆین، لەکۆنگرەدا ئەو شتانە باسدەکرێتو کاری لەسەر دەکرێت، یەکێتی بەرەو ئەوەدەچێت بیکەینە حیزبێکی دامەزراوەیی، کێشەی ئێمە بەدامەزراوەییکردنی ئەم حیزبەیە، ئەگەر دامەزراوە بوویت مام جەلال لەبەغداش بێت هی کێشەیەکت نابێت، تۆ کارێکی دامەزراوەیی دەکەیت، مام جەلال هێڵە گشتییەکە دادەنێت کە هێڵە گشتییەکە دانرا مام جەلالیش لەبەغداد بێت کێشەت نییە، کێشەکە ئەوەیە تائێستا حیزبەکەی ئێمە دامەزراوەیی نەبووە، ئەگینا پێموایە هەریەکە لەو هەڤاڵانەی تر کاردەکەنو ماندوودەبن، چونکە حیزبەکەمان حیزبێکی دامەزراوەیی نەبووە ئەو کەموکورتییانە زۆر بەزەقی دەبینرێت.

**دەستوور:** باسلەوە دەکەیت هەموو کێشەو گیروگرفتەکان بۆ کۆنگرە هەڵدەگرن، بەڵام لەناو خودی کۆنگرەشدا کۆمەڵێک کێشەی تر سەرهەڵدەدات، پێتوایە کۆبوونەوەی ئەم کێشانە بۆ ناو کۆنگرەو دروستبوونی کۆمەڵێک کێشەی تر چارەسەری بنەڕەتی یەکێتی بکات؟

**سامان گەرمیانی:** لەناو پلینۆمدا باوەڕناکەیت بەچ شێوەیەک ئەندامانمان هەڵوێستیان هەبووە، بەڕاشکاوانە بەرامبەر مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی هەموو شتەکان بەڕوونی باسکراوەو قبوڵکراوەو کاری لەسەرکراوە، یەکێک لەوانە ئەنجومەنی ناوەند بووە کە نۆ ساڵە قسەی لەسەرکراوە کەجێبەجێنەکراوە، ئەمجارە ئەوە بوو پلینۆم پێداگری لەسەرکردووەو جێبەجێکرا، پێموایە کۆنگرەش بەهەمان شێوە دەبێت، ئەندامەکانی یەکێتیش زۆر زیندوون، هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی هەیەتی لەئاستی سەرەوەدان، کەس بەهێندەی یەکێتی کادری بەتوانای نییە، بەڵام بەحکومی ململانێیەکانی ناو یەکێتی زۆربەیان نەهاتوونەتە پێشەوە، بۆ خۆم لەململانێ بێزاربووم، نەمویستووە ئەو کارە بکەمو خۆم بەدوورگرتووە کە یەکێتی هاتوو ویستی خۆی چاکبکات هەموو کادرەکان ئامادەن کاری بۆ بکەن، بۆیە ئێستا دەیان کادری یەکێتی هاتوونەتە پێشەوە بۆئەوەی هاوکاربن یەکێتی چاکبکەن.

**دەستوور:** دەڵێن کێشەکە ئەوەیە بەبێ مام جەلال سەرکردەکانی یەکێتی ڕێکناکەونو کامیان ئیشەکان بەڕێوەبەرێت؟

**سامان گەرمیانی:** پێموایە ئەگەر یەکێتی دامەزراوە بێت هەمووی ڕێکدەکەوێت، چونکە ئەگەر دامەزراوە بێت من کاری خۆم دەکەم، ئەوانی تر کاری خۆیان دەکەن، دواتر دێیت دادەنشیت بزانی کێ کارەکانی خۆی جێبەجێنەکردووە، لەوەدا لێپرسینەوە دەبێت، بەڵام ئێستا کە کەس کاری خۆی نەزانێ کامەیە، ئەوا کەسیش تۆمەتبار نییە بەوەی ئیشی کردبێت یان نا، بۆیە پێموایە کۆنگرەی ئەمجارە وەک جارەکانی تر نابێت، کۆنگرەیەکی زیندوو دەبێت، بڕواشموایە ئەو ناتەواوییانە پڕدەکەینەوە.

**دەستوور:** ئەگەر یەکێتی نەبێت بەدامەزراوەو مام جەلال خۆی بۆ بەغداد تەرخان بکات، یاخود کۆچی دوایی کرد، یەکێتی چی لێدێت؟

> ئەنجومەنی یەکێتی توانیویەتی لەناو حیزبەکەدا جێگای خۆی بکاتەوە

**سامان گەرمیانی:** دڵنیام ئەمجارە لەکۆنگرەدا هەنگاوی زۆر باش دەنێین، گەشبینم بەوەی لەکۆنگرەدا کۆمەڵێک هەنگاوی تازە بنرێت کە خەڵک چاوەڕوانی دەکەن.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە دەڵێت ئەو ئەندامە تازانەی لەکۆنگرەدا بۆ سەرکردایەتی سەردەکەون بەهاوبەشی لەنێوان باڵو کوتلەکانی ناو یەکێتیدا دیاریدەکرێنو هەریەکەیان بەشی خۆیان دەبێت؟

**سامان گەرمیانی:** پێموایە ئەمجارە وانابێت، ئەمجارە لەسەر بنەمای ئەوەدەبێت ئەندامەکانی بەشداری کۆنگرە هەوڵدەدەن دوور لەتەکەتول خەڵکە باشەکان دەستنیشان بکەن، ڕاستە تەکەتول هەبووە، تۆ برادەرت هەیەو ئەو برادەری هەیەو حەزدەکات فڵان کەسی لەگەڵدا بێت بەو مانایە نییە ئەوە تەکەتولە، بۆ نمونە من پێموایە کە لەبوارێکدا کەسێک زۆر باش شارەزایە پێویستە لەو بوارە فڵانەکەس دابنێین، فڵانیش بیردەکاتەوە کە فڵانەکەس دابنێین بۆ ئەوە، ڕەنگە بکەوێتە موناقەشەوە کە کێ توانای باشترە، ئەگەر بڵێی ئەو ڕۆحیەتە بنبڕبکرێت، بنبڕناکرێت، بەڵام تائاستێکی زۆر باش بنبڕکراوەو کار بۆ ئەوەکراوە تەکەتول ببێتە شتێکی خراپ بۆ یەکێتیو هەموو ئەو برادەرانە کار بۆ ئەوە بکەین تەکەتول کەمبکەینەوەو نەیهێڵین.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی؟

> بۆ خۆم لەململانێیەکانی پێشووی ناو یەکێتی بێزاربووم، بۆیە خۆم بەدوورگرتبوو

**سامان گەرمیانی:** ئێمە لەگەڵ پارتیدا ڕێککەوتنێکی ستراتیژیمان هەیە، تائێستا ڕەنگە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە یەک دووجار کێشە هەبووبێت، ئەگینا کێشەمان نەبووە کە چارەسەر نەکرێت، وایدەبینم چ پارتی چ یەکێتی ئیلتیزامیان بەو ڕێککەوتنەوە کردووە، بەڵام دەکرێت بڵێم هەندێک کادر لەناو پارتیدا یان لەناو یەکێتیدا کە ڕەخنە دەگرن، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە یەکێتیو پارتی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژیەیان شکاندبێت.

**دەستوور:** هەندێک لەچاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەو ڕاپۆرتەی لەگوڵان بڵاوکرایەوە بۆچوونی پارتی بوو بەناڕاستەوخۆ، بۆئەوەی بۆچوونی یەکێتی بزانێت؟

**سامان گەرمیانی:** ئەوەندەی زانیاریم هەبێت چ کاک مەسعود چ مام جەلالیش پێیانباش نەبووە، بۆیە یەکێتیو پارتی پێکەوە کۆدەبنەوە بۆئەوەی سنوورێک بۆ ئەو کارانە دابنرێت، چونکە ئێمە هێشتا لەڕێککەوتنداینو ئیلتزامی پێوەدەکەین، لای خۆشمانەوە وەک یەکێتی ئیلتزامی باشمان پێوەکردووە، وەکو پارتی ڕاستە لەگوڵاندا هەندێک شت هەبوو، ئەویش ڕێگەی لێگیرا.

**دەستوور:** بۆچی یەکێتی خاڵ بەخاڵ وەڵامی ئەو ڕاپۆرتەی نەدایەوە، چونکە ئەوە لەلای خەڵک وەک حەقیقەت تەماشا دەکرێت، جگە لەوەش وەک بەڵگەیەک دەمێنێتەوە؟

**سامان گەرمیانی:** ئێمە ئیلتزاماتی خۆمانکردووە، ئەوانیش وەک سەرۆکی پارتی بەگشتی باسیانکردووە، کاک فازل میرانی لەچاوپێکەوتنێکدا وتی هەندێک کەسمان هەیە لەناو پارتیدا بەو شێوەیە نییە، بەڵام

> یەکێتی بڕیاریداوە ئەمجارە لەکۆنگرەدا خەڵکی تازەو گەنجو ژنان ڕۆڵیان هەبێت

پارتییە ئەسڵییەکان پابەندن بەڕێککەوتنەکەوە.

**دەستوور:** پێتوایە لەناو پارتیشدا جۆرێک لەباڵو بۆچوونی جیاواز هەبێت؟

**سامان گەرمیانی:** من ئەوە نازانم، بەڵام ئەوەی لەچاوپێکەوتنەکەی کاک فازڵدا گوێم لێبوو ئەو وتی پارتییە ئەسڵییەکان ئەو بۆچوونەیان نییە، بەڵام ئەوانی تر بۆ چوونی تریان هەیە.

**دەستوور:** واتە پارتی ئەسڵیو عادی هەیە؟

**سامان گەرمیانی:** بەپێکەنینەوە.. من وا ناڵێنم بەڵام کاک فازڵ وایوت، وتی پارتییە ئەسڵییەکان پابەندن بەڕێککەوتنە ستراتیژییەکەوە، بەڵام ئەوانەی تر بۆچوونیان جیایە، وەکو یەکێتی هیچ دوو دڵ نینو بەردەوامین لەسەر ئەو ڕێککەوتنەو پارێزگاریشمان لێکردووە، پارێزگاریشی لێدەکەین تا ئەو کاتەی ئێمە ڕێککەوتووین لەسەری، ئەوکاتەش ڕەنگە تازە بکرێتەوە یان بەشێوەیەکی تربێت، بەڵام تا ئەوکاتە ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان دەبێتو دەیپارێزین.

**دەستوور:** هەستناکەیت ئەوەی پارتی تەنها مەسەلەی ڕاپۆرتەکە نییە، بەڵکو پارتی بەحکومی ئەوەی دەڵێ یەکێتی پێگەی بچوک بووەتەوە، وایدەبینێت زۆرینەی پۆستەکانیش بۆ خۆی بەرێت، بۆ نمونە تائێستا کاک کۆسرەت بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم دانەنراوە، پێشموایە ئەو مەسەلەیە هەرداخرا، یەکێتی لەوبارەیەوە بۆچوونی چیدەبێت؟

**سامان گەرمیانی:** بەڕاستی ئەو مەسەلەیە کۆمەڵێک شتی بەسەرداهات، جیابوونەوەی بەسەرداهات، دواتر هەڵبژاردنەکانی بەسەرداهات.

**دەستوور:** بەڵام ماوەکە زۆرە؟

**سامان گەرمیانی:** ڕاستە ماوەکە زۆرە، بەڵام بەڕاشکاوی دەڵێم ئێمە کۆنگرە دەبەستین بۆ تاوتوێکردنی هەموو ئەو پێشهاتانەی پێشمان هاتوون، ئەوەی داهاتووش کە چاوەڕواندەکرێت.

**دەستوور:** دەوترێت سەرۆکی هەرێم داوای لەیەکێتی کردووە کەسێکی تر بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم دیاریبکات وەکو کاک عەدنان موفتی، یان د.فوئاد مەعسوم لەبری کاک کۆسرەت؟

**سامان گەرمیانی:** تائێستا بەفەرمی شتی لەو شێوەیەم نەبیستووە کە پێشنیارکرابێت.

**دەستوور:** یەکێتی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی دایە پارتی کە دەبوو لەبەرامبەر ئەو پۆستەدا پارتی وەزیرێک بەیەکێتی بدات، بەڵام تائێستا ئەو پۆستەش نەدراوە؟

**سامان گەرمیانی:** لەڕاستیدا ئێمەو پارتی بۆ ئەو مەسەلانە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیمان هەیە پێکەوە، لەو حاڵەتەدا برادەرێک لەبەغداد بووبێت بۆئەوەی شوێنەکە بەجێنەهێڵێنو پڕیبکەینەوەو ئەویش لەو ئاستەدا بووبێت کە هەردوولامان لەو ڕوانگەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین کەمەسەلەی کورد لەمەسەلەی یەکێتیو پارتی گەورەترە، بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێم یەکێتی هەر بەو چاوە تەماشای کردووە، سەرۆکی حکومەت پۆستی یەکێتی بوو، بەڵام پێمانوابوو کاک نێچیر لەو قۆناغەدا سەرۆکی حکومەت بێت جیاوازییەکی نییە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی متمانەیەکی باش لەنێوان ئێمەو پارتیدا دروست ببێت.

**دەستوور:** دەوترێت پارتی کەمتر حساب بۆ یەکێتی دەکات کە هاوشانی بێت، بۆ نمونە کاک نێچیرڤان بارزانی ماوەی پێشوو سەردانی تورکیای کردوو دوو وەزیری لەگەڵ خۆی برد، بە چ سیفەتێک، بەلای تۆوە ئەمە جێی پرسیار نییە، یەکێتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا دەکات؟

**سامان گەرمیانی:** بەڵێ جێی پرسیارە، ڕەنگە قسەی لەسەرکرابێتو قسەشی لەسەر دەکرێت.

**دەستوور:** لەکۆنگرەدا شتێک هەیە بۆ بەدواداچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێوەو پارتی تا بزانن چ قازانجێکتان لێکردووەو چ زیانێک، تا بەمەسەلەی ڕێککەوتنی ستراتیژیدا بچنەوە بە چ شێوەیەک ڕێکەوتنەکە بمێنێتەوە؟

**سامان گەرمیانی:** بێگومان ئەوە بەشێک دەبێت لەو مەسەلانەی لەناو کۆنگرەدا باسدەکرێت کە بە چ شێوەیەک کاربکرێت، بەحکومی ئەوەی کاتێک لەقۆناغێکدا کارێک دەکەیت پێویستە دواتر کارەکەی خۆت هەڵسەنگێنی چ باش بووە چی خراپووە.

**دەستوور:** کۆنگرە بەمەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژییدا دەچێتەوە؟

**سامان گەرمیانی:** تا ئێستا ئێمە پێمان وانییە کە ڕێککەوتنی ستراتیژی زیانی پێ گەیاندبین، پێمانوایە بەردەوامبوونی لەقازانجمانە، پێم وانییە لەکۆنگرەدا بڕیاری کۆتاییهێنان یان هەڵوەشاندنەوەی بدرێت.

**دەستوور:** بەڵام کۆنگرە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی هەیە؟

**سامان گەرمیانی:** کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، بێگومان دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامە ستراتیژییەکەی هەیە.

> وایدەبینم یەکێتی کێشەی کادیری سیاسیو سەرکردەی بەهێزیشی هەیە

www.arsivakurd.org

# "پارتییە ئەسڵییەکان ئیلتیزام بەرێککەوتـ

## سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیر

**سامان گەرمیانی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێت ململانێی باڵەکانی حیزب، یەکێتی ماندوکردووە، دان بەوەشدا دەنێت کە باڵەکان کەسە گەندەڵەکانیان داڵدەداوە، دەڵێت ئەم باڵەی یەکێتی کە ماوەتەوە، لەکۆنگرەدا کێشەو کەموکوڕییەکان چارەسەردەکات. گەرمیانی، لەبارەی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتییەوە دەڵێت وەکو یەکێتی تائێستا پابەندن پێوەی، بەڵام لەکۆنگرەدا باس لەشێوازی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی دەکرێت.**



**دەستوور:** لەم هەڵبژاردنەدا ڕاستە یەکێتی دەنگی زیاتری لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ هێنا، بەڵام کۆمەڵێک کەموکورتی گەورە بینرا، چۆن لەئەنجامەکان دەڕوانن؟

**سامان گەرمیانی:** یەکێتی لەجیابوونەوەیەکی (ئینشیقاق) گەورەدا بووەو لەدوای ئەو جیابوونەوەیە، هەستانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، خەڵک لەڕۆژنامەو سایتەکاندا دەیاننووسی یەکێتی تەواوبوو، بەڵام تەماشا دەکەیت جوڵانەوەکە بەرەو سەرەوە دەڕوات، وردەوردە یەکێتی بەخۆیدا چووەتەوەو گەشەیکردووە، دەکرێت بڵێم هەنگاو بەهەنگاو کاری لەسەر دەکەین بۆئەوەی ئەو کێشانەی هاتووەتە پێش بەگشتی هەم مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی، لەکۆبوونەوەی ئەمجارەیدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەموکورتییەکان دەستنیشانکردووەو دەڵێن ئێمە میکانیزمی کارکردنەکەمان هەڵەی تیابووەو دانبەوەدا دەنێین، دیارە ئەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە حیزبێکی زیندووین.

**دەستوور:** پێش هەڵبژاردن دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی کۆنفرانسێکی بەستو کەسانی شارەزاو پسپۆڕیان بانگکردو دواتریش کۆمەڵێک ڕاسپاردەی دەرکرد، بەڵام ئەوەی دەوترێت ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە جێبەجێنەکراون، بۆیە یەکێتی لەهەڵبژاردندا تووشی ئەم کێشانە بوو؟

**سامان گەرمیانی:** ئەگەر تەماشای دوا بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بکەیت، ئاماژەی بەوەداوە کە لەڕووی تەکنیکییەوە هەڵەمان هەبووە، ئەمە حەقیقەتە، بەڵام وەک ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بۆچوونی خۆمان هەبووەو پێمانوابووە ژمارەی زۆری کاندید زیانمان پێدەگەیەنێت، دەکرێت ژمارەی کاندیدەکان کەمبکەینەوە، لەڕاستیشدا دانمان بەوەداناوە.

**دەستوور:** وەک ئەنجومەنی ناوەند بڕیارە هیچ کەسێک، یان مەکتەبێکی یەکێتی یاخود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بانگبکەن بۆ لێپرسینەوەو هۆکارەکانی ئەو هەڵەیەتان پێبڵێن؟

**سامان گەرمیانی:** ئێمە بڕیاری کۆنگرەمان داوە، حیزبێکیشین بەڕاکشاوانە قسە دەکەین، چۆن لەپلینۆمدا شەفافانە هەموو شتێک باسکراوە، ئەوەشمان بۆ کۆنگرە داناوە، ئەوەی گرنگ بێت بۆ حیزبەکەمان سودی لێوەردەگرین، ئەوەشی گرنگ نەبێت ڕەخنەی لێدەگرین.

**دەستوور:** لەپلینۆمدا لەلایەن بەرپرسانی یەکێتییەوە پەیمانی ئاکار واژۆکرا، ئێستاش هەستدەکرێت پێوەی پابەند نەبوون، بۆ نمونە دەڵێن زۆری کاندیدەکانی یەکێتی لەهەولێر پەیوەندی بەمەسەلەی باڵباڵێنەوە هەبووە، لەپەیمانی ئاکاریشدا بەڵێندرابوو ئەوە نەمێنێت، هەستناکەیت بەبەڵێنەکانەوە پابەندنەبوون؟

**سامان گەرمیانی:** پێموانییە مەسەلەی زۆری کاندیدەکان باڵباڵێنە بێت، وایدەبینم لەڕووی تەکنیکییەوە هەڵە هەبووە، چونکە لەدهۆک چوار کاندیدمان هەبوو دەنگیان نەهێنا، خۆ پەیوەندی بەتەکەتولەوە نەبووە، لەموسڵدا هەشت کاندیدمان هەبوو خۆ لەوێش پەیوەندی بەتەکەتولەوە نەبووە، ئەوەی من بۆیدەچم ڕەنگە ئێمە هەڵەیەکمان هەبووبێتو نابێت ئەوە دووبارە بکرێتەوە، وەک ئەنجومەنی ناوەندیش ڕەخنەمان لێگرتووەو پێشنیاری خۆشمان بەرزکردووەتەوە.

**دەستوور:** بەرپرسانی دەزگای هەڵبژاردن دەڵێن پێش ئەوەی ناوی کاندیدەکان بەکۆمسیۆن بدرێت ئەوان شێوازی دانانی کاندیدەکانیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتی ڕاگەیاندووە تا یەکێتی کورسی تەواوبهێنێت، بەڵام بەرپرسانی یەکێتی بەقسەی دەزگای هەڵبژاردنیان نەکردووە، ئەگینا کاندیدە پیاوەکانی یەکێتی پاشەکشەیان بۆ کاندیدە ژنەکانی پارتی نەدەکردو یەکێتی تووشی ئەو بارودۆخەی ئێستا نەدەبوو؟

**سامان گەرمیانی:** بەگشتی ئەو پرۆسەیە وادەبینم، لەڕووی تەکنیکییەوە هەڵەی تیابووەو مەکتەبی سیاسی بەدواداچوونی بۆ کردووەو لەڕێی ڕاگەیاندنی خۆیەوە ڕەخنەی ئاڕاستەی خۆی کردووە، لەناوخۆماندا واهەستدەکەین پێویستیمان بەوە هەیە کۆنگرە ئەو مەسەلانە یەکلاییبکاتەوە، ئێمە بتوانین خۆمان تازە بکەینەوە، پێموایە تازەکردنەوەی ئەمجارەمان جوڵانەوەیەکی زۆر تایبەت بەیەکێتی بدات، لەقۆناغە جیاجیاکانیشدا یەکێتی تووشی ئەم بەرزو نزمییە یان جیابوونەوانە (ئینشیقاق) بووە، ئەمە یەکەمجاری نییە، وای بۆ دەچم ئەمجارە یەکێتی هەستانەوەیەکی باش بەخۆوە دەبینێت.

**دەستوور:** بورهانی سەعید سۆفی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێت تائێستاش لەناو یەکێتیدا باڵباڵێن هەرماوەو ئەو کێشانەی هەولێریش هەر بەهۆی باڵباڵێنەوە بووە، بۆچوونی تۆ چۆنە؟

**سامان گەرمیانی:** وەک ئەنجومەن تەماشا دەکەم، لەگەڵ هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا پەیوەندیم باشەو ڕێز لەبۆچوونەکانمان دەگرن، تا هەردوو جێگری سکرتێری گشتیش، ئێمە شتەکانمان لەڕێی سکرتێری گشتییەوە ئاڕاستە دەکرێت، سەرەڕای هەموو ئەو شتانە مام جەلال کە گەڕاندوویەتییەوە بۆ مەکتەبی سیاسی، ڕۆژێک لەڕۆژان مەکتەبی سیاسی دژی بۆچوونەکانی ئەنجومەنی ناوەند نەبووە، بۆیە وادەبینم هەموو ئەو هەڤاڵانەی لەمەکتەبی سیاسیدان بەیەک دەنگ تەماشای ئەنجومەن دەکەن، ئەنجومەنیش دەزگایەکی چاودێریی حیزبیەو زۆر هەستیارە، هەموو هەڵەکانیش لەڕێی ئەنجومەنی ناوەندەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت هەر لەزاخۆوە تا خانەقین، هەموو ئەو هەڤاڵانە زۆر هاوکار بوونو هەستم بەباڵباڵێن نەکردووە، بۆیە هەستم پێنەکردووە پەیمانی ئاکار جێبەجێنەکرابێت.

**دەستوور:** بەبڕوای ئێوە لەپارێزگای هەولێر کەموکورتییەکان چی بوون، ئەگەر تەکنیکی بوون چی بوون، وەک بورهانی سەعید سۆفی دەڵێت بەهۆی ئەوەوە بووە دوو تەکەتولی جیابوونو هەریەکەیان کاندیدی خۆیان هەبووە؟

**سامان گەرمیانی:** من واینابینم، ئەوە حەقیقەتە ئێمە دەڵێین هەر لەهەولێردا نەبووە، بەڵکو ئەگەر تەماشا بکەین لەسەرتاسەری کوردستاندا ئێمە هەڵەی تەکنیکیمان هەبووە.

**دەستوور:** بۆچی لەپارێزگای سلێمانیدا کاندیدە ژنەکانی یەکێتی نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هۆکاری ئەمەیان چی بوو؟

**سامان گەرمیانی:** ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە تەکنیکییەکە، پارتی تەرکیزی کردبووە سەر دوو کاندید، بەڵام ئێمە تەرکیزمان کردبووە سەر ١٠ کەس، کێشەکە ئەوەیە، ئێمە نەهاتووین جیاوازی لەنێوان ئەندامەکانماندا بکەین، بڵێین لەسلێمانیدا هەشت کەسمان دەردەچێتو تەرکیز بخەینە سەر هەشت کەس، بۆئەوەی کەسەکەی ترمان دڵی نەئێشێ، ئەوە کێشەمان بووە، لەهەولێردا تەرکیز بکەینە سەر چوار کەسو بەڕێکخستنەکانمان بڵێین پێویستە ئەو چوار کەسە دەنگی بدرێتێ، پارتی وایکردووە، وتویەتی لەسلێمانیدا دەنگبدەن بەفڵانو فڵان، ئێمە ئەوەمان نەکردووە، ئەوەیە هەڵە تەکنیکییەکە.

**دەستوور:** سەرەڕای بوونی دەزگای هەڵبژاردنو بەستنی کۆنفرانسی تایبەت، بەڵام کە هەڵبژاردن کۆتاییهات، بینیمان شکستخواردووترین پلان پلانی یەکێتی بوو لەهەڵبژاردندا، کێ بەرپرسیارە لەجێبەجێنەکردنی ئەوانە، دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ دوو کەسدا بکرێت، خۆ ناکرێت هەمووی بێتاوان بێت؟

**سامان گەرمیانی:** ئەوەمان داناوە بۆ کۆنگرە، لەکۆنگرەدا ئەو مەسەلەیە تاوتوێدەکرێت.

**دەستوور:** مەسەلەیەکی تر

> سەردانەکەی نێچرڤانو بردنی دوو وەزیری حکومەت جێی پرسیارە، قسەی لەسەر دەکرێت

مەکتەبەکانە، پێشتریش ئەو گفتوگۆیە هەبوو لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرەکانی یەکێتیدا کە دەوترا هەندێک مەکتەب زیادەیە، بۆ نمونە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کە یەک کاندیدیان هەبوو لەبەردەم تاڵەبانیدا وتیان ٥٠٠ هەزار ئەندامامان هەیە، کەچی کاندیدەکەیان دەرنەچوو؟

**سامان گەرمیانی:** ئەمەش بەشێکە لەو هەڵە تەکنیکییەی باسدەکرێتو بۆ کۆنگرە دانراوە.

**دەستوور:** شێوازی کارکردنی حیزبیی یەکێتی بەمشێوازە بەردەوام دەبێت؟

**سامان گەرمیانی:** ئەوانەی باسیدەکەیت هەمووی بۆ کۆنگرە دانراوە، لای خۆمان بەڕاپۆرتێکی گشتی ئامادەمانکردووە بۆ کۆنگرە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێتو کاری لەسەر بکرێت، ئەم حیزبە لەمەودوا ببێتە حیزبێکی دامەزراوەیی.

**دەستوور:** ئەوەی ئێستا لەواقیعدا هەیە یەکێتییە بەم پێکهاتەو ئۆرگانانەوە، پێشنیارەکان بۆ گۆڕان، یان بۆ جێگرتنەوەیان لەکۆنگرەدا کامانەن؟

**سامان گەرمیانی:** هەمووی لەیەک شتدا خۆی دەبینێتەوە، دەبێت حیزبەکەمان بکەینە حیزبێکی دامەزراوەیی، کە بووە حیزبێکی دامەزراوەیی خۆی لەخۆیدا ئەو وردەکارییانە هەمووی جێیدەبێتەوە، تێکڕای حیزبەکەمان بەسکرتێری گشتیشەوە کۆکین لەسەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەی کاتی خۆی هەڤاڵ مام جەلال پێشنیاریکردووە بۆ نوێکردنەوەی حیزبەکەمان، ئەو پرۆسەیە لەپلینۆمدا هەنگاوێکی بۆنرا، لەدوای پلینۆم ئەنجومەنی ناوەند دانرا، بڕیار یان داواکاری یان پرۆسەیەکی حیزبی هەروا بەڕۆژێکو دووڕۆژ لەدایک نابێتو ناتوانیت جێبەجێی بکەیت، ئێمە دەتوانین بڵێین یەکێتی باش هاتووە، لەدوای پلینۆم هەندێک لەو داواکارییانەی کە ئەندامەکانی حیزب داوایانکردووە، جێبەجێ بووەو هەندێکیشی ماوە چاوەڕێدەکەین لەکۆنگرەدا کاری لەسەر بکەینو بیخەینە پەیڕەوو لەداهاتوودا جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** گرنگترین شت کە لەپلینۆمدا باسکرا پەیمانی ئاکاربوو، بەڵام وەک ئێستا بەشێک لەسەرکردەکانی یەکێتی باسیدەکەن ئەوان پابەندنەبوون پێوەی؟

**سامان گەرمیانی:** کە باسی پەیمانی ئاکار دەکرێت واینابینم کە مەکتەبی سیاسیمان پەیمانی ئاکارییان جێبەجێ نەکردبێت، چونکە هاتووین دەزگایەکمان دروستکردووەو ئەو دەزگایە کە زۆر وردەکاری هەیە لەم ماوەیەدا کارمان لەسەرکردووەو هەرکەسەو بەشێکی ئاڕاستەکراوە بۆ ئەوانە، هەموو ئەو ئاڕاستانەی لەلایەن ئەنجومەنەوە کراوە کاری لەسەرکراوەو هەنگاوی بۆنراوە، هەموو ئەو برادەرانەی ئەندامی مەکتەبی سیاسین بەرەوڕوومانکردووەتەوەو وەڵامیان داوینەتەوەو کاریان لەسەرکردووە، لەلای خۆمەوە وەک ئەنجومەن تەماشای دەکەم، ئەگەر لەدەرەوەی خۆیان کێشەیەک کە خەڵک باسیکردبێت بەڕاستی من زانیاریم لەسەر ئەو وردەکارییانە نییە، بەڵام بەحکومی ئەوەی سەرقاڵی کارەکانی خۆمم، وەک ئەنجومەن زۆر بەباشی بەڕێوەچووە، لەماوەیەکی کورتدا ئەنجومەن توانیویەتی لەناو حیزبەکەدا جێگای خۆی بکاتەوە ئەوە زۆر گرنگە.

**دەستوور:** ئەگەر ئەندامێکی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی خۆی وتی ئێمە پەیمانی ئاکارمان جێبەجێنەکردووەو کوتلەکاریمان کردووە، وەک ئەنجومەنی ناوەند بۆ وەڵامدانەوەی بانگی دەکەن؟

**سامان گەرمیانی:** بەدڵنیاییەوە ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەو هەڤاڵانەدا دەکەین، بەڕاشکاوی دەڵێم ئێمە لەگەڵ ئەوانەی بیستومانە دەچین موناقەشەیان لەگەڵدا دەکەین، بێشک وەڵامیشمان دەدەنەوە، ئومێدی باشیش هەیە، ئەو شتانەی لەڕاگەیاندندا لەسەر پەیمانی ئاکارو جێبەجێنەکردنی باسدەکرێتو ئاسەواری بەشێکی باڵباڵێن هەرماوە، ئێمە وەکو ئەنجومەن وامانلێکردووە خەریکە ببێتە شتێکی عەیبە کە باسی تەکەتول بکرێت، دوو هەفتە جارێک کۆبوونەوەی ئەنجومەنمان هەیە، هەستدەکەم ئەو هەڤاڵانەی هاتوون ئێستا وایان لێهاتووە لەبری ئەوەی باسی تەکەتول بکرێت یان بەشێک لەوانە تەکەتول ئاڕاستەی کردبێت هەستی پێناکەم، هەستدەکەم هەموو هەڤاڵەکان بەگیانێکی حیزبیانەوە بەرەو ڕووی داواکارییەکان دەچنو ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە، هەوڵبدەین ئەم حیزبە یەکبخەینو کێشەکانمان چارەسەربکەین، دیارە ئێمە نەمان شاردووەتەوە کێشەمان هەیە، جیابوونەوەی گەورە لەیەکێتیدا هەبووە، ئەو جیابوونەوەیە دوو باڵی بەهێزی لێکترازاند، باڵێکی ئێستا بەئاشکرا دەبینی کە لەیەکێتی جیابووەتەوە باڵەکەی تریشی بۆ هەستانەوەی پێویستی بەجوڵانەوەیەکی گرنگ هەیە، دیارە لەملاوئەولا باسدەکرێتو قسەی لەسەردەکرێت، ئەگەر هەڵەیەکی تەکنیکی هەبێت گەورە دەکرێت.

**دەستوور:** خەڵک دەڵێن ئەم هەڵبژاردنە دەریخست یەکێتی کێشەی جەماوەرو دەنگدەری بەشێوەیەکی ئەوتۆ نییە، وەک ئەوەی کێشەی کادری سیاسیو سەرکردەی بەهێزی هەیە؟

**سامان گەرمیانی:** بەڵێ وایدەبینم لەبارودۆخێکی ئاوادا کە یەکێتی دووبەش بووە، ئەو جیابوونەوەیە وایکردووە کە ئەو کەلێنە هەبێت، بەڵام وەک یەکێتی بڕیاردراوە ئەمجارە لەکۆنگرەدا خەڵکی تازەو گەنجو ژنان وەک حیزبێکی سۆسیال دیموکرات ڕۆڵیان هەبێت، ئەم حیزبە بکەینە ئەو حیزبەی کە جەماوەری یەکێتی چاوەڕوانە.

**دەستوور:** دەوترێت هەڵبژاردن پێیوتوون خەڵکی تازە لای خەڵک ویستراوە وەک لەکۆنەکان، تۆ لەو بڕوایەدایت بەشێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ خۆیان لەسەرکردایەتیکردنی حیزبەکە بەجۆرێک کەنارگیری بکەن، پێتوایە پێویستە ئەمانە کۆتایی بەڕۆڵی خۆیان بهێنن؟

**سامان گەرمیانی:** لەپرۆسەی دیموکراسیدا ناتوانیت لەناو کۆنگرەدا ڕێگەبگریت، هەموو ئەندامێک مافی هەیە خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام دەکرێت بڵێم حیزبەکەمان حیزبێکی زیندووە، ئەمجارە دەرکەوت خەڵکی گەنج زۆر گرنگە بۆ حیزبەکەمان، خەڵکی گەنج باشتر دەتوانێت حەرەکەت بکات، لەم هەڵبژاردنەدا بینرا هەندێک گەنج کاری زۆر باشیانکرد، بەڵام وایدەبینم خودی یەکێتی هەوڵدەدات ئەمجارە تازەی بکاتەوە، ئێستا لەئەنجومەندا بەشێکی گەنج هاتووەتە ناو ئەنجومەنەوە.

**دەستوور:** جگە لەگلەییکردن لەسەرکردەکانی یەکێتی، جەماوەری گەنجی یەکێتی گلەیی ئەوەدەکەن یەکێتی کادری ناوەندی هەڵسوڕاو چالاکیان نییە، بۆ نمونە یەکێتی دەیان ڕێکخراوی هەیە جگە لەچەندین مەکتەب، لەڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکاراندا شەش کادری ناوەندی باش نابینیت کە لەکۆمەڵەی خوێندکارانو ئازادی لاوانەوە هاتبنە سەرەوە، ڕێکخراوەکانی تریش بەهەمان شێوە، بۆچی پێویست دەکات یەکێتی لەناو خوێندکاراندا

> وای بۆ دەچم ئەمجارە یەکێتی هەستانەوەیەکی باش بەخۆیەوە ببینێت

> مام جەلال لەبەغداد دەسەڵاتی داوە، بەڵام دەبێت دەسەڵاتەکان وەك خۆی جێبەجێ بکەیت





کوماندەکرێت پارتی دادوگەشەپێدان کار بۆ راکێشانی کوردەکان بکات

# لەتورکیادا لەمەودوا کورد بەزمانی خۆی بانگەشەدەکات

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

شارەزایانی سیاسی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەنگاوەکانی پەرلەمانی تورکیا هەیە لەرێگەپێدان بەبانگەشەکردن بەزمانی کوردی، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کەپارتەکان دەیانەوێت کوردەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن.

دوای ئەوەی دەستووری تورکیا چەند گۆڕانکارییەکی تیادا کرا، لەئێستا بەدواوە کوردەکان دەتوانن بەزمانی خۆیان لەهەڵبژاردنەکانی تورکیادا بانگەشە بکەن، بەشێک لەشارەزایانیش ئەوە بەهەنگاوێکی باش بۆ کوردەکان وەسفدەکەن.

پێشتر لەدەستووری کۆماری تورکیادا بانگەشەی هەڵبژاردنەکان تەنها بەزمانی تورکی رێگەپێدراو بوو، بەڵام دواتر یاساکە گۆڕانکاریی تێدا کراو بەڕوونی رێگە بەزمانی کوردی درا لەبانگەشەکاندا بەکاربهێنرێت.

لەهەڵمەتێکی تری گۆڕانکارییەکان لەدەستووری تورکیادا، رێگەدان بەبانگەشەکردن لەهەڵبژاردنەکاندا بەزمانی کوردی، لەچوارچێوەی یاسایەکی گشتگیرتردا کە بەئاماژە بەکارهێنانی زمانی کوردی ئازاد دەکات، یاسایەکی نوێ پەسەند کرا.

شارەزایانی سیاسی دەڵێن رەنگە پەرلەمانتاران‌و ئەندامانی پارتی دادوگەشەپێدان کە بەشێکی زۆر لەکادرو ئەندام‌و تەنانەت پەرلەمانتارەکانیشی کوردن، دەیەوێت ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی بەدەنگدەری کورد لەچوارچێوەی دەستوردا بیانچەسپێنێت.

بەڕای ئەوان هەنگاوی ئەو پەرلەمانتارانەی پارتی دادوگەشەپێدان لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەیە لایەنگرانی خۆیان لەنێو کوردەکاندا زیاتر بکەن.

گۆڕانێکی نوێ لەماددەی حەوتی ئەو یاسایەی ماف‌و رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتی تورکیا رێکدەخات ئەنجامدرا، بەپێی ماددە نوێیەکە برگەی "بانگەشەکردن بەزمانێک لەدەرەوەی زمانی تورکی قەدەغەیە"، هەڵگیراو لەجێی ئەوە رێگە درا کوردەکان بەزمانی خۆیان بانگەشە بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا.

لەدوای ئەو هەمواركردنەوە ئاکەپە لەپێشنیارێکیدا هەریەکە لەماددەکەو گۆڕانکارییەکەی پێشتری گۆڕی‌و برگەی "لەبانگەشەی هەڵبژاردندا بەنووسین‌و قسەکردن بەزمانێک جگە لەزمانی تورکی قەدەغەیە"، هەڵگیرا، بەو شێوەیەش لەرێی ئاماژەوە رێگە بۆ قسەکردن‌و نووسین بەزمانەکانی دەرەوەی زمانی تورکی لەپرۆپاگەندەو بانگەشەکانی هەڵبژاردندا خۆشکرا، بێئەوەی بەئاشکرا ناوی زمانی تورکی بهێنرێت.

هەندێک لەشارەزایانی سیاسی راشکاوانە دەڵێن، ئەو هەنگاوە ئەوەندە بۆ کورد قازانجی نییەو بیانووی جۆراو جۆریشیان بۆ قسەکانیان هەیە، لەبەرامبەردا، بەشێکی تریان بەهەنگاوێکی باشی وەسفدەکەن.

ئارام عەلی شارەزا لەکاروباری تورکیاو سەرنوسەری گۆڤاری دۆزی کورد لەسەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، رایگەیاند "لەبەرئەوەی مەرجی زمانی تورکی لەو برگەیەدا دانراوە ئەمە دەبێتە بیانوویەک بەدەست دادگای دەستورییەوەو جارێکی دیکەش دەتوانن لەو رێگەیەوە کێشە دروست بکەنەوە".

ئارام پێیوایە گۆڕینی یاساکە ئەوەندە قازانجێکی گەورە نییە بۆ کورد، چونکە "پێشتریش جارێکی دیکە یاساکە گۆڕابوو".

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە لەپێشتردا کوردی باکوور لەژیانی رۆژانەیانداو لەچەندین بواری دیکەدا بەزمانی کوردی قسەیان کردووە، رۆژنامەیان دەرکردووە، چەندین دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوە هەبوون کە کتێبی کوردییان چاپ کردووە، بۆیە ئەوەندە قازانجێکی گەورە نییە بۆ کورد.

ئەو پرۆژەیە دوای ئەوەی لەپەرلەمانی تورکیاداو لەلایەن پارلەمانتارانەوە پەسەندکراو کرا بەیاسا، لەگەڵ جێبەجێکردنیشیدا نزیکەی ١٠٠ سکاڵا کەپێشتر لەسەر پەرلەمانتارانی بەدەپە تۆمارکرابوون، بەبیانووی ئەوەی لەبانگەشەکاندا زمانی کوردییان بەکارهێناوە، هەڵدەوەشێنەوەو کاریگەرییان نامێنێ.

بەبۆچوونی مامەند رۆژە شارەزا لەکاروباری تورکیا بایەخی ئەو هەنگاوە لەوەدایە کە ئێستا لەتورکیادا مشتومڕی گۆڕینی شوناسی وڵات لەئارادایە کە دەیانەوێت لەکۆمارێکی تاک شوناسەوە بیکەنە کۆمارێکی فرەشوناس.

مامەند وتی "هەر بۆ ئەو مەبەستەشە کێشمەکێشێک هەیە لەنێوان دوو هێزدا کە یەکێکیان دەخوازێ پێکهاتەی سیاسی‌و یاسایی‌و کلتوری ئەو وڵاتە بگۆڕێت بەرامبەر بەو هێزانەی بەرەنگاری دەبنەوە کە لایەنگرانی شوناسی کۆنن، کێشمەکێشەکە لەنێو پەرلەماندا رەنگی داوەتەوە".

مامەند رۆژ پێیوایە کە پارتی دادوگەشەپێدان کە بەشێکی زۆر لەکادرو ئەندام‌و تەنانەت پەرلەمانتارەکانیشی کوردن دەیەوێت ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی بەدەنگدەری کورد لەچوارچێوەی دەستوردا بیانچەسپێنێت.

پێدەچێت هەنگاوەکانی ئەو پارتە، لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە دەیەوێت لەئێستادا کوردێکی زۆر بەلای خۆیدا رابکێشێت، وەک چۆن ئێستاش بەشێکی زۆر لەکوردەکان بوونەتە لایەنگرو ئەندامی ئەو پارتە.

مامەند رۆژ پێیوایە کە کۆی ئەو هەنگاوانەی پەرلەمانی تورکیاو بەتایبەت پارتی دادوگەشەپێدان لەکردنەوەی تەلەفزیۆن بەزمانی کوردی‌و کردنەوەی بەشی کوردی لەزانکۆکان، بۆ ئاشتکردنەوەی جەماوەری کوردی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو بەڕای ئەو زیاتر بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیانەوە هەیە کە بەکوردەکانیان دابوو.

ئاکەپە لەناوچە کوردنیشنەکاندا خاوەنی ٧٥ پەرلەمانتارە، بەڵام بەدەپە تەنها ٢٠ پەرلەمانتاری لەو ناوچانە هەیە. بۆیە رۆژە دەڵێت "لەبەرئەوەشە بەشێوەیەکی سروشتی ئاکەپە نوێنەرایەتی ناوچەکوردنشینەکانیش دەکات‌و ئەو هەنگاوەشی سەرەتایەکە بۆ بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی ئاکەپە بەو خەڵکەی داوە کە نوێنەرایەتییان دەکات".

مامەند پێیوابوو ئەگەر ئاکەپە ئەو بەڵێنانەی داویەتی قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێ نەکات ئەوا دەنگدەران متمانەی پێ نابەخشنەوە.

بەڵام ئارام عەلی وتی "حکومەتی ئێستای تورکیا لەسەر بنەمای نیو عوسمانیزم کاردەکات، ئەوەش بەو مانایەی لەنێو خۆیدا هەندێک سیاسەت پەیڕەو دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا خۆی بگونجێنێت".

# ئایا کوردەکان پارێزەری ئەو دۆخەن کە ئێستا لەئارادایە؟

مەهمەت مەتینەر

عەبدوڵڵا ئۆجالان کەتا دوێنێ زۆر بەتوندی‌و لەسەر بنەمایەکی دروست رەخنەی لەو ئسوڵییەتە دەگرت کە دەڵێت "یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک"، ئەمڕۆ بەپێویستی دەزانێ کەپشتیوانی لەو پرۆژانە نەکرێت کە بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور ئامادە کراون.

جگە لەوەش لەرێی بەدەپەوە بانگهێشتی کوردەکان دەکات کە بچنە "بەرەی رەتکردنەوە"ی ئەو پرۆژانەوە.

ئەو پەیامانەش کە لەقەندیلەوە دێن بەهەمان ئاڕاستەن، لێدوانەکانی بەدەپەو پەکەکە هێندەی نەماوە لەگەڵ ئەوانەی مەهەپەو جەهەپەدا یەک بگرێتەوە، ئەوەی کە هەموویان دەیڵێن‌و هاوبەشن لەسەری بریتییە لە: ئاکەپە دەیەوێت ئەو دەستوورەکەی خۆی بسەپێنێت.

منیش کە ئەم دێڕانەم نووسیوە بەدەنگێکی بەرز رامگەیاندووە کەپێویستە چەند ماددەیەکی دیکەش بێجگە لەو ماددانەی لەپرۆژەکەدا هەن، جێگەیان بکرێتەوە، بەڵام دەشزانم ئەوەی لەئێستادا نیاز وایە ئەنجامبدرێت بەئاڕاستەی دروستکردنی سیستمێکی دادوەری دیموکراتییە کە داماڵراو بێت لەهەموو ئایدۆلۆژیاو فەرمانڕەوایەتییەک، بەرگریکردن لەوەی چەند ماددەیەکی دیکەی پێویست بخرێتە نێو پرۆژەکەوە لەڕووە سیاسییەکەیەوە کارێکی گونجاوە، هەروەک وەستانەوە دژی ئەو پرۆژانەی کە قازانجی زۆر باشی دیموکراتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کارێکی هەڵەیە.

بێ پێچوپەنا دەمەوێ بڵێم هەندێک کەس هەن لەرێگەی سیاسەتی هەڵەوە دەیانەوێ کوردەکان لەپرۆسەی گۆڕانی ئەم وڵاتەدا لەبینینی رۆڵی رابەرایەتیی بێننە خوارەوەو بیانکەنە سیاسی یەدەک.

لەمیدیاکانەوە ئەوە روون‌و ئاشکرا دیارە کە ژمارەیەک نووسەری دژی ئاکەپە چۆن دەیانەوێ لەرێی ئامۆژگاریکردنی بەدەپەوە ئەو پارتە بکەنە "جەهەپەی کوردەکان"، ئەوەشی جێی داخە ئەوەیە وتەبێژانی بەدەپەش لەرێگەی ئەو روونکردنەوانەوە کە دەیدەن وا دەردەکەوێت پشتڕاستی قسەو پرۆژەکانی ئەوان بکەنەوە.

ئەو بەرپرسانەی بەدەپە کە دەڵێن پارتەکەیان نابێتە "خزمەتکارێکی کورسییەکە"ی ئاکەپە، پێویستە ئەوە ببینن کە کێن ئەوانەی هەوڵ دەدرێت بکرێتە "خزمەتکاری کورسی" لەئەنجامی دۆڕاندنی ئەم دۆخەی ئێستاو دژایەتیکردنی گۆڕانکارییەکانی نێو دەستوور، بەپێچەوانەشەوە دواتر لەلێپرسینەوە لەلایەن ئەو جەماوەرەوە کە دەڵێن نوێنەرایەتییان دەکەین تووشی ناڕەحەتی دەبن.

هەموو ئەوانە لەلایەک، تەنها وتنی "بەڵێ" بۆ پرۆژەیەک کە تێیدا داخستنی پارتەکان بەپێی پێوەرەکانی رێککەوتننامەی ڤیەننا بێت‌و بەو جۆرەش داخستنی پارتێک کارێکی نەشیاو بێت، ئەوە هەڵمەتێکی گەورەیە لەبەدیموکراسیبووندا.

سنورداركردنی کاری دادگا سەربازییەکان تەنها لەو تاوانانەدا کەپەیوەندییان بەکارە سەربازییەکانەوە هەیەو رێگەخۆش کردن بۆ دادگایکردنی ئەو سەربازانەی سوپا کە لەکودەتاکانەوە تێوەگلاون لەدادگایەکی مەدەنیدا،پشتیوانیکردن لەپرۆژەیەکی لەم جۆرە پێویستییەکی حەتمی بەدیموکراسی‌و بەمەدەنیبوونە.

تکایە هیچ کەسێک قسەکانم بەجۆرێکی دیکە لێکنەداتەوە، من بەوتنی ئەم شتانە نامەوێ بڵێم دیموکراسیخوازەکانی ئەم وڵاتە تەنها بەوەوە بوەستن‌و هیچ داخوازییەکی دیکەیان نەبێت.

بەپێچەوانەوە هەموو کەسێک دەزانێ کە لایەنگری گۆڕانێکی دیموکراتییانەی جەماوەریم لەسەر بنەمای ئازادی‌و یەکسانی لەهاوڵاتیبووندا.

ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە وازهێنان لەپارچەیەکی گرنگ لەشتێک لەبەرئەوەی ناتوانین هەمووی بەدەستبهێنین کارێکی ئاقڵانە نییە، لەخراپترین حاڵەتدا وەستانەوە لەدژی پرۆژەیەک کە لەداهاتوودا رێگە خۆشکەربێت بۆ بەرەو بەدیموکراسیبوون قازانجێکی زۆری لێبکەیت، دواجار ئاستێکی جیاواز لەدرککردن بەو دۆخەدایت کە پێیدا تێدەپەڕین.

پێویستە وریای قۆناغی پێکدادانەکان بین، چونکە یارییەکی ترسناک لەسەر کوردانی ئەم وڵاتە دەکرێت.

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییەی سەر پەکەکە سەرنجمان بەلای خۆیاندا رادەکێشن، پێویست ناکات ببیتە کاهین تائەو رووداوانە ببینی کە لەئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی قۆناغی پێکدادانەوە دروستدەبن.

ماوەیەکی زۆرە بەفیعلی‌و لەرێی بینینیشەوە قۆناغی پێکدادان نەژیاوین. زۆر سەیرە کە وتەبێژانی پەکەکە باس لەقۆناغێکی نوێی لەجۆرە بکەن‌و هاوکاتیش هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای تورکیا دەستپێبکەنەوە.

لەکاتێکدا ئەوانەی دەیانەوێ ئەم دۆخە بەردەوام بێت بۆ یەکەم بەرەوڕوو دەبنەوە لەگەڵ دۆڕانیاندا لەسەر دەستی ئیرادەیەکی سیاسی‌و پشتیوانییەکی جەماوەری بەهێز،ئایا لۆژیک لەکوێی ئەوەدایە هەڵوێستێک وەربگریت کە رەوایەتی بداتە ئەو بیانووانەی کە هەیانبووە وەک "جوداخوازی"و"ئاسایش"و "تێرۆر". ئەوەی کە دەزانێ ئەم هەڵوێستە چ قازانجێک بەکورد یان بەپرۆسەی بەدیموکراسیبوون دەگەیەنێ، با بکشێتەوە، نازانم بۆ ئێوە، بەڵام من ئەم فیلمەم لەپێش ئێستادا دیوەو زۆر باشیش لەبیرمە، ساڵی ٢٠٠٢ بوو ئەو دەمەی ئاکەپە دەسەڵاتی گرتە دەست، لەوانەیە کودەتاچییەکانی نێو سوپا زۆر بەمە ناڕەحەت بووبن، هەر بۆیە لە ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا کودەتا باسێکی گەرمی رۆژە، ساڵی ٢٠٠٤ لەبارەی بەرنامەی گفتوگۆکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا تورکیا گەیشتە رێککەوتنێک، هاوکاتیش هەنگاوە دیموکراتییەکان دەست بەهاویشتنیان کرا، ئەو نیشتمانپەرستانەی حەزیان لەگۆڕانی دۆخەکە نەبوو هاواری ئەوەیان لێ هەستا کە "وڵات لەدەست دەردەچێت"، یەکسەر دوای ئەوەش پەکەکە کە لەساڵی ١٩٩٩ەوە شەڕی ڕاگرتبوو، بڕیاری هەڵگیرسانەوەی جەنگی دا، ئایا ئەمانە رێکەوتن؟

دەیانەوێ کوردەکان لەپرۆسەی گۆڕانی ئەم وڵاتەدا لەبینینی رۆڵی رابەرایەتیی بێننە خوارەوەو بیانکەنە سیاسی یەدەك

**و. لە تورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**
**رۆژنامەی ستار**

# سوپای پاسداران، لەهێزێکی سەربازییەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتێک

## دەستوور، وردەکارییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندنی سوپای پاسداران لەراپۆرتێکی شیکاریدا بڵاودەکاتەوە




**هیوا سەلیمی**

رووداوە سیاسییەکانی ١٩٧٩ی ئێرانو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، وەرزێکی نوێی گۆڕانکاری گەورە لەپێکهاتەی هێزو سیاسەتی لەئێراندا خوڵقاندو سوپای پاسداران وەک نمونەیەکی بەرچاو لەم گۆڕانکارییانە لەدایکبوو.

سوپای پاسداران لەپرۆسەیەکی درێژخایەنی دەسەڵاتداری سیستمی سیاسیی ئێران، بەمەزنترین هێزی سەربازیو چەکداری ئێران گۆڕدرا، ئێستاو لەرەوتی چالاکییەکانی سوپای پاسداراندا سەرجەمی بوارە سیاسیو ئابوورییەکانی ئێران لەلایەن ئەم هێزەوە مۆنۆپۆل کراوەو تەنانەت سەرۆک کۆمارو سەرەکیترین وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەت، وزەی مرۆیی پێشووتری سوپای پاسدارانی ئێران بوون، بەجۆرێک لەژێر چاودێری ئەم هێزەدا سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی ئێران رادەپەڕێنن.

لەکێشمەکێشو ململانێی نێوان ئێرانو ئەمریکا، سوپای پاسدارانو بەرژەوەندییەکانی ئەم هێزە وەک یەکەمین بەردەنگی ئابلۆقەکانی ئێران دیاریکراوەو ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوایی لەوبڕوایەدان کە کۆڵەکەی سەرەکی هێز لەئێراندا سوپای پاسدارانە.

### پرۆسەی دامەزراندنی سوپای پاسدران

لەدوای روخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەئێرانو هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەرتەشی پێشووتری ئێران هەڵنەوەشایەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاو لەفەرماندەکانی ئەرتەش لەرۆژەکانی سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکومەتی ئێران یان لەسێدارەدران یان لەئێران رایانکرد.

ئەرتەشی ئێران هەڵنەوەشایەوە، بەڵام توانا سەربازییەکانی ئەرتەش لاوازکراو تێکشاو لەلایەکیتریشەوە ئەرتەش جێگەی بڕوای ئایەتوڵڵا خومەینی رابەری شۆڕشی ئیسلامی نەبوو، هەر بۆیە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لەئەرتەش، هێزێکی نوێی چەکدار بەناوی سوپای پاسداران لەدایکبوو.

پێشئەوەی لەراگەیاندنی فەرمی سوپای پاسدارانو لەرۆژەکانی سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی کاتی ئێران کەوتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکدار بەناوی (گاردی میللی)و بۆ ئەم مەبەستە "حەسەنی لاهوتی" بڕیارێکی لەئایەتوڵڵا خومەینی وەرگرت، بەپێشنیاری "موحەمەدی تەوسولی" ناوی سوپای پاسداران هەڵبژێردراو بەفەرمانی خومەینی چاودێریکردنی ئەم هێزە چەکدارە رادەستی دەوڵەتی کاتی کرا.

پەیڕەوی ناوخۆیی ئەم هێزە لەلایەن کەسانێکی وەک "حەسەنی لاهوتی"، "موحسینی سازگارا"و چەند کەسێکی دیکە داڕێژراو چالاکییەکانی ئەم هێزە دەستپێکرد، هاوتەریب لەگەڵ دامەزراندنی ئەم هێزە چەکدارە، سێ هێزیتر بەناوەکانی گاردی شۆڕش، پاساو هێزە چەکدارەکانی رێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی بۆ پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی نوێی ئێران دامەزران.

چەند مانگ دواتر لەسەردەستی رەفسەنجانی سەرجەمی ئەم هێزانە تێکەڵکرانو یەک ساڵ دواتریش بەبڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی سەربەخۆبوونی سوپای پاسداران لەدەوڵەت راگەیەندراو سوپای پاسداران کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامیو بەشێوەی ئەنجومەنی فەرماندەیی رابەری دەکرا، دواتر سوپای پاسداران وەک هێزێکی سەربەخۆ، بەشێوەی راستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی شەخسی وەلی فەقیە کە بڕیاردەری سەرەکی لەسیستمی سیاسیی ئێرانەو "موحسینی رەزایی" وەک یەکەمین فەرماندەی سەربازی لەدوای رۆڵی ئەنجومەنی فەرماندەیی لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە هەڵبژێردرا.

جەنگی ئێران - عێراقو فراوانبوونەوەی مەیدانەکانی چالاکی سوپای پاسداران زۆربەی چالاکییەکانی سوپای پاسداران لەمانگەکانی سەرەتای گرتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوو، رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی بەرهەڵستکاری شۆڕشی ئیسلامی لەناوخۆی ئێران بوو، سەرکوتی نارەزایەتییەکانی باشووری ئێران، هێرشی سەربازی بۆ سەر خەڵکی راپەڕیوی کوردستانو سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نەیارو بیرجیاواز ئەرکەکانی ئەو سەردەمەی سوپای پاسدارانی ئێرانی پێکدەهێنا.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ئێرانو عێراق لەساڵی ١٩٨٠ دا، سوپای پاسداران بەشێوەی پارتیزانی بەفەرماندەیی" موستەفای چەمران"و هاوشانی ئەرتەشی ئێران بەشێکی بەرچاو لەچالاکییەکانی بۆ بەرەکانی جەنگ گواستەوە.

لەپرۆسەی کردەگەرایانەی سوپای پاسداران لەمەیدانەکانی جەنگ، ئەم هێزە فۆرمی سوپایەکی سەربازی کلاسیکی بەخۆیەوە گرتو دواتر بەسەر چەندین هێزی وەک ستادی هاوبەشی سوپای پاسداران، هێزی زەمینی، ئاسمانی، دەریایی، رێکخراوی بەسیجو هێزی قودس دابەشکرا، هەریەک لەم هێزانە لەچوارچێوەی سوپای پاسدارانو بۆ کاری جیاجیا رێکخرانو چەندین پێکهاتەی دیکەی وەک دەزگای هەواڵگریو زانیاری بۆ زیاد کرا.

### سوپای پاسدارانی ئێرانو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوە کوردییەکان

دوای راپەڕینی گەلانی ئێران لەدژی دەسەڵاتی پاشایەتی، خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی کۆنترۆڵی کوردستانیان بەدەستەوە گرت، بەشێوەیەکی زۆر خێرا دامەزراوە مەدەنیو رێکخراوە پیشەییەکان سەریان بەرزکردەوەو خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات کەوتنە پیادەکردنی دیموکراسی لەو هەرێمە.

لەدوای شکستی یەکەمین هێرشەکانی حکومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، دانووستانو دیالۆگ لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانو دەسەڵاتی ناوەندی دەستپێکرد.

کۆماری ئیسلامی ملکەچی هیچ یەک لەخواستەکانی خەڵکی کورد نەبوو لەم دانیشتنانە تەنیا وەک دەرفەتێک بۆ حەسانەوەو کۆکردنەوەی هێز کەڵکی وەرگرتو چەند مانگ دواتر سوپای پاسدارانی ئێران بەفەرمانی راستەوخۆی ئایەتوڵڵا خومەینی هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد.

سوپای پاسداران بەهاریکاری ئەرتەشو هێزە چەکدارەکانی دیکە، سەرجەمی شارو ناوچەکانی کوردستانی داگیرکردو لەسەردەستی ئەم هێزە چەندین تاوانی گەورەی وەک کوشتارە بەکۆمەڵەکانی "قارنێو قەڵاتان" ئەنجامدرا. تاچەند ساڵ لەمەوپێش لەژێر هەژموونی شەڕی ئێران - عێراقو بەهۆی بەرگریکردن لەوڵات لەبەرامبەر هێرشەکانی سوپای عێراق، سوپای پاسداران هێزێکی تاڕادەیەک خۆشەویست لەناوچە غەیرە کوردنشینەکان بووە، بەڵام بەهۆی توندوتیژییەکانی سوپای پاسداران لەکوردستان، ئەم هێزە وەک هێزێکی سەرکوتکەرو بێ بەزەیی لەکوردستان پێناسەکراوەو سەرجەمی مێژووی سوپای پاسداران لەکوردستان پڕە لەبیرەوەری تاڵو کاولکاریو سەرکوت.

### چالاکییەکانی هێزی قودسی سەر بەسوپای پاسداران

کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەک دامەزراو سوپای پاسداران وەک پارێزەری شۆڕشی ئیسلامی، لەئاڕاستەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو دەسەڵاتە چالاکی دەکات.

یەکێک لەخاڵە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ناوچەکەو جیهان بووەو زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئەرکە کەوتە سەرشانی سوپای پاسداران.

هێزی قودس یەکێک لەباڵەکانی سەر بەسوپای پاسدارانەو مەیدانی چالاکییەکانی ئەم هێزە لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێرانە.

هێزی قودس لەسەردەمی شەڕی ئێران - عێراق دا دامەزراو راپۆرتو زانیاری زۆر سەبارەت بەچالاکییەکانی هێزی قودس لەئاڕاستەی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە لەبەردەستدایە.

موحسینی رەزایی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران لەسەردەمی شەڕی ئێران-عێراق لەبیرەوەرییەکانیدا دەربارەی چالاکییەکانی دەرەوەی سنووری سوپای پاسداران باس لەراهێنانو پەروەردەی هێزەکانی شیعەی باشووری عێراق دەکاتو چۆنیەتی شکڵگرتنی سوپای بەدری سەر بەئەنجوومەنی باڵای عێراق لەسەردەستی سوپای پاسداران بەوردی ئاشکرادەکات.

دکتۆر فەریبورزی سارمی لێکۆڵەری سیاسی - سەربازیو ئەندامی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی خوێندنەوە ستراتیژییەکانی عیسا لەواشنتۆن، هێزی قودسی سوپای پاسداران بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی ناودەباتو زانیارییەکی بەرفراوانی لەچالاکییەکانی ئەم هێزە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا لەبەردەستدایە.

دکتۆر سارمی لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ رۆژنامەی دەستوور تیشک دەخاتە سەر چالاکییەکانی ئەم هێزەو رایدەگەیەنێت کە هێزی قودس لەفازی یەکەمی شەڕی ئێران-عێراق دا وەک یەکەیەکی تایبەت بۆ چالاکی لەپشت هێزەکانی دوژمنی ئەو سەردەمە پێکهات.

سارمی دەڵێت "ئەم هێزە راستە سەر بەسوپای پاسدارانە، بەڵام راستەوخۆ لەژێر فەرمانی رابەری کۆماری ئیسلامیو وەڵامدەرەوە بەرابەرە".

بەڕای ئەو لێکۆڵەرە سیاسییە، جوگرافیای هەڵسووڕانی ئەو هێزە تەنیا وڵاتانی دراوسێی ئێرانو وڵاتانی کەنداو نییە، بەڵکو لەسەرجەمی وڵاتانی جیهانو بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ئەورووپاو ئەفەریقاو ئەمریکا چالاکی دەکات.

هەروەها وتی "قاسم سلێمانی فەرماندەی ئەو هێزە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵو بەسەرمایەکی مەزن خەریکی رێکخستنی شانە نهێنییەکانی ئەم هێزە لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەو بێگومان ئەم هێزە لەداهاتوودا دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستبکات."

### قۆناغی دوای کۆتایی جەنگی ئێران - عێراق

لەدوای کۆتایی شەڕی ئێران - عێراق، سوپای پاسداران بەشێوەیەکی سیستماتیکو بەرەزامەندی رابەری ئێران بەشدارییەکی چالاکانەی لەبوارە ئابووریو سیاسییەکانی دەستپێکردو لەگەڵ دەستپێکی کابینەی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد ئەم بەشداریکردنە رەوتێکی خێراتری بەخۆیەوە بینی.

تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەوەزیرەکانی کابینەی ئەحمەدی نەژاد لەفەرماندەو بەرپرسە پێشووەکانی سوپای پاسداران هەڵبژێردراو قۆناغێکی نوێ لەچالاکیو هەڵسووڕانی سوپای پاسداران دەستپێکردو تائێستا درێژەی هەیە.

بابەک داد رۆژنامەوانو چاودێری سیاسی ناسراوی ئێرانی نیشتەجێ لەوڵاتی فەرەنسا، چالاکییەکانی سوپای پاسداران بەسەر دوو قۆناغی سەردەمی شەڕی ٨ساڵەی ئێران — عێراقو دوای شەڕ دابەشدەکات.

بابەک داد بەرۆژنامەی دەستووری وت "لەشۆڕشی ساڵی ٧٩دا گاردی تایبەتی موحەمەد رەزا شا، ناسراو بە "گاردی جاویدان"، بەڕێوەبەرو بەرپرسیاری سەرەکی لەسەرکوتی خوێناوی خەڵکی شۆڕشگێڕ بوو".

داد دەڵێت "لەدوای شۆڕش وابڕیاربوو کە بەرپرسیارییەتی روبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەرانی دەرەکیو پارێزگاریکردن لەوڵات لەئەستۆی سوپای پاسداران بێ، هەربۆیە زۆر کەس خۆی بەڕیزەکانی ئەم هێزە ناساندو لەدوای کۆتایی شەڕ، ئەم کەسانە لەسوپای پاسداران هاتنەدەرەوە".

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە سوپای پاسداران وردەوردە لەئامانجە سەرەکییەکانی دوورکەوتەوەو بەگرتنەدەستی ئابووریو سەرمایەی بەهێزو لەرەوتێکی ٢٠ ساڵەدا بەگاردی تایبەتیو لەراستیدا بەگاردی جاویدانی خامنەیی گۆڕدران. ئەو وتی "سەرجەمی تاوانەکانی ئەم چەند مانگەی ئێران لەئەستۆی ئەم هێزەیەو بەدرێژەدانی ئەم رێچکەیە، هیچ کات خەڵکی ئێران لێیان خۆش نابن"

لەدوای شەڕ، سوپای پاسداران بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستیدایە سەرمایەگوزاری لەسەرجەمی بەشە ئابوورییەکانو ئێستا کۆڵەکەی ئابووری ئێران لەسەرمایەو داراییەکانی سوپای پاسداران پێکهاتووە، میدیا، نەوت، غاز، کۆمپانیای دروستکردنی ئۆتۆمبێلو ...هتد مەیدانی چالاکییە ئابوورییەکانی سوپای پاسدارانەو تەنانەت ساڵی رابردوو بەشێکی بەرچاو لەپشکی کۆمپانیای تەلەفۆنو گواستنەوە لەلایەن سوپاوە کڕدرا.

رادەی نفوزو کاریگەری سوپای پاسداران هاوشانی نفوزو کاریگەری رابەری کۆماری ئیسلامی مەزندە دەکرێتو تەنانەت ئەمساڵ زۆر کەس ئەگەری کودەتای سەربازی لەلایەن ئەم هێزەوە لەئێران راگەیاند.

پێگەی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەکۆماری ئیسلامی، هاوشێوەی پێگەی هێزە چەکدارەکانی وڵاتانێکی وەک پاکستانو تورکیا نییەو جیاوازی لەنێوان ئەم سیستمانەدا هەیە.

سوپای پاسدارانی ئێران رەواییو مەشرووعییەتی خۆی لەچوارچێوەی سیستمێکدا پێناسە دەکات کەکۆڵەکەو تەوەرە سەرەکییەکەی وەلی فەقیهە، هەر بەو هۆکارەش، سەرەڕای ئەوەی کە سوپای پاسداران هێزێکی دیاریکەری لەئێراندا هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ناچارە خۆی وەک گوێڕایەڵی بڕیارەکانی رابەر نیشانبدات.

گومانێک لەرۆڵی سوپای پاسدارن لەپێکهاتەی دەسەڵاتو هێزی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە چەشنی پەیوەندی نێوان سوپای پاسدارانو رابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەگەرچی بەپێی یاساکانی ئێران، رابەری کۆماری ئیسلامی بڕیاردەری سوپای پاسدارانە، بەڵام لەم دواییانەدا چەندین هەڵوێستی دژبەیەک لەلایەن سوپاو خامنەییەوە سەبارەت بەرووداوە سیاسییەکان بیستراوە.

> سوپای پاسداران بەهاریکاری ئەرتەشو هێزە چەکدارەکانی دیکە، سەرجەمی شارو ناوچەکانی کوردستانی داگیرکردو لەسەردەستی ئەم هێزە چەندین تاوانی گەورەی وەک کوشتارە بەکۆمەڵەکانی "قارنێو قەڵاتان" ئەنجامدرا

> رادەی نفوزو کاریگەری سوپای پاسداران هاوشانی نفوزو کاریگەری رابەری کۆماری ئیسلامی مەزەندە دەکرێتو تەنانەت ئەمساڵ زۆر کەس ئەگەری کودەتای سەربازی لەلایەن ئەم هێزەوە لەئێران راگەیاند

# هانی دوای سەندرێلاش هەر بەردەوامە



دەستوور: خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ، هانی دوای ئەو سەرکەوتنەی کە لەئەلبومی سەندرێلا بەدەستیهێنا، لەئێستادا بەنیازی بڵاوکردنەوەی ئەلبومێکی نوێیە، کەنزیکەی ١٠ گۆرانی لەخۆگرتووەو سەرجەم میلۆدییەکانی هی خۆیەتی.

هانی یەکێک لەتێکستەکانی ئەلبومەکەی، هی خۆیەتیو مۆزیسیان ئاکۆ عەزیز کاری دابەشکردنی مۆزیکی بۆ کردووە، بەشێوەیەکی گشتیش گۆرانییەکانی نیشتمانییەو بەنیازە ئەلبومەکەشی بەناوی یەکێک لەگۆرانییەکان کەناوی کوردستانە بڵاوبکاتەوە.

لەوبارەیەوە هانی بەدەستووری وت "هەستدەکەم هیچ شتێک لەو ناوە جوانترنییە، ئەم ئەلبومەم نەک هەر جیاوازە لەئەلبومی پێشووم، بەڵکو تەواو جیاوازە لەوکارانەی کە لەکوردستان کراوەو مۆزیکەکەی نوێیەو کلاسیکەو کلاسیکێکیش نییە".

هەروەها وتی "جگە لەکاری ئەلبومەکەشم بەنیازم لەئایندەدا گۆرانی سەفەر کەیەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومی (سەندرێلا) کلیپ بکەم".

# لەیلا فەریقی لەفیلمی هەشتاوهەشتدا



دوای ئەوەی بەسەردانێک گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی، خانمە هونەرمەند لەیلای فەریقی ڕایگەیاند لەگەڵ دەرهێنەری ئێرانی سوهێل سخن پەژودا ڕێککەوتووە کەگۆرانییەک بۆ فیلمی هەشتاوهەشت تۆماربکات.

لەیلای فەریقی ئەم لێدوانەی سەبارەت بەنوێترین کاری هونەری خۆی داو وتی "گۆرانییەک بۆ فیلمی هەشتاوهەشت دەڵێم".

فیلمی هەشتاوهەشت ماوەکەی ٩٠ خولەکەو ئێستا لەقۆناغی کۆتاییدایە کەلەلایەن دەرهێنەری ئێرانی سوهێل سخن پەژو کاری لەسەر دەکرێتو باس لەڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکات، بەڵام بەدیدێکی جیاوازتر.

فیلمەکە لەوێنەگرتنی سەلام حاجی عەلییەو کۆمەڵێک کوڕو کچی هەڵەبجە بەشدارییان تێدا کردووە.

لەبارەی ئەو گۆرانییەی کەبەزمانی ئینگلیزی بەنیازبوو تۆماری بکات، لەیلای فەریقی وتی "سەرجەم کارەکانی تەواوبووەو ئێستا بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێت تاکو کلیپی بۆ بکات".

# سێ خوشکە شانۆکارەکە بۆ وازیان هێنا؟

پەسار فایەق لەهەولێر

هەرسێ خوشکە شانۆکارەکە (ئۆسکار ئیسماعیل، ڕووبار ئیسماعیل، ژیار ئیسماعیل) کەماوەیەک لەمەوبەر دەستیان لەئەندامێتی گروپی گەنج بۆ شانۆ کشاندەوە، لەبەدواداچوونێکی دەستووردا ڕایدەگەیەنن کەبەنیازن سەربەخۆتر کاربکەن.

ئەو سێ خوشکە شانۆکارە، لەزۆرێک لەبەرهەمە شانۆییەکانی گروپی گەنج بۆ شانۆ ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو، لە٢٠١٠/٤/٦، بەشێوەیەکی فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بەو گروپە کرد.

ئۆسکار ئیسماعیل یەکێک لەئەندامە سەرەکییەکانی ئەو گروپە، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەو گروپە نەبووە، بەڵام نیازی ئەوەمان هەیە سەربەخۆتر کار بکەین، بۆنمونە ئێمە ئامادەین لەگەڵ هەر گروپێک کاربکەینو یارمەتیان بدەین، چ لەڕووی ئەکتەریی یان دەرهێنان یان لەبواری تەکنیک، بەڵام نامانەوێت سەر بە هیچ گروپێک بین". ئۆسکار وتی "ئێمە شانازی بەو گروپە دەکەین کەکارمان تیایدا کردووەو ئامادەین لەکاتی پێویستدا ئەگەر کارێکی هونەرییان هەبوو کاریان لەگەڵدا بکەین".

لەلایەکی ترەوە، ڕووبار ئیسماعیل کەئەویش یەکێکە لەئەندامە سەرکییەکانی ئەوگروپە، لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەیان لەو گروپە بەدەستووری وت "هیچ هۆکارێکی دیاریکراو نەبووە بۆ ئەوەی ئێمە دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان پێشکەش بەو گروپە بکەین، تەنها بۆ ئەوەیە کە لەمەودوا بتوانین سەربەخۆتر کار بکەین".

خانمە شانۆکار لەبارەی دامەزراندنی گروپێکی شانۆیی لەلایەن ئەوانەوە، ڕایگەیاند "لەئێستادا هیچ پڕۆژەیەکی لەو جۆرەمان نییە کاری لەسەر بکەین، بەڵام ڕەنگە لەئایندەدا پڕۆژەیەکی وا هەبێت، بەڵام هێشتا بیرمان لێی نەکردووەتەوە".

ژیار ئیسماعیل ئەندامی ئەو گروپەیەو ڕۆڵی سەرەکی لەدوایین بەرهەمی ئەو گروپە بەناوی "منو شێت" بینیوە، ڕایگەیاند "ئێمە وەکو ئەندامێکی ئەو گروپە کاری شانۆییمان دەکرد، بەڵام بەفەرمی دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان پێشکەش بەو گروپە کرد، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییەو نیازی ئەوەمان هەیە کاری شانۆیی بکەین، بەڵام سەر بەهیچ گروپو لایەنێک نەبین".

لەهەریەک لەشانۆگەرییەکانی "تەنها یەک شەو"، "دیوار"و "منو شێت"، هەریەک لەڕووبار ئیسماعیلو ژیار ئیسماعیل ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، ئۆسکار ئیسماعیل یەکەم ئافرەت بوو لەو گروپەدا کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەرییەک ئەنجامدا.

گروپی گەنج بۆ شانۆ، لەساڵی ٢٠٠٧ لەهەولێر دامەزراوەو سەر بەبەڕێوەبەرایەتی تیپو سەنتەرە ڕۆشنبیریو هونەرییەکانە لەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا نزیکەی ٢٥ شانۆگەرییان لەهەرێمی کوردستانو دەرەوەی وڵات نمایشکردووە.

# وێنەو خاوەنەکانیان بەیەکگەیشتن

پەسار فایەق لەهەولێر



فۆتۆگرافەرانی کوردستانو وێنەکانیان بەیەکگەیشتن، بەمەبەستی پێشخستنی زیاتری ئەو بوارەو پەرەپێدانی.

لەهەوڵێکدا بۆ پێشخستنی هونەری فۆتۆگرافیی لەکوردستان، بەئەنجامدانی چەند چالاکییەک، دیدارێکی دوو ڕۆژە لەهەولێر بەڕێوەچوو کەفۆتۆگرافەرانی کوردستان تیایدا وێنەکانیان نمایشکردو هەوڵیشدەدەن بۆ پێشخستنی زیاتری ئەو بوارە.

لە"دیداری پێشخستنی بزاڤی هونەری فۆتۆگرافیی لەکوردستان"، فۆتۆگرافەری پارچەکانی کوردستانو شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشداربوون کە لەیەکەم ڕۆژی دیدارەکەدا ١٣٥ تابلۆی فۆتۆگرافی ڕەشوسپیو ڕەنگاوڕەنگو بەچەندین ستایلی جیاوازی فۆتۆگرافەران نمایشکران.

سۆنیا سدیق سەرنووسەری گۆڤاری تاو کەگۆڤارێکی فۆتۆگرافییەو ئەرکی ڕێکخستنی ئەو دیدارەی لەئەستۆدا بوو، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕایگەیاند "وەک دەزانن هونەری فۆتۆگرافی لەکوردستان زۆر گرنگی پێنادرێت، وەک هونەرکانی دیکە لەئەکادیمیا ناخوێندرێت، هەر ئەمەش وایکردووە فۆتۆگرافەریی ئەکادیمیمان زۆر کەم بێت". سۆنیا وتی "بیرمانکردەوە دیدارێک سازبکەین، بۆئەوەی فۆتۆگرافەرانی پارچەکانی کوردستانو شارەکانی هەرێمی کوردستان لەیەکتر نزیک بکەینەوەو لەڕێگەی ئەو چالاکییانەی لەم دیدارەدا ئەنجامدران، شارەزایی لەئەزمونی یەکتر پەیدا بکەن، لەڕێگەی ئەو دیدارەوە هەوڵمانداوە بزاڤێک بخەینە ناو هونەری فۆتۆگرافییەوە لەکوردستان".

فۆتۆگرافەر جەمال پێنجوێنی ڕایگەیاند لێرە تەنها وێنە دەگیرێت، هونەری فۆتۆگرافی هەر ئەوە نییە تۆ بێیت وێنەیەک بگریت، "ئەمەش فەلسەفەی خۆی هەیە کە تۆ دەتەوێت چی بڵێیت". پێنجوێنی وتی "هونەری فۆتۆگرافی وەک هەر هونەرێکی دیکە ئەو کەسەی کەکاری تێدا دەکات دەبێت شتێک بەجێبێڵێت، هەر ئەوە نییە تۆ بێیت وێنەیەک بگریت، چونکە هەموو کەسێک دەتوانێت وێنە بگرێت".

فۆتۆگرافەر سەفین حەمید یەکێک لەبەشداربووانی ئەو دیدارە بوو، لەبارەی ئەم دیدارەوە بەدەستووری وت "هەبوونی ئەو دیدارە زۆر گرنگە، پێویستمان بەو جۆرە دیدارانە هەیە، چونکە لەکوردستان شوێنێکی ئەکادیمی نییە بۆ فێربوونی ئەو هونەرە، بۆیە ئەم جۆرە دیدارانە هەوڵێکە بۆ ناساندنو پێشخستنی هونەری فۆتۆگرافیی لەکوردستان، دەرفەتێک بوو بۆ یەکترناسین لەنێوان فۆتۆگرافەرانی کوردستان".

سەفین حەمید باسی لەگرنگی ئەو پێشانگایە کردو ڕایگەیاند چەندین ستایلی جیاوازی فۆتۆگرافەران بەرچاو خران، بەڵام ئەوەی لەتابلۆکاندا بەدی دەکرا ئەوەبوو کەبەشێک لەفۆتگرافەرەکان بەچەندین ستایل کاریان کردبوو، پێویستە فۆتۆگرافەر ستایلێک بۆ خۆی هەڵبژێرێتو کاری لەسەر بکات، بۆئەوەی دواتر لەڕێگەیەوە بناسرێت. لەلایەکی ترەوە خانمە فۆتۆگرافەر جولی عەدنان وتی "ناتوانم بڵێم ئەمە سەرەتایەکە بۆ گرنگیدان بەهونەری فۆتۆگرافی لەکوردستان، پێموایە پێشتریش بەمشێوەیە یان بڵێین کەمێک لەمە کەمتر گرنگی بەو هونەرە دراوە، پێشتر پێشانگا کراونەتەوەو یەکجار فەرامۆش نەکراوە".

# ژیان ئیبراهیم خەیات: بەلای منەوە شانۆ زۆر خۆشترە لەدراما

سازدانی: موحسین یاسین

**شانۆکار ژیان ئیبراهیم خەیات دەڵێت من زیاتر بەهۆی زنجیرە دراماکانەوە ناسرام، ئەگەرچی بۆ شانۆ کارم کردووە، چونکە بینەری شانۆ کەمتر بووە لەدراماکان. هەروەها بەلای ئەوەوە زۆربەی گۆرانیبێژەکان دەنگیان خۆشەو وتی "لەوانە مەزهەری خالقی، ئەژدەر وەهبی، عەدنان کەریم"، وتیشی "دەنگی جیهانی براموو کیژانی خوشکیشمم پێخۆشە".**



**دەستوور:** ژیانی منداڵیت چۆن بەسەربردووە؟

**ژیان:** لەتەمەنی منداڵیدا منداڵێکی زۆر هێمنو لەسەرخۆو شەرمنبووم، هەمووکات رۆحی یارمەتیم تیابوو بەرامبەر بەدایکم بۆ کاری ناوماڵ.

**دەستوور:** یەکەم کاری شانۆیی کە لەپەیمانگا بەشداریت تیاکرد ناوی چی بوو؟

**ژیان:** یەکەم کاری شانۆییم لەساڵی ١٩٨٣بوو، دەربارەی رەزامەندی بوو کەکارێکی "برێخت"بوو، من رۆڵی حیکایەت خوانم تیا دەبینی.

**دەستوور:** تاکو ئەمرۆ لەچەند بەرهەمی شانۆییو درامیو سینەماییدا بەشداریت کردووە؟

**ژیان:** بەژمارە لەسەرخەیاڵ نیم، بەڵام کاری زۆرم هەیە، بەتایبەتی لەبواری شانۆدا.

**دەستوور:** بۆچی تۆ هەمیشە زیاتر رۆڵی دایک دەبینیت؟ دایک لەلای تۆ چ مانایەک دەبەخشێت؟

**ژیان:** هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەتوانیومە زۆر بەباشی ئەو رۆڵە بەرجەستە بکەم.

**دەستوور:** تاکو ئێستا خاوەنی چەند خەڵاتی لەبواری کاری هونەریدا؟

**ژیان:** زیاتر من خەڵاتی رێزلێنانم وەرگرتووە، بەڵام گەورەترین خەڵات بەلای منەوە کەزۆر خۆشەویستە خەڵاتی جەماوەرە کەدوای تەواوبوونی کارەکە دەستخۆشیت لێدەکەنو رێزت لێدەنێن.

**دەستوور:** عەشقی کارکردنی تۆ بۆ کامیان زیاترە، زنجیرە دراماکان یاخود شانۆ یاخود سینەما؟

**ژیان:** خۆی هەریەکەیان تاموچێژی خۆی هەیە، بەڵام زیاتر شانۆ بەلای منەوە خۆشترە.

**دەستوور:** ئەی کەواتە بۆچی لەشانۆ دوورکەوتوویتەوە؟

**ژیان:** دوورنەکەوتوومەتەوە، بەڵکو شانبەشانی بەشداریکردنم لەزنجیرە دراماکاندا، لەکاری شانۆییشدا هەر بەشداریمکردووە.

**دەستوور:** ئایا وەک پیشە، بەردەوامی بەکارەکانت دەدەیت یاخود وەک هیوایەتێک؟

**ژیان:** زیاتر لای ئێمە وەک خۆزگەیەک وایە، هەستدەکەین کەپێویستییەکە بۆ پەرەپێدان بەهونەرو خزمەتکردنی میللەتەکەمان.

**دەستوور:** دوا وێستگەی کارکردنت چییە؟

**ژیان:** ئێستا پرۆژە هەیە، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نییە کەباسی بکەم.

**دەستوور:** لەبارەی ژیانی هاوسەریتەوە، نسیبەکە نەبووە، یاخود خۆت شوت نەکردووە؟

**ژیان:** کەسی باش هەبووە، بەڵام من رەتمکردووەتەوە.

**دەستوور:** بۆچی زیاتر لەدراماکانی دەرهێنەری خوالێخۆشبوو حسێن میسری رۆڵت دەبینی، ئایا حەزی تۆبوو یاخود ویستی ئەو؟

**ژیان:** زیاتر ویستی دەرهێنەربوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ماوەیە زیاتر ئەو کاری درامای دەکردو منیش وەکو ئەکتەرێک لەشارەکەدا حەزم کردووە بەشداری بکەم.

**دەستوور:** ئەو رۆڵەی کەتەواو خۆت تیابینییەوە چی بوو؟

**ژیان:** زۆربەی ئەو رۆڵانەی کەبینیومە بەدڵمبووە، زۆربەی رۆڵەکان لەگەڵیدا ژیاومو پێمخۆش بووە، لەوانە رۆڵی "ڤیان" جوان بووە بەلامەوە، هەروەها رۆڵی "گەردە" لەدرامای "زام"دا، لەگەڵ رۆڵی دایکی خولەپیزە.

**دەستوور:** لەناو سەرجەم کارەکانتدا لەلای جەماوەر بەچ کارێک ناسرایت؟

**ژیان:** دەتوانم بڵێم زیاتر بەهۆی زنجیرە دراماکانەوە ناسرام، راستە من بۆ شانۆ کارم کردووەو لەهەشتاکانەوە کاردەکەم، بەڵام بینەری شانۆ کەمتربووە.

**دەستوور:** حەزت لەچ خواردنێکە؟

**ژیان:** هیچ خواردنێک بەلای منەوە ناخۆش نییە، هەموو خواردنێک دەخۆمو گوێی نادەمێ.

**دەستوور:** حەزت لەدەنگی چ گۆرانیبێژێکە؟

**ژیان:** زۆربەی گۆرانیبێژەکان دەنگیان خۆشە بەلامەوە، لەوانە مەزهەری خالقی، ئەژدەر وەهبی، عەدنان کەریم، جیهانی برام، کیژانی خوشکم، بەڕاستی زۆرن.

**دەستوور:** دەڵێن دڵت زۆر ناسکە؟

**ژیان:** بەڵێ، دڵم زۆر ناسکەو بەسادەترین شت زویردەبم.

**دەستوور:** چ کاتێک زۆر دەگرییێت؟

**ژیان:** زۆرکەم دەگریم، ئەگەر شتێک زۆر کارم تێبکاتو زیاتریش حەزدەکەم ئەو گریانە هەڵبگرم بۆ کارە دراماییەکانم.

**دەستوور:** ئەگەر بهاتایە بەڕاستی کچی حاجییەکی وەکو حاجی (ئەکرەم) بوویتایە، ئایا لەماڵەوە بەڕاستی هەڵدەهاتی؟

**ژیان:** بەپێکەنینەوە، یاخوا دوژمنیشم کچی حاجی ئەکرەم نەبێت، بەڕاستی دەتوانم بڵێم نمونەی باوکە خراپەکانە کە لەوانەیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا باوکی لەو بابەتە زۆر هەبێت، بەڵام ئەگەر کچی حاجی ئەکرەم بوومایە لەوانەیە ژیانم هەرنەبوایە، هەروەک چۆن لەدراماکەدا بەو شێوەیە دژی باوکم دەوەستامەوە، هەرواش بوومایە.

**دەستوور:** چ ئاواتێکت هەیە تا ئێستا نەهاتۆتەدی؟

**ژیان:** ئاوات زۆرە ئەگەر بێتەدی، بەتایبەتی ئەگەر تۆ بۆنمونە وەکو هونەر بیربکەیتەوە، هیوادارم لەگەڵ دەرهێنەری زۆرباشدا کاربکەمو حەزدەکەم کارەکانمان بگاتە ئاستی کارە جیهانییەکان، حەزیشم لەسەفەرە بۆ دەرەوەی وڵات.



شانۆکار ژیان ئیبراهیم خەیات، لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بۆ ساڵی ١٩٨٧_١٩٨٨، لەچەندین شانۆییو زنجیرە دراماو فیلمی سینەماییدا بەشداریکردووەو چەندین خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە.

## دەریا خالید، کۆن نوێ دەکاتەوە



**دەستوور:** خانمە گۆرانیبێژی دوورەوڵات، دەریا خالید رایگەیاند بەنیازە لەدەرەوەی وڵات یەکێک لەگۆرانییە کۆنەکانی نوێ بکاتەوە.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا خانمە گۆرانیبێژی دوورەوڵات دەریا خالید، بەدەستووری راگەیاند "ئێستا بەنیازم گۆرانییەکی کۆن نوێ بکەمەوە".

دەریا خالید جگەلەوەش ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەگۆرانییەکی نوێی تۆمارکردووە کەمیلۆدیی هونەرمەند جیهان ئیبراهیم خەیاتو تێکستی بەختیار فەرەجەو وتی "گۆرانیبێژو مۆزیسیان ئارا ئەحمەد کاری مۆزیکی بۆ کردووەو بەنیازم کاری کلیپیشی بۆ بکەم".

## ئازارەکانی ژنێك نمایشکرا

**پەسار فایەق لەهەولێر:** لەچالاکییەکانی پێنجەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، شانۆگەری "ئازارەکانی ژنێک" لەنووسینو دەرهێنانی شانۆکار هیوا سوعاد نمایشکرا.

شانۆگەری "ئازەرکانی ژنێک" رۆژی شەممەی رابردوو، لەهۆڵی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لەماوەی ٢٥ خولەکدا، بۆ شانۆکارانو هەوادارانی هونەری شانۆ نمایشکرا. شانۆگەرییەکە کە بەدیکۆرێکو رووناکییەکی سادە لەسەر تەختی شانۆ نمایشکرا، تیایدا هەریەک لەئەکتەران دلڤین موحسینو هێرۆ مەولودی، رۆڵیان تێدا بینی.

ناوەرۆکی شانۆگەرییەکە باسی لەئافرەتێک دەکرد کە لەهاوسەرەکەی جیابووەوەو تووشی حاڵەتێکی دەروونی نا ئاسایی ببوو، هەندێکجار هەڵدەچوو کاتێک گومانی ئەوەی دەکرد هاوسەرەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا خیانەتی لێکردووە، لەهەمان کاتیشدا هەستی بەبێ بوونی ئەو دەکرد.

دەرهێنەری بواری شانۆ هیوا سوعاد خاوەنی چەندین بەرهەمی شانۆییە، دوایین بەرهەمی نمایشکراوی شانۆگەری "شا هەر شایە"بوو کە بۆ ماوەی ٥ رۆژ بەهەوادارانی شانۆ نمایشکرا.



## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەم هەفتەیە باسی هەندێک بابەتی زۆر رۆمانسییانە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا دەکەیت، زۆر سەرنجت بەو وتانە رادەکێشرێت کە لەلایەن بەرامبەرەکەتەوە دەیبیستیت، بۆ ئەو کەسانەش کە هیچ پەیوەندییەکیان نییە هەفتەیەکی خۆشە.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

زۆر سەرسام دەبیت بەنزیکبوونەوەی کەسێکی ناسیاوت لێت، لەدۆخێکدا دەبیت کە تەنانەت هەست بەکاریگەری کەسانی دەروبەریشت نەکەیت، زۆری پێناچێت تا کاردانەوە نیشاندەدەیتو وەڵامی بەرامبەر بدەیتەوە.

## دووانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی نەرێنییە لەهەندێک رووەوە، هەندێ کەس دەناسیت کە وا دەزانیت پێشتر بینیوتن، بەڵام بیرت ناکەوێتەوە لەکوێ، دەرکەوتنەوەی دووبارەی ئەو کەسانە لەژیانتدا سودی زۆری دەبێت بۆت.

## قرژاڵ



(٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز)

کات بهێڵەرەوە بۆ ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن قسەت لەگەڵ بکەنو بیروڕات لەگەڵ بگۆڕنەوە، گوێ مەدە بەوەی کە کەسەکە لەڕەگەزی بەرامبەرتە یان نا، کاتی خۆش بەسەر دەبەیتو ئەزمونت زیاددەکات.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

حەز دەکەیت دووبارە پەیوەندییەکی خۆشەویستی گرێ بدەیتەوە، بەڵام پێویستە هێمن بیت، هەسارەکان مژدەی خۆشیان پێیە بۆت، دەکەویتەوە نێو خۆشەویستی، بەڵام بەشێوەیەک کە هەرگیز چاوەڕێت نەکردووە.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

یارمەتی کەسانی دەوروبەرت بەئاسانی وەرناگریت، پێویستە بەو جۆرە نەبیت، چونکە لەم هەفتەیەدا پێویستت بەیارمەتی هاوڕێیەکت دەبێت، وەرگرتنی هاوکاریی هاوڕێکەت، دڵخۆشی دەکات.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

لەرووی سۆزدارییەوە کەمێک بەهێزتر دەبیت، دەوروبەرەکەت مێشکو رۆحیان بۆ تۆ دەکەنەوەو بەدڵ لەگەڵت دەبن، هەفتەیەکی زۆر گونجاوە بۆ خۆشەویستی، هەندێک کاتی خۆت تەرخان بکە بۆ گەشتکردن.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

ورەت زۆر بەرز دەبێت ئەم هەفتەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لەماوەی رابردوودا چەند کێشەیەکی یەک لەدوای یەکت چارەسەر کردووە کە بێزاریان کردبوویت، هەست دەکەیت کەمێک بەهێزتر بیت لەجاران.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

بەوردی لەو پەیامانە بڕوانە کە پێت دەگات، لەوانەیە لەبیرکردنەوەی یەکەمدا زۆر گوێیان نەدەیتێ، بەڵام دوای ئەوەی بیریان لێدەکەیتەوەو بەدوایاندا دەچیت تێدەگەیت زۆر لەوە جیاوازە کە بۆی چووبوویت.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

کەسێک کە پێشتر بینیوتەو ئارەزووەکانی جوڵاندوویت دێتەوە نێو ژیانت، ئەو کەسە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر بەلای خۆیدا راتبکێشێت، ئەمە نمونەیەکە لەوەی کە چۆن هەست زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵدا.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

ئەم هەفتەیە لەنێوان ترسو هیوادا بەسەر دەبەیت، پێویستە هەندێک کار لەسەرەتاوە دەستپێبکەیتەوە، لەبەرئەوەی بەرێگایەکی هەڵەدا رۆیشتوون، لەوانەشە ئەمە تا ماوەیەکی زۆر لێت نەبێتەوە.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

لەم هەفتەیەدا زۆر گەشبینانە تەماشای دنیا دەکەیت، ژیان بەدەمتەوە پێدەکەنێت، پێویستە خاوەنی باوەڕێکی پتەو بیت، ئەو هەستەی کە لەم ماوەیەدا دەبیتە خاوەنی هەرگیز نەتبووە.

# بەبێ هەڵبژاردن بوون بەنوێنەر

## ڕاگرایەتی کۆلێژی ئادابی خانەقین تەنها ڕێگە بەکۆمەڵەی خوێندکاران دەدات چالاکی ئەنجامبدەن

فەرمان پێشەوا لەخانەقین

کۆمەڵەی خوێندکاران خۆی بەنوێنەری ڕاستەقینەی خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین دەزانێتو ڕێگە بەڕێکخراوەکانی تر نادەن چالاکی ئەنجامبدەن، ڕاگرایەتی کۆلێژەکەش تەنها پشتگیری ئەوان دەکەن.

ئەمە لەکاتێکدایە تاوەکو ئێستا هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیانو خوێندکاران لەو کۆلێژەدا ئەنجام نەدراوە.

کۆلێژی ئادابی خانەقین لەمانگی ٩ی ساڵی ٢٠٠٤ وەک کۆلێژێکی زانکۆی سلێمانی کراوەتەوە، نزیکەی ٢٠٠٠ خوێندکاری تێدایە، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکارانی تێدا ئەنجامنەدراوە.

نوێنەرانی چەند ڕێکخراوێکی خوێندکاری لەو کۆلێژەدا هەیە وەک (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانو یەکێتی قوتابیانی پارتیو یەکێتی گشتی قوتابیانی شیوعی، ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانو ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان).

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانە خۆی بەنوێنەری خوێندکارانی کۆلێژەکە دەزانێت، ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانی تر بۆ ئەوەی چالاکییەک ئەنجامبدەن دەبێت ڕەزامەندی کۆمەڵەی خوێندکاران وەربگرن.

ڕاگری کۆلێژی ئادابی خانەقین پێیوایە کۆمەڵەی خوێندکاران براوە بوون لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣ لەزانکۆی سلێمانی، بۆیە تەنها بۆ ئەو ڕێکخراوە هەیە چالاکی ئەنجامبدەن لەناو کۆلێژەکەیاندا.

د.محەمەد زەهاوی ڕاگری کۆلێژی ئادابی خانەقین بەدەستووری ڕاگەیاند "یەکێتی قوتابیانو یەکێتی گشتی قوتابیان نوێنەری ڕاستەقینەی کۆلێژ نین، بۆیە ناتوانم بوار بدەم بەئەوان چالاکی ئەنجامبدەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵەی خوێندکاران سەرکەوتوو بوون لەهەڵبژاردندا دەبێت کۆمەڵەی خوێندکاران چالاکی بنوێنن".

د.محەمەد زەهاوی وتیشی "کۆمەڵەی خوێندکاران نوێنەری ڕاستەقینەی کۆلێژی ئادابی خانەقینە بەپێی ئەو هەڵبژاردنەی کە ئەنجامدرا لەکۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٣".

ڕاگری کۆلێژ ئەو هەڵوێستەی ڕاگرایەتی بەدەستوەردانی حیزبی نازانێتو دەڵێت "بە هیچ شێوەیەک حیزب دەستوەرنادات لەکاروباری کۆلێژی ئادابی خانەقین".

یەکێتی قوتابیانی پارتی ئاماژە بەوەدەکەن کە لەگەڵ یەکێتی گشتی قوتابیانی شیوعیدا زۆر هەماهەنگن لەکارو چالاکییەکاندا، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران بەو شێوەیە نین.

ئیدریس محەمەد کارگێڕی یەکێتی قوتابیانو بەرپرسی لقی کۆلێژو پەیمانگاکانی خانەقین ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان زۆر هەوڵیانداوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاراندا، "بەڵام کۆمەڵەی خوێندکاران وەکو ئێمە هەوڵیاننەداوە بۆ هەماهەنگی دروستکردنو بەدەم داواکارییەکانی ئێمەوە نەهاتوون".

بەرپرسی لقی کۆلێژو پەیمانگاکانی خانەقین وتی "ئێمە هیچ ڕێکخراوێک بەنوێنەری کۆلێژ نازانین، چونکە هەڵبژاردن لەو کۆلێژە ئەنجام نەدراوەو ناکرێت ڕاگری کۆلێژ ڕێکخراوێک بەنوێنەری کۆلێژ دابنێتو لەو نێوانەدا ڕێکخراوەکانی تر فەرامۆش بکرێن".

تائێستا لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا کۆمەڵەی خوێندکارانو لەناوچەکانی ژێردەستی پارتیدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان خۆیان بەنوێنەری قوتابیان دادەنێن، فشار بۆ کارو چالاکی ڕێکخراوەکانی تر دروستدەکەن.

ئیدریس وتی "ئێمە وەک یەکێتی قوتابیان کە سەر بەپارتین خۆمان بەنوێنەری گشت قوتابیانی دەڤەری هەولێر دانانێین، لەبەرئەوەی ڕێکخراوی تر هەیە وەک کۆمەڵەی خوێندکارانو ڕێکخراوەکانی تر، بەڵام کۆمەڵەی خوێندکاران ئەو مافە نادەن بەئێمە".

فواد ئەحمەد بەرپرسی لقی کۆلێژی ئادابی خانەقینی یەکێتی گشتی قوتابیانی شیوعی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی پارتیدا زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاراندا پەیوەندییان باش نییە.

بەرپرسی لقی کۆلێژی ئادابی خانەقینی یەکێتی گشتی قوتابیانی وتی "کۆمەڵەی خوێندکاران فشار دەخەنە سەر ڕاگرایەتی کۆلێژو قبوڵ ناکەن ئێمە لەناو کۆلێژدا هیچ چالاکییەک ئەنجام بدەین".

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران جەخت لەوە دەکەنەوە کە نوێنەری سەرجەم قوتابیانو خوێندکارانن، ئەوەش ڕەتدەکەنەوە کە ڕێگری لەکاروچالاکی ڕێکخراوەکانی تر بکەن لەناوەندەکانی خوێندندا.

وەزیرە عەلی بەرپرسی لقی خانەقینی کۆمەڵەی خوێندکاران دەڵێت "ئێمە خۆمان بەنوێنەری ڕاستەقینەی کۆلێژی ئادابی خانەقین دەزانین، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە گوایە ئێمە بوار بەڕێکخراوە خوێندکارییەکانی تر نادەین کاروچالاکی ئەنجام بدەن ئەوە هیچ ڕاست نییە".

هەروەها وتی "بەو پێیەی ئێمە لەهەڵبژاردندا زۆرترین دەنگمان بەدەستهێناوە دەبێت ئەو ڕێکخراوانەی تر بێن لەڕێگەی ئێمەوە چالاکی ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوان خۆیان نایانەوێت".

# خوێندنگەی نازەنین بێنازە

## بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە خوێندکاران چەندین وانەیان فەوتاوەو خوێندنگەکەشیان مەترسی ڕووخانی لێدەکرێت

زانیار لەداقوق

بینای خوێندنگەیەکی دواناوەندی مەترسی ڕووخانی لێدەکرێتو بەهۆی نەبوونی مامۆستاشەوە تائێستا قوتابییەکانی چەندین وانەیان فەوتاوەو بەرپرسانی پەروەردەی کەرکوکیش وەڵامی داواکارییەکانیان نادەنەوە.

بینای خوێندنگایەکی دواناوەندی لەداقوق کەپێکهاتووە لەدوو خوێندنگای دواناوەندی بەشی کوردیو عەرەبی لەیەک بینادا دەوامدەکەنو ڕێژەی خوێندکارەکانیشی نزیکەی ٦٥٠ خوێندکارە، ماوەی ٥ساڵە بیناکەیان مەترسی ڕووخاندنی لێدەکرێتو ماموستایانو خوێندکاران لەمەترسی کاولبوونی خوێندگاکەیان لەدڵەڕاوکێو مەترسیدان.

ئەو دوو خوێندنگایە کەپێکهاتوون لەدواناوەندی نازەنینی کچانی بەشی کوردیو دواناوەندی شەفەقی کچانی بەشی عەرەبی، جگە لەمەترسی ڕووخاندنی بیناکە دواناوەندی نازەنین ماوەی ٥ساڵە مامۆستای زمانی کوردی تێدانییەو کێشەی کەمی پۆلی خوێندنیشیان هەیە.

ئەنەس مەجید مامۆستای دواناوەندی نازەنین بەدەستووری وت "ماوەی پێنج ساڵە خوێندنگاکەمان مامۆستای وانەی کوردی نییە".

ئەو مامۆستایە ئاماژەی بەوەشدا کە جگە لەمامۆستای بەشی کوردی سێ پۆلی خوێندنیان پێویستە.

م.ئەنس وتی "بەهۆی بێهێزبوونی بیناکە مەترسی لەڕووخاندنی هەیە".

مامۆستا محەمەد ئەمین مامۆستای دواناوەندی نازەنین ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە خوێنگاکەیان ماوەی دوو مانگە مامۆستای بیرکاریو فیزیای نییە. م. محەمەد وتیشی "چەندینجار داوامان لەپەروەردەی کەرکوک کردووە بۆ نۆژەنکردنەوەی خوێندنگاکەمان، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە".

زاهیر بەکر ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقوق لەلیژنەی پرۆژەکان بەدەستووری وت "ئێمە وەک ئەنجومەنی قەزای داقوق داوامان لەپەروەردەی کەرکوک بەشی پرۆژەکان کردووە بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی ٣٢ پۆل".

هەرچەندە بەشی کوردی لەپەروەردەی کەرکوک لەهەوڵی دامەزراندنی مامۆستادایە، بەڕێوبەری پەروەردەی کەرکوک بەشی کوردی جەخت لەوەدەکاتەوە کە ناتوانن مامۆستا بۆ ئەو خوێندنگەیە دابین بکەن.

م. ڕەئوف سەعدوڵلا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەکەرکوک بەدەستووری وت "ئێمە بۆ دامەزراندنی مامۆستای خوێندنی کوردی بۆ شاری کەرکوک ناوی ٧٥ماموستامان تۆمارکردووە". م. ڕەئوف ڕوونیشیکردەوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی دراوە، بەڵام تائیستا وەزارەتی دارایی هەرێم بڕیاری بۆ ئەو مامۆستایانە دەرنەکردووە.

لەلایەکی ترەوە یوسف سەعید بەڕێوبەری پەروەردەی بەشی کوردی لەکەرکوک بەدەستووری ڕاگەیاند "٣٠ مامۆستای زمانی کوردیمان هەیەو توانامان نییە بۆ دواناوەندی نازەنینی کچانی تەرخان بکەین".




**خوێندنگاکانی کەرکوک فەرامۆشکراون.** فۆتۆگراف: زانیار داقوقی

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## زمانو بیرکردنەوە

ئایا ئەو منداڵانەی لەزمانو داڕشتنی زمانەوانیدا خاوەنی سەلیقەیەکی باشن دەتوانن لەوانی دیکە باشتر بیربکەنەوە؟ ئەو سەلیقەیە بەچ جۆرێک یارمەتی منداڵ دەدات بۆئەوەی بنەماکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی لەلا دروست ببێت؟ بەپێچەوانەشەوە ئایا دەکرێ زمان هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەو بوارەدا نەبێتو تەنها ئامڕازێک بێت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان؟ زمان گوزارش لەزانستی منداڵان دەکات یا گوزارش لەکاردانەوەو بیروبۆچوونەکانیان دەکات؟ ئایا زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپرۆسەی بیرکردنەوەوە لەلای منداڵان هەیە یا پێچەوانەکەی دروستە؟

لەم بوارەدا ژان پیاژێ چ لەکتێبی (زمانو بیرکردنەوە) داو چ لەلێکۆڵینەوەکانی دیکەشیدا زۆر بەڕوونی هەڵوێستی خۆی دیاریکردووە کە زمان بیرکردنەوە لەلای منداڵ دروست ناکات، بەڵکو ئەوەی بیرکردنەوە دروست دەکات ئەو مامەڵە کۆنکرێتییە کە ئەوان لەگەڵ شتەکاندا بەرجەستەی دەکەن.

بەشێوەیەکی دی کاتێک منداڵ یاری بەشتێک دەکاتو ئەم دیوو ئەو دیوی دەکات بۆئەوەی ئەم کارە ناکات کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، بەڵکو بەپلەی یەکەم ئەو بۆ یاریکردنو کات بەسەربردن ئەو کارە دەکات، بەڵام لەو کاتەدا ئەوی منداڵ بیر لەزۆر شتی دیکە دەکاتەوە کە جۆری ئەو شتە یا یارییە فەرزی دەکاتو لەقۆناغێکی دواتریشدا بەدوای هۆکارەکاندا دەگەڕێتو لەوانەیە شیکردنەوەش بۆ ئەو هۆکارانە بکات. بەشێوەیەکی دی زمان ئەوەندەی زانستی منداڵ لەبارەی شت یا ڕووداوەکانەوە دەردەخات، بیرکردنەوەو کاردانەوەی ئەو منداڵانە دەرناخات.

لەهەمان سەردەمو بەپێچەوانەی پیاژێ - وە ڤیگۆجیسکی لەکتێبێکدا کە هەمان ناوی هەیە، پێی وایە هەر منداڵێک لەزماندا خاوەنی سەلیقەیەکی باش بوو مانای وایە خاوەنی ئامڕازێکی باشە کە دەتوانێت لەبواری بیرکردنەوەو شیکردنەوەدا بەکاری بهێنێت.

پیاژێ زیاتر لەجێگایەکدا زۆر بەتوندی دژی ئەوە وەستاوەتەوە کە زمان لەپرۆسەی بیرکردنەوەدا ئەو ڕۆڵەی بدرێتێ، لەو جێگایانەدا کە باس لەبیرکردنەوەی لۆژیکی دەکات، بەڕوونی ئەوەی شیکردۆتەوە کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەزمانەوە نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا کە پیاژێ پێی وایە زمان بەتەنیا بیرکردنەوە دروست ناکات، نکوڵی لەڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی زمان ناکاتو پێی وایە زمان یارمەتی ئەوە دەدات کە پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بچێت، چونکە زمان دەتوانێت پەیوەندییە پارادۆکسالەکانی ناو پرۆسەی بیکردنەوە ئاڵۆزتر بکاتەوەو گەشەیان پێبدات.

فورپ لەکتێبی (بیرکردنەوە بەبێ زمان) ئەوەی دەرخستووە کە منداڵە کەڕولاڵەکان بەهەمان ئەندازەی منداڵە ئاساییەکانی دیکە دەتوانن سیمبۆلە لۆژیکیەکان بەکاربهێنن، بەڵام منداڵە نابیناکان دوای چوار ساڵ لەو تەمەنە ئەوجا دەتوانن بەهەمان شێوە ئەو سیمبۆلانە بەکار بێنن.

فورپ ئەوەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە نابیناکان بەهۆی لەدەستدانی چاوەکانیان توانای لاساییکردنەوەو توانای تێگەیشتنی ئەو پەیوەندییانەشیان نامێنێت کە لەڕێگای مامەڵەکردنی کۆنکریتیانەوە لەگەڵ شتەکاندا دێنە ئاراوە.

لەلایەکی دیکەوە سینگلێر ئەوەی سەلماندووە توانای ئەو منداڵانەی لەڕووی زمانەوە لاوازنو گەورەکان باسی چەمکێکی دیاری کراویان بۆ دەکەنو بۆیان شیدەکەنەوە لەگەڵ ئەو منداڵانەی خۆیان کار لەگەڵ ئەو چەمکانەدا دەکەنو لەڕووی زمانەوە گرفتیان نییە زۆر جیاوازە، بەشێوەیەکی دی گروپی دووەم توانای بیرکردنەوەیەکی باشتریان لەگروپی یەکەم هەیە.

پیاژێ پێی وایە لەگەڵ ئەوەشدا زمانو بیرکردنەوە لەیەکەوە زۆر نزیکنو لەناو یەک سیستمدا کار دەکەن، بەڵام دوو شتی جیاوازیشن، زمان بەڕادەیەکی زۆر زیاتر لەبیرکردنەوە پابەندی هەندێک فۆرمی هاندانە لەژینگەی دەوروبەرەوە، بۆ نمونە ئەو منداڵە ڕەشپێستە ئەفریقیانەی لەناو جەرگەی شارە گەورەکاندا دەژینو لەڕوانگەی گەشەسەندنی زمانەوە دواکەوتوون، لەهەمان کاتدا لەڕوانگەی ئۆپەراسیۆنە کۆنکریتیەکانیەوە (کە منداڵ لەوتەمەنەدا هەیەتی) دواکەوتوو نین، لەو ڕوانگەیەوە نەک منداڵی ئەو شارە گەورانە، بەڵکو منداڵی گوندەکانی ئەفریقاو هۆنک کۆنگیش تەقریبەن لەهەمان تەمەندا لەگەڵ منداڵی چینی ناوەڕاستی شارە پێشکەوتووەکاندا توانای ئۆپەراسیۆنی کۆنکریتیان لەلا دروست دەبێتو گەشە دەکات.

بۆئەوەی بەدروستی لەپیاژێ تێبگەین دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە کە گەشەکردنی زمانو بیرکردنەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. پیاژێ پێی وایە زمانو بیرکردنەوە دوو شتی جیاوازن، چونکە زمانێکی گەشەکردوو لەلای منداڵ مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گەشەسەندنی مەعریفیو بیرکردنەوە لەلای هەمان منداڵ بەو ڕادەیە گەشەی کردووە. زۆرجار ئەو هەڵەیە لەلایەن مامۆستاکانەوە کراوە کە منداڵی چینەکانی ناوەڕاست لەبەرئەوەی زمانەکەیان باشترە بۆیە باشتر بیردەکەنەوە یا لەوە زۆرتر دەزانن کە دەری دەخەن، بەپێچەوانەشەوە هەندێکجار وادەزانرێت ئەو منداڵانەی لەگەشەسەندنی زماندا دواکەوتوون تواناو بەهرەی عەقڵیان دواکەوتووە.

زمان بیرکردنەوە لەلای منداڵ دروست ناکات، بەڵکو ئەوەی بیرکردنەوە دروست دەکات ئەو مامەڵە کۆنکرێتییە کە ئەوان لەگەڵ شتەکاندا بەرجەستەی دەکەن

www.arsivakurd.org

# حکومەت بەشە خۆراکی مانگانەی بیرچووەتەوە

## چوار مانگە پسوڵەی خۆراکی ٢٠١٠ نەهاتووەو نرخی خواردەمەنییەکانیش لەبەرزبوونەوەدایە

مەعاز فەرحان لەسلێمانی



هاووڵاتیان لەچاوەڕوانی هاتنی بەشە خۆراکی مانگانەدان. فۆتۆگراف: مەعاز فەرحان

دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر ساڵی ٢٠١٠ دا تائێستا پسوڵەی خۆراک نەگەیشتووەتە کوردستان، لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵنیانین کەی ئەو پسوڵانە دەگەنە هەرێم، هاووڵاتیانیش حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەم دەزانن.

هاووڵاتیان پێیانوایە ئەو بەشە خۆراکەی (بایەعی) کە مانگانە وەریدەگرن کەموکورتی زۆری تێدایە، سەرەڕای ئەوەی لەکاتی خۆیدا نادرێت.

ئێستا لەشاری سلێمانیدا ئاردی مانگی دوانزەی ٢٠٠٩ بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشدەکرێتو تائێستا پسوڵەی چوار مانگی ٢٠١٠ کە هاووڵاتیان بەشەخۆراکی مانگانەی پێوەردەگرن نەگەیشتووەتەوە هەرێمی کوردستان.

هاووڵاتیان ئەو خواردنو پێداویستییانەی کە وەریدەگرن زۆربەکەم دەزانن و ئاماژە بەوەشدەکەن کە پێشتر ناوی خۆراکی جۆراوجۆریان بیستووە کە گوایا دەدرێت، کەچی دەڵێن "هەر قسەبووە"، گلەیی ئەوەش دەکەن کە کەموکورتی زۆر لەجۆری خواردنەکاندا هەیەو کەس گوێی پێنادات.

زۆرێک لەهاووڵاتیان ئەو کاتانەی کە بەشەخۆراک بەباشی دەهات، خۆراکی زیادەیان لەبازاڕدا بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشتەوە، کەچی ئێستا زۆربەگران دەیکڕنەوەو نرخی خواردەمەنییەکان لەبەرزبوونەوەی بەردەوامدایە.

فەرەیدون حەمەڕەحیم ٤٧ ساڵ دوکانی بەقاڵی هەیە وتی "جاران خۆراکی زیادەمان بەنرخی هەرزان دەفرۆشتەوە، کەچی ئێستا بەگران دەیکڕینەوەو دووقات باجەکەی دەدەینەوە".

فەرەیدون ئاماژەی بەوەدا کە بەشەخۆراکی مانگانە بەکەموکورتی وەردەگرنو وتی "هەموو جۆری خۆراکەکان پێکەوە وەرناگرین، بەس ئاردەکە بەکەڵک دێت ئەویش درەنگ دەیدەن، لەدەجار جارێک برنجەکە بەکەڵک دێت".

مام کەمال ٥٧ ساڵ، هیوادارە پسوڵەی خۆراکیان بەزووی بۆ بێتو وتی "بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بەشە خۆراکی مانگانە شتێکی باشە ئەگەر بەتەواوەتی بیدەن، بەداخەوە جاران دەیانووت پەنیرو گۆشتو نیسکو ..هتد دەدەن، کەچی هەر قسە بوو".

زۆرێک لەو دوکاندارانەی کە خۆراک دەکڕنو دەفرۆشن دەڵێن لەکاتی دابەشکردنی بڕە خۆراکی مانگانەدا، خەڵک خۆراکی زۆریان پێدەفرۆشتنەوە، بەڵام کە ئەو دابەشکردنە دوادەکەوێت خەڵک خۆراک لەمان دەکڕێتەوە.

فەرهاد جەلال ٤٢ساڵ دوکانی وشکەفرۆشی هەیە وتی "تا فۆڕمەکان تازەنەکرێنەوە خەڵک شت نافرۆشێت، چونکە بەس ئاردەکە زۆرە، جاران خەڵک خۆراکی زۆری دەفرۆشتەوە وەکو شەکرو ئاردو برنج، کە بەشەخۆراکی مانگانە درەنگ بدرێت خەڵک ناچارە بەنرخێکی گرانتر ئەو خواردنانە بکڕێتەوە".

ئەو دوکاندارە کە بەکیلۆ ئاردو برنج بەکڕیارەکانی دەفرۆشتەوە وتی "خەڵک لەبەرئەوە ئەو خۆراکانە دەفرۆشنەوە، چونکە زۆربەیان بەکەڵکی خواردن نایەن، خۆتان دەزانن ئێستا رێکلام بۆ چەندین برنجی جۆراوجۆر دەکرێت، کێ برنجی بایەعی دەخوات".

عوسمان قادر ئیشی کڕینو فرۆشتنی ئاردە، ئاماژەی بەوەدا کە بەشە خۆراک بێت خەڵکی ئاردی زۆریان بۆ دەهێننو پێیاندەفرۆشنەوەو بەپێچەوانەشەوە، "زۆربەی جارەکان ئاردی بایەعی بەکەڵکی هیچ نایەت".

عوسمان پێیوایە جیاوازی هەیە لەنێوان جۆری ئاردی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ پارێزگاکانی عێراقدا، ئەو وتی "ئەوەندەی من ئاگاداربم ئاردی سلێمانیو هەولێر لەئاردی موسڵو بەغدا خراپترە، ئاردی سلێمانی بەکەڵکی عەلەف دێت، ژن هاتووە بۆلامان وتویەتی هەویرم فڕێداوە، باشە ئەگەر ئاردی بەشەخۆراکی مانگانە باش بێت خەڵک وادەڵێت".

رێکخەرانی پسوڵەی خۆراک هۆکاری دواکەوتنی پێدانی پسوڵەی خۆراک بۆ حکومەتی ناوەند دەگێڕنەوەو دڵنیانین کەی بەشە خۆراک بەهاووڵاتیان دەدرێت.

بەیان ئەحمەد بەڕێوبەری رێکخستنی پسوڵەی خۆراکی سلێمانی سەبارەت بەهۆکاری دواکەوتنی پسوڵەی بەشە خۆراکی مانگانەی ساڵی ٢٠١٠ پێیوایە دوو هۆکار هەیە.

ئەو وتی "یەکەمیان بەهۆی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقو پشووەکانی مانگی ئازارەوە، دووەمیشیان ئەوەیە ئەمساڵ تەنمینی مەرکەزی بەغدا ئاگاداریانکردینەوە کە دەبێت فەرمانبەر لێرەوە بنێرین بۆ بەغداد لەوێ وردبینی فۆڕم بکرێت، هیچ ساڵێک بەو شێوەیە نەبووەو ئێمەش چاوەڕێی وەزارەتی بازرگانی دەکەین تا وەڵامان بدەنەوە، چونکە تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە بۆ ئەوەی فەرمانبەر بنێرین".

بەیان سەبارەت بەگلەیی هاووڵاتیان لەبەشە خۆراکو دواکەوتنی فۆڕمەکان وتی "خراپی جۆرەکانی پەیوەندی بەکۆمپانیای دابەشکردنی خۆراکەوە هەیە، هەموو ساڵێک فۆرم دواکەوتووە، بەڵام هیچ ساڵێک بەم شێوەیە نەبووە".

هەروەها وتی "ئێمە تەنیا لەفۆڕمەکانو رێکخستنیان بەرپرسینو هەرشتێک کە پەیوەندی بەفۆڕمەوە هەبێت، جارێ دیاریش نییە کەی فۆڕمەکان دێن، بەڵام لەم هەفتەیەدا چاوەڕێی وەڵامین".

# لێخوڕە، بەردەوام پێشڕەوی بۆ تۆیە!

## ئەو شارەی دەیەوێت ببێتە پارێزگا تائێستا ترافیک لایتی تێدا نییە

هونەر زەنگەنە لەکەلار

بەهۆی نەبوونی ترافیک لایت لەشارۆچکەی کەلاردا، رۆژانە چەندین رووداوی هاتووچۆ روودەدات، لەکاتێکدا شارۆچکەکە لەفراوانبووندایەو رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەئۆتۆمبێلی ناوخۆو شارەکانی تری عێراقو کوردستان دەڕژێنە ناو شەقامەکانییەوە.

بەرپرسانی هاتووچۆ ئاماژە بەوەدەکەن کە بەهۆی زۆری رووداوەکانەوە بڕیاریانداوە دوو ترافیک لایت بەزووترین کات دابنێنو لەئایندەشدا ترافیک لایت بۆ شەقامەکانی تریش دابنێن.

تەنها لەناو شارۆچکەی کەلاردا ١٠هێڵ هەیە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان، رۆژانەش چەندین ئۆتۆمبێلی تر لەناوچەکانی تری گەرمیانەوە وەکو (خانەقینو کفریو جەلەولا) روودەکەنە شارەکە، جگە لەمانەش ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لەناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق لەکاتی سەردانکردنیان بۆ کوردستان بەکەلاردا تێپەڕدەبن، ئەوەش قەرەباڵغییەکی زۆری دروستکردووەو رووداوەکانی هاتووچۆی زیادکردووە.

هەرچەندە خەڵکی گەرمیانو بەرپرسانی ناوچەکەش لەهەوڵی ئەوەدان گەرمیان بکەنە پارێزگایەک، بەڵام تائێستا ناوچەی گەرمیان بەدەست کۆمەڵێک کێشەی سەرەتاییەوە دەناڵێنێت.

ئاری بورهان یەکێکە لەشۆفێرەکانی ناو شار کە لەهێڵی نێوان (شەهیدان - بازاڕ) کاردەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشەی زۆریان هەیە لەرووی هاتووچۆوە، نەبوونی ترافیک لایتیش یەکێکە لەکێشەکانیان.

ئاری وتی "نەبوونی ترافیک لایت کاریگەری زۆری کردووەتە سەرمان، چونکە زۆرجار هاووڵاتی لەفلکەکاندا تێپەڕدەبێت بێئەوەی گوێ بداتە رێنمایی هاتووچۆ، بەڵام ئەگەر ترافیک لایت هەبێت، ئەوا نەئێمە تووشی کێشە دەبین نەهاووڵاتیان".

هاووڵاتیانو شۆفێرانیش داوا دەکەن بەپێی پێویستی شەقامەکان لەزووترین کاتدا ترافیک لایت دابنرێت بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ.

کاروان مەحمود هاووڵاتییەکی شاری کەلارە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شارەکەیان رۆژ بەرۆژ لە فراوانبووندایەو ئۆتۆمبیلێکی زۆر لەشارەکەدا بوونی هەیە. ئەو وتی "بەڵام نازانم بۆچی تائێستا ترافیک لایتی تێدا نییە، چونکە ئێمەش وەکو هاووڵاتی زۆرجار لەرێنمایی هاتووچۆ تێناگەینو زۆر جاریش پۆلیسی هاتووچۆ لەشەواندا لەفلکەکاندا ناوەستێت، بەمەش قەرەباڵغییەکی زۆر دروستدەبێتو کێشەی زۆر گەورەی دروستکردووە".

کاروان وتی "داواکارین لەبەرپرسانی هاتووچۆ ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن".

بەرپرسانی هاتووچۆ هاووڵاتیانو شۆفێرانیش دڵنیادەکەنەوە کە چەند ترافیک لایتێک لەناو شاری کەلاردا دادەنرێت.

عەقید ناسر بەڕێوبەری هاتووچۆی گەرمیان بەدەستووری راگەیاند "ئێستا لیژنەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی پێکهێنراوە بۆ دانانی دوو ترافیک لایت، کە هەریەکەیان بڕی تێچوونی دەگاتە ٢٥ ملیۆن دینارو بودجەکەشی بۆ تەرخانکراوە".

بەپێی وتەی ئەو بەڕێوبەرە یەکێک لەو ترافیک لایتانە دەکەوێتە ناو فلکەی بازاڕو ئەوی تریان دەکەوێتە فلکەی مەڵبەندو وتی "لەماوەیەکی کەمدا دەستدەکرێت بەکارەکانی".

نەبوونی ترافیک لایت لەقەزای کەلاردا لەکاتێکدایە چەندین جار بەرپرسانی گەرمیانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو هاووڵاتیانی ئەو قەزایەو گەرمیان بەتایبەت، داوا دەکەن گەرمیان بکرێتە پارێزگاو مەڵبەندی پارێزگاکەش لەقەزای کەلاردا بێت.

تەنها لەمانگی شوباتدا لەناوەوەی کەلاردا، ئەو رووداوانەی بەهۆی هاتوچۆوە روویانداوە، گەیشتوونەتە ٥ رووداو، لەدەرەوەی کەلاریش ١٥ رووداوی هاتووچۆ روویانداوە، لەو رووداوانەشدا ٤ کەس گیانیان لەدەستداوەو ٢٤ی تریش بریندار بوون.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان لە ساڵی ٢٠٠٩دا ١٨٩ رووداوی هاتووچۆ لەناوەوەو دەرەوەی کەلار روویانداوەو نزیکەی ٢٤کەس گیانیان لەدەستداوەو ٢٤٠ کەسیش برینداربوون.

عەقید ناسر جەختی لەوەش کردەوە کە جگە لەو دوو ترافیک لایتەی بڕیارە دابنرێت، پێویستیان بە ١٠ترافیک لایتی تر دەبێت بۆ ناو شاری کەلار. ئەو وتی "چونکە رووداوەکانی ناو شار زۆرن، بەدانانی ئەم ترافک لایتانەش رووداوەکان کەمتر دەبنەوە، داواشمان کردووە بۆ ناوچەکانی تری گەرمیان وەکو کفریو چەمچەماڵو خانەقین ترافیک لایت دابنرێت".



نەبوونی ترافیک لایت چەندین رووداوی هاتوچۆی دروستکردووە. فۆتۆگراف: هونەر زەنگەنە

# هاوسەرگیری لەپێناو پارەدا یەکسانە بەکەلێنێکی ڕۆمانسی

## ئەو کچانەی لەپێناو پارەو دەوڵەمەندیدا هاوسەرگیرییان کردووە پەشیمانن

کامەران کەریم لەشارەزوور



ئەو کەسانەی تەنها لەپێناو پارەدا هاوسەرگیری دەکەن سەرکەوتوو نابن

کاڵێ دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا، بووە خاوەن پارەیەکی زۆرو هەر کاتێک بیویستایە هەموو شتێک دەهاتە بەردەستی، بەڵام کەلێنێکی ڕۆمانسی بۆ دروستبوو.

کاڵێ ئەوکاتەی دەچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە لەپۆلی سێی ناوەندی بووە، وەک خۆی دەڵێت بەدەوڵەمەندیو شوێنی کۆمەڵایەتی هاوسەرەکەم سەرسام بووم.

دوای ماوەیەک لەتێپەبوونی ژیانی هاوسەرگیری، ئەو هەموو پارەیەی لەبەردەستی کاڵێ بوو خۆشحاڵی نەدەکردو تەنانەت حەزی لەکڕینی ئەو شتانەش نەما کە تامەزرۆی کڕینیان بوو. ئەو دەیویست هاوسەرەکەی کەلێنە ڕۆمانسییەکەی بۆ پڕبکاتەوە کە بۆی دروستکردبوو. کاڵێ وتی "فەرامۆشی کردم پێچەوانەی ئەوەبوو کە من چاوەڕێم لێدەکرد".

هەندێک لەکچان لەپێناو دەستکەوتنی سەقامگیری دارایی، شوو بەکەسانی دەوڵەمەند دەکەن، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوەدەکەن ئەو کەسانەی لەپێناو پارەو دەوڵەمەندیدا هاوسەرگیری دەکەن سەرکەوتوو نابن.

بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە کاڵێ وتی "من شوومکردووە بەپارە، بەڵام باجی ئەو هەڵەیەم هەر زوو وەرگرت، هەموو ئەمانە ناکاتە ئەو بۆشاییە خۆشەویستییەی کە چاوەڕێبووم بۆم پڕکاتەوە".

سێوە محەمەد یەکێکیترە لەو کچانەی کە شووی بەپیاوێکی دەوڵەمەند کردووە دەڵێت "من بەنیازبووم لەڕێگەی شووکردنم بەپیاوێکی دەوڵەمەند هەموو ئاواتەکانم بهێنمەدی، کەچی بۆم ڕوونبووەوە کەمن ڕۆژانە ئازاری خۆم دەدەم".

هاوسەرەکەی سێوە لەڕووی تەمەنەوە زۆر لەسێوە گەورەترە، بەجۆرێک سێوە حەزناکات لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە. سێوە وتی "شەرم دەکەم لەگەڵ مێردەکەم بچمە دەرەوە، چونکە لەخۆم زۆر گەورەترە".

هەندێک لەکچان بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوەبکەن تاچەند دەتوانن لەڕووی کۆمەڵایەتیو تەمەنو هەڵسوکەوتەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا بژین کە لەئایندەدا دەبێتە هاوسەری ژیانیان، بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن.

چیرۆکی شنۆ عەبدوڵڵا نزیکە لەچیرۆکی کاڵێو سێوە، شنۆ شوویکردووە بەکوڕێکی گەنجی زۆر دەوڵەمەند، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئەوەیە کە لەیەکتر تێناگەن، ئەمەش کێشەی زۆری بۆ دروستدەکردن تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی لەیەکتر جیاببنەوە.

شنۆ ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هەرگیز هەستی بەخۆشەویستی نەکردووەو "خۆشمنەویستوە"، بەڵام هەستم بەدڵنیایی دارایی کردووە هەمیشە "حەزم لەجلوبەرگی جوانوخانووی باشو ئۆتۆمبێل دەکرد، ئەو زۆر بەئاسانی ئەوانەی بۆ دابین دەکردم"، بەڵام ئەوانە بۆ شنۆ هەموو شتێک نین. شنۆ وتی "زۆر عاشقی سامانەکەی بووم ئیتر خەسڵەتەکانی تریم نەدەبینیو کوێربووم لەئاستیاندا".

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە ئەو کەسانەی تەنها لەبەر دەوڵەمەندی دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تووشی کێشەو گرفتی زۆردەبنو ئەگەری زۆرە لەیەکتر جیاببنەوە.

ئازاد جەلال توێژەری کۆمەڵایەتی وتی "هاوسەرگیری تێکەڵبوونێکی ڕۆحییە، ئەو کچانەی لەبەر دەوڵەمەندی دەچنە ناو ئەو پرۆسەیەوە لەژێر کاریگەری کلتوری کۆمەلایەتینو لایەنی ڕۆحی فەرامۆش دەکەن".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە هاوسەرگیری لەپێناو مادەدا بەهاوسەرگیرییەکی ناتەندروست دەزانێت. ئازاد وتی "زۆربەی ئەو کچانەی لەپێناوی دەوڵەمەندیدا هاوسەرگیری دەکەن لەکۆتاییدا پەشیمانن لەو پرۆسەیە، چونکە خۆشەویستی تیابەدی ناکات".

ژمارەک لەکچان پارەو دەوڵەمەندی ناکەنە پێوەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەری ژیانیان، پێیانوایە کەسایەتی ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن گرنگترە لەپارە.

لۆنا سەمەد خوێندکاری دواقۆناغی پەیمانگایە پێیوایە کە پارە گرنگترین مەرجی پرۆسەی هاوسەرگیری نییە، بەڵکو کەسایەتی کەسەکە گرنگترین مەرجەو وتی "ڕاستە پارە پێویستە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی پارە پیاوێکی باش دروستبکات". لۆنا پێیوایە ئەو کچەی پیاو لەبەر پارە هەڵدەبژێرێت خۆی دەداتە دەست ئارەزوو و خواستی خۆپەرستی خۆی.

# دۆمینە خزمەکان کۆدەکاتەوە

رامانو ئازا لەسلێمانی

پشتیوان زۆربەی شەو لەگەڵ خزمەکانیدا لەدەوری دەرخۆنەیەک کۆدەبنەوەو دوو دوو بەرامبەر بەیەک دادەنیشن تاوەکو بتوانن زۆرترین خاڵ لەدەستی یەکتردا بگرنو ببنە براوەی یارییەکە.

لەم یارییەدا بەتەمەنو گەنجو هەندێک کات ژنانیش بەشداریدەکەن، زۆرجار لەکۆتایی یارییەکەدا میوە یان شیرینی لەلایەن دۆڕاوەکانەوە دەکڕدرێت. پشتیوان وتی "ئەم کۆبوونەوانە بەخۆشی دەبینم، لەبەرئەوەی هەرکاتێک کۆدەبینەوە زیاتر هەست بەنزیکایەتی دەکەینو یەکگرتووتر دەردەکەوین".

یاری دۆمینە شەوانە چەندین خزمو هاوڕێ بەیەکەوە کۆدەکاتەوەو لەوڕێیەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان پتەوتر دەکەنو کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، پسپۆڕانی بواری کومەڵایەتیش ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن ئەو دیاردەیە تەنها بۆ چێژوەرگرتنە.

عوسمان کەریم، ٦٧ ساڵ، هەر لەتەمەنی گەنجییەوە یاری دۆمینەی کردووە، هەرچەندە ماوەیەک وازی لەم یارییە هێناوە، بەڵام ئێستا دەستی بەیاریکردن کردووەتەوە.

عوسمان ئاماژەی بەوەدا کە پێشتر لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەوانە کۆدەبونەوە، هەر شەوەی لەماڵی هاوڕێیەکیدا دۆمینەیان دەکرد، "بەڵام ئێستا لەگەڵ منداڵەکانمدا ئەو یارییە دەکەم". عوسمان وتی "دۆمینە شەوان کۆماندەکاتەوە".

هەندێکجار ژنانیش هاوشانی پیاوەکان یاری دۆمینە دەکەنو بەشداردەبن لەگەڵ کەیفو خۆشییەکانی یارییەکەدا، هەرچەندە زۆربەی کاتەکان پیاوان، ژنان پشتگوێدەخەنو تەنها خۆیان یاری دەکەن.

حەبسە محەمەد، ٤٣ساڵ، ئەو جۆرە یارییانە بەخراپ دەزانێت، وتی "من کۆبوونەوەم بۆ ئەو جۆرە یارییانە پێ خراپە، چونکە زۆرجار پیاوان خێزانەکانییان بەجێدەهێڵن، یان لەبیریان دەکەنو پشتگوێیاندەخەن، یان جاریوایە بۆ سەردانی نەخۆش دەچنو نەخۆشەکە بێزاردەکەن". حەبسە ئاماژەی بەوەشدا کە زۆر جار ناخۆشیشی تیادایەو وتی "لەیارییەکەدا دووان ئەیبیاتەوە دووان ئەیدۆڕێنو خەریکە دەبێتە ناخۆشییان، لەبری ئەوەی بیرییان بێت ئەوان بۆ میوانداری چوون".

بەپێچەوانەی حەبسەوە، بەناز عەبدوڵڵا ٤٥ساڵ کە ژنی ماڵەوەیە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە خزمەکانی شەوانە لەماڵێکدا کۆدەبنەوەو تادرەنگانێک کات بەدۆمینەکردن بەسەردەبەن. ئەو وتی "زۆرجار لەماڵی ئێمەدا بۆ ئەو یارییە کۆدەبینەوە، بەتایبەت پیاوەکان، خۆشم ئەگەر مەجالم هەبێت دەستیان لەگەڵ دەگرمو یاریدەکەم، پێشموایە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە باشن".

بەناز ئاماژەشی بەوەشدا کە ئەو کۆبوونەوانە تامو چێژی خۆی هەیە، چونکە لەگەڵ یارییەکەدا چەندین قسەو نوکتەی خۆش بەدەمییەوە دەکرێت.

لەگەڵ بەزمو خۆشییەکانی دۆمینەدا هەندێکجار لەکۆتایی یارییەکەدا دۆڕاوەکان دەبێت میوە یان شیرینی بەشی سەرجەم ئەندامانی ئەو خێزانانەی کۆبوونەتەوە بکڕن یان دەعوەتی کەسە براوەکان بکەن.

هیوای تەمەن ٢٩ساڵ دەڵێت زۆربەی شەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری دۆمینە دەکەن، وتی "هەندێکجار بەتایبەتی کە نزیکی بەهار دەبێت، ئەو یارییە بەشێوەیەکی تر دەکەین، براوەکانمان دەعوەتی دۆڕاوەکان دەبنو دەچینە یەکێک لەسەیرانگاکان".

لوقمان سیوەیلی مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو دیاردەیە دەچێتە خانەی کۆمەڵناسی (تفریح) چێژەوە، بەواتای چێژوەرگرتن لەو کاتانەی کە بەکاتی ئازاد ناودەبرێت.

ئەو پسپۆڕە کۆمەڵایەتیە دەڵێت "دۆمینەکردن زیاد لەوەی پەیوەست بێت بەهەرزەکارانەوە، پەیوەستە بەپێگەیشتووتارادەیەکبەتەمەنەکانەوە، زیاتر لەگەڕەکە شەعبییەکاندا ئەوانەی تاڕادەیەک ئاستی خوێندەوارەکانیان ناگاتە ئەوەی شارەزابن لەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو...هتد بەرچاو دەکەوێت".

سیوەیلی باسلەوەدەکات کە لەڕووانگەیەکی دیکەوە دۆمینەو یارییەکانی دی ڕەنگە بیانەوێت ئەو پەیامە بەگوێماندا بدەن کە هێشتا تەکنەلۆژییاو پەیوەندیو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو کاریگەریەیان نییە بەسەرمانەوەو "ئێمە بەشێوازی تەقلیدی خۆمان دەتوانین درێژە بەژیانی خۆمان بدەین". سیوەلی پێیوایە ڕەنگە لەڕووی بەهێزکردنی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکانەوە ئەو یارییە سوودمەنتر بێت لەیارییە تەکنەلۆژییایەکانی وەک پلەیستەیشنو کۆمپیوتەر...کە هێندەی تر گەنج دووچاری گۆشەگیریو تەنهایی دەکەن لەژیانی خێزانیو کۆمەڵایەتی دووریاندەخاتەوە.



# گەنجێک بەتۆمەتی بازرگانیکردن بەتلیاکەوە حوکمدرا

شەنگ ماشم لەدهۆک

کوڕێکی گەنجی شاری دهۆک کە لەناو پێڵاوەکانی خۆیدا تلیاکی لەئێرانەوە دەهێناو لەدهۆک بەکاری دەهێناو دەیفرۆشت، دوای دەستگیرکردنی حوکمدرا. هەرچەندە تاوانبار لەبەردەم دادگای تاوانی دهۆکدا، ئەوەی ڕەتکردەوە کە کڕینو فرۆشتنی بەتلیاکەوە کردبێت، بەڵام دادگا بەساڵو نیوێک زیندانی حوکمی سزای بەسەردا سەپاند.

(ن) ناوی خوازراوی ئەو گەنجەیە کە بەتۆمەتی کێشانو بەکارهێنانی تلیاک حوکمی بەسەردادرا. (ن) ئاماژەی بەوەکرد لەبەر نەخۆشیو بۆ کەمکردنەوەی ئازاری خۆی تلیاکی بەکارهێناوە، بەڵام دادگا باوەڕی بەو نەکردو بەساڵێکو شەش مانگ حوکمیدا.

لەدادگای تاوانی دهۆکدا تاوانبار (ن) کەوتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەی دادگا کۆتایهاتبوو، بەڵام دادگایکردنو حوکمدان لەسەری، لەدەستی دادگای تاواندا بوو، دوای ئەوەی هەموو شاهێدو شکاتکارەکان لەسەر کێشەکە ئامادەبوونو شاهێدیان لەسەر (ن) دا، دادگا پێیوت لەبەرئەوەی تۆ خاوەن خێزانیو هێشتا ژیان لەبەردەمتدا ماوە دادگا تەنها ساڵێکو شەش مانگ حوکمت بەسەردا دەدا. ئەوەی ئەو تاوانەی ئاشکراکرد سەردانکەرێک بوو کە وەکو پەیامهێنی نهێنی لەنێوان ئەو و ئاسایشدا کاری دەکرد، ئەو کەسە بەدادگای لێکۆڵینەوەی وتبوو، من کەسێک دەناسم ناوی (ر) یەو دراوسێی منە، من پەیوەندیم پێوەکردو چوار گرام تلیاکم بەبیستو پێنج هەزار دینار لێکڕی، پاشان من زانیم کە (ن) لەگەڵ ئەو کاردەکاتو تلیاک بۆ ئەو دەهێنێتو پێکەوە بەکاریدەهێننو دەیفرۆشن. لەو دادگاییەدا کە نوێنەری ڕۆژنامەی دەستوور تیایدا ئامادەبوو، خەزووری (ن)و خزمێکی تری هەر لەسەر هەمان تاوانی کڕینو فرۆشتنی تلیاک لەزینداندانو هاتنە دادگا تا شاهێدی لەسەر زاواکەی خۆیان بدەن، هەردووکیان ڕەتیانکردەوە کە (ن) بەهیچ شێوەیەک تلیاکی بەکارهێنابێت. هەروەها (ن) وتی "ئێمە تلیاکمان بەکارنەدەهێنا، من چوومە ئێران لەبەر نەخۆشی خۆم لەوێ دکتۆرێک پێی وتم ئێشی تۆ بەردەوام دەبێت دەتوانی هەندێکجار تلیاک بکێشی تا ئازارەکانت نامێنێت، ئەگەر نەیکێشی تۆ باشنابی".

(ن) بەمادەی ١٤ی یاسای سزای مادەی بیهۆشکەر بەساڵێکو شەش مانگو ١٠٠ هەزار دینار سزادرا.

دوای ئەوەی ئەم کێشەیە کۆتایهات پارێزەری ئەم کێشەیە وتی "ڕەنگە (ن) زیاتر حوکم بدرایە، بەڵام لەبەر جوان گفتوگۆکردنیو پارێزگاریکردن لەخۆی لەکاتی دادگاییکردنیدا حوکمی ئەو کەمکرایەوە" دادگای تاوان ڕایگەیاند کە تاوانبار لەگەڵ هاوڕێیەکانی خۆی لەماڵی (ر) دەستگیرکران لەوکاتەی کە تلیاکیان بەکاردەهێنا.

www.arsivakurd.org

دەستوور ژمارە (٢٧) چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/١٤

# خۆر لای کەسوکاری ١٦ پێشمەرگەکەی سەنگەسەر ئاوابووە

## کەسـوکـــاری ئەنفالکـــراوانـــی پشـــدەر دەڵێـــن پشتـگـوێـخـــراویـــن

○ **فەرمان چۆمانی لەڕانیە**

کەسوکاری ئەنفالکراوانی سەنگەسەر لـەنـاوچـەی پـشـدەر تـاوەکـو ئێستا لەچاوەڕوانی ئەنفالکراوەکاندانو دەڵێن پشتگوێخراوینو لەباروددۆخێکی خراپدا ژیان دەگوزەرێنین.

هـەرچـەنـدە کـارەسـاتـی ئەنفال بـەشـێـوەیـەکـی چـڕ نـاوچـەکـانـی گـەرمـیـانو بـارزانـی گـرتـەوە، بـەڵام زۆر لەدەڤەرەکانیتر خاوەن ئەنفالن، لەناحیەی سەنگەسەری سەر بەقەزای ڕانیە نزیکەی ٢٥ کەس ئەنفالکراوەو تائێستاش چارەنووسیان نادیارە.

شاڵاوەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٣دا بەئەنفالی بارزانییەکان دەستپێکردو لەساڵی ١٩٨٨دا بەشێوەیەکی چڕ زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەت ناوچەی گەرمیان.

بەپێی زۆربەی سەرچاوە فەرمیو نافەرمییەکان ١٨٢هەزار کەس لەمنداڵو پیرو گەنجو ئافرەتو پیاو بەر ئەو شاڵاوە کەوتوون، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە ژمارەیەک گۆڕی بەکۆمەڵ لەناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق هەڵدرانەوەو ڕوفـاتـی هــەزاران ئەنفالکراوی تێدا دۆزرایەوەو ژمارەیەکیشیان هێنرایەوە بۆ زێدی خۆیان، بڕیاریشە لە٤/١٤ رووفاتی ژمارەیەک ئەنفالکراوی تر بگەڕێنرێتەوە هەرێمی کوردستان.

لەناحیەی سەنگەسەر ١٦پێشمەرگە لـەلایـەن یەکێک لەجاشەکانی ئەو ناوچەیە درانە دەست ڕژێمی بەعس، بەپێی گوتەی زۆرێـک لەکەسوکاری ئەو ١٦ کەسە دەڵێن لەساڵی ١٩٨٨ کاتێک کە حکومەتی بەعس لێبوردنی گشتی دەرکـردووە ئەو پێشمەرگانە ویستویانە بێنەوەو دواتر خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، بەڵام ئەو جاشە ئەو ١٦ کەسەی ڕادەستی ڕژێم کردووەو تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.

ئەو ١٦ ئەنفالکراوە ناوەکانیان پێکهاتووە لە (حەمەد ئەحمەد خدر، حاجی سلێمان مینە، رسو سلێمان مینە، پیرۆت عولا شێخە، رسو عولا شێخە، عـولا ئەحمەد شێخە، خدر نەبی، محەمەد رسـو حـەمـەد، خدر نەبی ئەحمەد، عزیز نەبی حەمەد، علی ئیبراهیم رسول، ئەشرەف حەمە بایز، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی".

فاتمە رسول کە خێزانی (حەمەد ئەحمەد خـدر)ەو مێردەکەی لەساڵی ١٩٨٨دا دەستگیرکراوەو ئەنفالکراوە، لـەدوای خـۆی کـوڕو کچێکی بەناوی (هێمنو هەمین) جێهێشتوە وتی "ساڵی ١٩٨٨ کە مێردەکەم پێشمەرگە بوو کاتێک لێبوردن (عافوات) درا ئەوانیش هاتنەوە، حکومەت گرتوونی تائێستاش نادیارن".

فاتمە ئاماژە بۆ ئەوەدکات تائێستا جگە لەبڕێک موچە هیچیتریان بۆ نـەکـراوەو چەند جارێکیش فۆرمان پڕکردووەتەوە بۆ زەوی هەر وەریان نـەگـرتـووە. فاتیمە وتـی "ئێستاش ژیانمان هەر خراپە".

حاجی سلێمان مینەو رسو سلێمان مینە کە هەردووکیان برانو بەیەکەوە دەستگیرکراون، حاجی سلێمان دوو منداڵی بەناوەکانی سۆزانو سنور لەدوای خۆی جێهێشتوون، رسو سلێمانیش پێنج منداڵی دوای خۆی جێهێشتووە،


**ئەنفال.. چاوەڕوانییەکی بەردەوام.** فۆتۆگراف: دەشتی ئەنوەر

خێزانی ئەو دوو ئەنفالکراوە کە ناویان کەژاڵ مەحمودو ئایش نەبییە چیرۆکی گرتنی مێردەکەیان باس دەکەنو ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەوان ١٦ پێشمەرگەبوون دوای دەرچوونی لێبوردن دەیانویست بێنەوە بۆ شـارو منداڵەکانیان ببەن لەگەڵ خۆیان، بەڵام جاشێک مەفرەزەی بۆ دەرکرد بوونو پێی وتوبوون دەبێ خۆتان ڕادەسـت بکەنەوە، لەوکاتەوە تائێستا بێ چارەنووسن.

پور ئایش دایکی محەمەد رسو حەمەدی ئەنفالکراوە دەڵێت "هیچ شتێکمان بۆ نـەکـراوەو ژیانمان زۆر ناخۆشە ئـەو کـاتـەی کـە کـوڕەکـەم دەستگیرکرا خانوویان رووخاندینو ماڵیان تـاڵان کـردیـنو داواکـــارم کە قـەرەبـوومـان بـکـەنـەوە". پـور ئایش وتی "من ئەوەندە چـاوەڕوان بووم کە کوڕەکەم بگەڕێتەوە، ئێستا چاوێکم کوێربووەو چاوەکەیتریشم کزبووەو لەبەرنەبوونی پـارە نەمتوانیوە بچم سەردانی دکتۆر بکەم".

مـحـەمـەد عـەبـدوڵـڵا عـەلـی کـە چـارەنـووسـی لـەگـەڵ ئـەو ١٦ پێشمەرگەیەدایە، لـەدوای خۆی سێ مـنـداڵ بەجێدەهێڵێت بەناوەکانی (ئەحمەدو عەبدوڵڵاو گەشاو).

عەبدوڵڵا هەر چاوەڕاونبوو کە باوکی ببینێت، بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر مەرگ ڕێگەی پێنەداو بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد، ئێستاش لەگەڕەکی ڕزگاری ناحیەی سەنگەسەر (ئەحمەدو گەشاوی خوشکی) بەیەکەوە دوور لەسۆزی باوکو دایکیان دەژین.

ئەحمەد دەڵێت "منو خوشکەکەم هیچ شتێک نازانین دەربارەی باوکمان ئەوەشی کە بیستومانە تەنیا خەڵک بۆیان گێڕاوینەوە دەڵێن: باوکم چەندین جار خۆی شاردۆتەوە، بەڵام دواجار دەستگیری دەکەنو ئەنفال دەکرێت".

ئەحمەد ئاماژە بۆ ئـەوە دەکات کە ئەوان تابڵێی ژیانیان ناخۆشبوو، چونکە کەسێک نەبووە هاوکارییان بکاتو وتی "عەبدوڵڵا بەرلەوەی بمرێت چەندین جار هەوڵیدا واز لەخوێندن بهێنێت، بۆئەوەی منو خوشکەکەم درێژە بەخوێندن بدەین".

جگە لەو ١٦ کەسە ٦ کەسیتر لەو شارۆچکەیە ئەنفالکراون، دەستوور توانیویەتی ناوی پێنج کەسیانی دەست بکەوێت ئەوانیش (حاجی ئاغا بایز، عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا، خالد ئەحمەد عەبدوڵڵا، مارف ئیسماعیل خدر، قادر خدر حەمەد)ە ئەوانیش بەهۆی کاری سیاسی دەستگیر کراون.

چیرۆکی عەبدوڵڵا محەمەدو ئایش مینە حسێن کە هاوسەری یەکتربوون جیایە لەچیرۆکی ئەو ١٦ کەسەیتر کە تەنیا محەمەدی تاقانەیان لەدوای خۆیان جێهێشت.

ئەو دەربارەی چیرۆکی ئەنفالکردنی دایـکـیو بـاوکـی بـەدەسـتـووری وت "لــەڕۆژی (١٩٨٨/١٠/١٢) لەئێران دەهاتنەوە کەپێشتر حکومەتی بەعس لێبوردنی دەرکردبوو لەبازگەی سونێ دەستگیرکرانو دواتـر گواستراونەوە بۆ فیرقەی چوارقوڕنەو تائێستاش سۆراغیان نـەمـاوە". هـەروەهـا وتی "چـەنـدیـن گـرتـووخـانـە گــەڕام بۆ دۆزیـنـەوەیـان، بــەڵام دیـارنـەبـوونو دواجار لەسلێمانی پێیانوتین کە ئەوان ئەنفالکراون".

# کەمتەرخەمی بەرپرسان، گڕ لەدهۆك بەردەدات

## بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە ٨ کەس گیان لەدەستدەدەنو هاووڵاتیانیش زیاتر لە ٦ملیار دینار زیانیان لێدەکەوێت

○ **شەنگ ماشم لەدهۆک**

ڕووداوەکـانـی ئاگرکەوتنەوە لەدهۆک ڕوولەزیادبوونەو بەوهۆیەوە ٨ هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ١٣٧ ئۆتۆمبێل سوتاون، هاووڵاتیانیش زیاتر لە ٦ ملیار دینار زەرەریان بەرکەوتووە.

بـەرپـرسـانـی ئـاگـرکـوژێـنـەوە بـۆ کۆنترۆڵکردنی ئـەو ڕووداوانـــە لەبەرنامەیەندایە ئامێری ئاگرکوژێنەوە لەسەرجەم دوکانو بازاڕەکانو ماڵەکانی ئەوشارەدا دابنێن. لەساڵی ڕابـردوودا ٨ هاووڵاتی بـەڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لـەدهـۆک گیانیان لـەدەسـتـداوەو ٣٠ کەسیش بریندداربوون، لەسەرجەمی ١٠٤٢ ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەش ١٣٧ ئۆتۆمبێلو ١٦٩ باخ سوتاون، کە ٣٣٠ ڕووداویان بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووە، بەهۆی ئـەو ڕووداوانـەشـەوە خەڵکی دهۆک بڕی ٦ ملیارو ١٨٥ملیۆن دینار زیانیان لێکەوتووە.

بـەڕێـوبـەری ئـاگـرکـوژێـنـەوەی دهۆک بەدەستووری ڕاگەیاند لەساڵی ٢٠٠٩دا ڕووداوەکـانـی ئاگرکەوتنەوە زیادیانکردووە.

عەقید سلێمان عزەدین بەڕێوبەری ئاگرکوژێنەوەی دهۆک وتی "لەساڵی ٢٠٠٨دا ٧٣٤ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەدهۆک ڕوویداوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩دا ڕووداوەکـان زیادیانکردووە بۆ ١٠٤٢ ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە".

بـەڕێـوبـەری ئـاگـرکـوژێـنـەوەی دهـۆک ئـامـاژەی بـەوەدا لەئەنجامی ئەو ڕووداوانـەوە ٨ هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ٣٠ کەسیش بریندداربوونو بڕی ٦ملیارو ١٨٥ملیۆن دینار لەئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە زیان بەر خەڵکی دهۆک کەوتووە. عەقید سلێمان بۆ دەستوور ئاشکرایکرد لەبەرنامەی ئەواندایەو ئێستا کاری لەسەر دەکەن کە لەهەر دوکانێکی ناوبازاڕدا ئاگرکوژێنەوەیەک دابـنـرێـت، لـــەدوای ئـەو قۆناغەش کاردەکەن بۆ ئەوەی لەهەموو ماڵێکدا ئاگرکوژێنەوەیەک هەبێت.

> بەهۆی ئاگـرکـەوتـنـەوەوە، خـەڵـکـی دهۆك بڕی ٦ ملیارو ١٨٥ ملیۆن دینار زیانیان لێـکـەوتـووە

بـەڕێـوبـەری ئـاگـرکـوژێـنـەوەی دهـۆک وتی "ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەساڵی ڕابـردوودا ٨ بەڕێوەبەرایەتیو ١١قوتابخانەو ٤٩دوکـانو ٢٧خەزێنەو ١٣٧ ئۆتۆمبێلو ٧١ محاویلەی کارەباو ١٦٩ بـاخو ١١ بەنزینخانە لەدهۆک سوتاندووە".

بەڕێوەربەری ئاگرکوژێنەوە ئەوەشی نەشاردەوە کە هەندێکجار پەیدابوونی ئـەو ڕووداوانـــە بـەهـۆی لافـاوەوەیـەو پێویستیان بەشۆفڵ دەبێتو لەشارەوانی دهۆک داوا دەکەن، بۆیە داواکارە شۆفڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەی خۆیان دابین بکرێت بۆ خێرا ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

دەربــــارەی هـۆکـارەکـانـی ئـەو ئاگرکەوتنەوانە عەقید سلێمان ئاماژەی بـەوەدا ٣٣٠ ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بـەهـۆی شـۆڕتـی کـارەبـاوە بـووە، ١٦٩ڕووداویـان بەهۆی منداڵەوە بووە، هەروەها ٧٤ ڕووداویان بەهۆی فڕێدانی جگەرەوە کەوتووەتەوەو ٧٠ ڕووداوی تر بەهۆی غازو ٦٤ ڕووداویشیان بەهۆی خەمساردی هاووڵاتیان ڕوویـانـداوە، ئەمە جگەلەوەی ١٤٦ ڕووداوی دیکە هۆکارەکەی نەزانراوە.

# داوادەکرێت دەرچووانی بەشی شوێنەوار دابمەزرێنرێن

○ **عەلی بانیشاری لەهەولێر**

سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان داوادەکات بۆ گرنگیدان بەشوێنەوارەکانی کوردستان دەرچووانی بەشی شوێنەوار لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دابمەزرێن.

لەدوای ئاڕاستەکردنی ئەو نووسراوەی سەندیکای شوێنەوارناسانی کـوردسـتـان بـۆ قایمقامی هەڵەبجە بەمەبەستی کردنەوەی بنکەی شوێنەواری لەو شارەکەدا، قوتابیە هەڵەبجەییەکان داواکارن هەرچی زووتـــرە بنکەیەکی شوێنەوار بکرێتەوە بۆ چارەسەکردنی دامەرزاندنی قوتابیانی ئەو قەزایە.

تائێستا لەکوردستاندا یــەک بـەشـی شـوێـنـەوار لەزانکۆی سەلاحەدیندا هەیە، ساڵانە چەندین خوێندکار لەم بەشەدا خوێندن تـەواو دەکـەن، بەڵام ناتوانن لەدەزگایەکی تایبەت بەپسپۆڕییەکەیان دابمەزرێن.

مامۆستایانی بـەشـی شـوێـنـەوار لـەزانـکـۆی سەلاحەدین ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو کەسانەی لەبواری شوێنەواردا کاردەکەن لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کەسانی ناپسپۆڕنو هیچ شارەزاییەکیان لەشوێنەواردا نییە، ئەمەش بەگرفتێکی گەورە بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان دەزانن.

دڵشاد زاموا مامۆستای بەشی شوێنەوار لەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "ئێمە ناتوانین وەک پێویست گرنگی بەشوێنەوارەکانی کوردستان بدەین".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ وتی "شوێنەوار مێژووی نەتەوەیەکمان بۆ دیـاریـدەکـات، بـەڵام بـەداخـەوە تائێستاش قوتابیانی شوێنەوار دانەمەزراون".

سەندیکای شـوێـنـەوارنـاسـان نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت کە تائێستا قوتابیانی بەشی شوێنەوار وەک پێویست لەشوێنی خۆیاندا دانەمەزراون.

د. عـەبـدوڵـڵا خـورشـیـد نەقیبی سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات بـەدەیـان مامۆستای پسپۆر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هێنراون بۆ بـەش، بـەڵام لـەپـاش ١٠سـاڵ لەکردنەوەی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین تا ئێستا ئەو بەشە نەکەوتووەتە سەر ڕێچکەی خۆی.

د. عبدوڵڵا بەدەستووری ڕاگـەیـانـد "سـەنـدیـکـا بۆ کردنەوەی بنکەی شوێنەواری لـەهـەڵـەبـجـە نـووسـراوێـکـی ئاڕاستەی قایمقامی هەڵەبجەو بـەڕێـوەبـەراتـی گشتی شـوێـنـەوار لەکوردستانو بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کردووە".

نەقیبی سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان ئاماژەی بـەوەدا کە کردنەوی بنکەی شوێنەواری بۆ هەڵەبجە پێویستە، چونکە ئەو قوتابیانەی هەن لەبەشی شوێنەوار ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی ئەو شارەن بە بەراورد بەناوچەکانی تری کوردستان.

د. عەبدوڵڵا وتی "پێویستە دەرچـووانـی بەشی شوێنەوار دابمەزرێنرێن".

# وەرگێڕان وەك هەر بوارێك لەداهێنان، هونەرو زانستێكی سەربەخۆیە

## هەندرێن بۆ دەستوور

ئا: دەستوور
بەشی دووەم و کۆتایی

**هەندرێن چەند ساڵێکە یەکێک لەو دەنگە ناسراوو جدیانەیە کە لەپانتایی ئەدەبو هونەرو رەخنەدا، چ وەک نووسەرو چ وەک وەرگێڕ کاردەکات، ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژی رۆژنامەی دەستوورە لەگەڵ هەندرێن دەربارەی رەخنەو رەخنەی ئەدەبی.**

**دەستوور:** کە باسی رەخنە دەکەین، هەمووان باس لەوە دەکەن رەخنە بەگشتیو رەخنەی ئەدەبی وەک نمونەیەک لەکۆمەڵگای ئێمەدا لاوازە، ئەگەر لەروانگەی ئێوەوە ئەمە راستە، ئەم دیاردەیە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**هەندرێن:** دیسانەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەندە لەزۆر وتارو دیداری فراواندا بەگوێرەی توانا باسی ئەو لاوازییو گرفتانەی رەخنەی ئەدەبی کردووە، بۆنمونە لەوتاری "پێرگری رەخنەگر، ئەفراندنی گەندەڵی"، بەشێکی زۆر لەهۆکردی لاوازی رەخنەی ئەدەبی کوردیی بۆ زۆرینەی نووسەرو خوێنەری کوردیی روونن، هەروەک بەشێک لەو هۆکارانەی کە ئەمرۆ سازێنەری ئەو لاوازییەی رەخنەو رەخنەی کوردین، پەیوەندی بەو نووسەرو بەناو رەخنەگرانەوە هەیە کە دەیان ساڵە بەهۆی توانای هەڵپاسییو خۆسازاندن لەگەڵ میدیا رووکەشەکانی حیزبو غەیرە حیزبییەکاندا خۆیان کردۆتە دەمڕاستی رەخنەی ئەدەبی کوردیی.

بەڵێ، هەرچەندە هۆکارەکانی لاوازی رەخنەی کوردیی گەلێک زۆرو ئاڵۆزن، وەلێ بەکورتی بەشێک لەهوکارە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١. کورد لەهەموو بەشەکاندا لەو کاتەی کە لە هەر قۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژووی زانستگاو بواری کلتوریی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا، رەوتو قوتابخانە ئەدەبییەکان لەزاوزێو فراژووتندا بوونو هەن، کەچی جڤاکی کوردی لەکۆنو ئێستادا، لەوەتەی هەیە بێئۆقرەو ناسەقامگیر ژیاوە، بندەستی کورد لەژێر زمانو دەسەڵاتی داگیرکاران نەک هەر شارەکانی کوردستانیان لەزانستگاو ژیانی رۆشنبیرییەکی ئازاد بێبەشکردووە، بەڵکو لەرێگای قەدەغەکردنو بەکەم سەیرکردنی زمانو کلتوری کوردییەوە، کوردیان ناچارکردووە هەمیشە لەکۆچو راسانو جەنگی بێکۆتاییدا بژییت، ئاکامی ئەمەش مانەوەی کورد بووە وەک جڤاکێکی خێڵەکیو غەیرە شاریی، بۆیە تا ئێستاش ئەوە ئاگاییو دابو نەریتی خێڵو بیرکردنەوەی گوندییە کە ژیانو دەقو رەفتارەکانمان دەنرخێنێو ئاراستە دەکەن نەک تیۆریو هزرو فەلسەفەو زانستەکان یان توانا تایبەتییەکانی تاکەکەسەکانی جڤاکی ئێمە، کەواتە بەشێکی لاوازی رەخنەو رەخنەی ئەدەبی کوردیی پەیوەندی بەو هەستی تێگەیشتنو پێودانگە خێڵەکیو ئاڵۆزانەوە هەیە کە بەهۆی مانەوەی جڤاکی کوردیی لەچوارچێوەی کلتوریی گوندیدا، لەبیرکردنەوەی ئێمەدا باڵادەستن.

٢. ئێمە جڤاکێکی شارنشینیو خاوەن شاری کلتوریی فرە نین، ئامادەیی زانستو کلتوری فەلسەفەو


هەندرێن

زانستە مرۆڤایەتیو سروشتییەکان بەرهەمی کۆمەڵگای شارنشینن، زانستگا لەشاردا ساز دەبێت نەک گوند، رەخنەش وەک زانستێک پەیوەندی بەکۆی ئەو زانستە مرۆڤایەتیو زانستی ماتماتیکو هەسارەناسییو .. تاد هەیە کە لەزانستگاکاندا نەبێت، نابنە بیرکردنەوەیەکی سیستماتیکی.

٣. هەرچەندە لەباشووری کوردستاندا ١٩ ساڵە کورد حوکمڕانی خۆی دەکا، کەچی لەهەموو کاتێکی پێشوو زیاتر زانستگاکانی کوردستان سەقەتترن، چونکە تا ئەمرۆش لەو زانستگایانەی کوردستاندا لەبەشی مرۆڤایەتییدا، وەک چۆن لەزۆربەی بوارەکانی تردا ساڵانە تەنیا "بڕوانامە"ی سەر کاغەزی زۆر دابەشدەکەن، بەهەمان شێوەش نەیانتوانیوە دوو رەخنەگری پسپۆڕی ئەدەبی یان هونەریی یان سیاسیی یان کۆمەڵناسی کاراو داهێنەر بەرهەمبهێنن، هەروەک نەیانتوانیوە کلتوری خوێندنەوەو خوێنەری کاراش بەرهەمبهێنن، ئێوەش دەزانن خوێندکاری کورد دوای وەرگرتنی"بڕوانامە"کەی پشتی لێ دەکاتەوە، ئیتر بەپێشگرەکەی (د) یان بڕوانامەکەیەوە خۆی وەک عەنتەر دەبینێو واز لەکتێب خوێندنەوە دەهێنێت، بۆیە ئەو خوێندکارانەی کە دەرچووی بەشی ئەدەبین، بێجگە لەو ئەرکەی کە دوا ساڵی خوێندنەوەکەیان نووسیویانە، ئیتر هیچ بەرهەمێکی تر نانووسن، لەدەزگایەک دادەمەزرێنو سەرقاڵی بەرزو نزمبوونەوەی موچەکەیانن، دیارە رەنگە تاکو تەرا لەخوێندکاری کورد هەبن کە ماوەیەک دوای خوێندن یان لەتێزێکدا بابەتێکی رەخنەی مەیلەو باشی لەچاو ئەو هەموو تێزە بێتێزانە نووسیبێت کە ساڵانە لەزانستگاکانی کوردستاندا دەنووسرێن، وەلێ من مەبەستم ئەو تیۆریو رەوتە هزرییو رەخنە ئەدەبییە زانستییانەیە کە ئەوە ئەرکی سەرەکی زاستگاکانی کوردستانە ئەو رەوشە کلۆڵەی رەخنەو ژیانی رۆشنبیرییو نەریتە بەسەرچووانەی کوردی بگۆڕنو نوێیبکەنەوە.

٤. دەمڕاستی رەخنەی ئەدەبی کوردیی ئەوانەن کە هیچ پاشخانێکی ئەکادیمییان نییە، بەڵکو بریتین لەوانەی کە رۆژێک لەرۆژان بەهۆی نزیکایەتیان لەمیدیای حیزب یان بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی نەخوێندەوارییو کەم هۆشیارییە کە لەجڤاکی ئێمەدا هەیە، بوونەتە رەخنەگری کوردیی، لەبواری رەخنەی کوردییدا وابزانم رەخنەگرێکمان نییە کە دەرچووی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ئەدەب بن، بەڵکو بریتین لەوانەی کە خوێندەواری جەڵەبین، بەرووکەشیو لینگاوقووچی لەتیۆرییەکانی رەخنە گەیشتوون، بۆنمونە، جێگەی کۆمیدییە لەو ساڵانەی دواییدا هەر نووسەرێک دیداری لەگەڵ دەکرێت، ئەو رستەی رۆلان بارت دەڵێتەوە کە دەڵێ "نووسەر مرد"، بێئەوەی یەکێک لەوانە باس لەناوکۆیی، پاشخانو پەیوەندییەکانی ئەو رستە لەگەڵ کۆی کلتوری فەرەنسیو رۆژئاوایی بکات، هاوکاتیش تۆ دیقەتت داوە تا ئێستاش لەلای ئەو رەخنەگرە جەڵەبییانە باوەو ئەمەشیان کردۆتە باو لەلای خوێنەری کوردییدا کە لەنووسینێکی بەناو رەخنەییدا بێ هاوئاهەنگییەک لەگەڵ خۆییو نووسینەکەیاندا ناوو وتەی دەیان نووسەری سەر بەرەوتو خاوەن تیۆریی جیاواز بەدوای یەکتردا کەڵەکە دەکەن، کەچی ئەگەر خوێنەر شارەزای زمانەکانی رۆژئاوا بێت، دەبێ بزانێت کە رەخنەگرێک لەوتارێکی رۆژنامەوانیدا کتێبێک یان دەقێکی ئەدەبی دەناسێنێت، دەبینێ کە ئەو رەخنەگرە کە پاشخانی ئەکادیمیشی هەیە بەدەگمەن ناوی چەندین نووسەرو فەیلەسوفانی جیهانی بەدوای یەکتردا ریز بکات، چونکە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی جیاوازە لەنووسینی وتارێکی رۆژنامەوانی لەسەر کتێبێک یان دەقێکی ئەدەبیی، کەچی کورد بەناو رەخنەگرێکی زۆری هەیە کە دەیان ساڵە لەهەر قونکە نووسین، نووسینی رۆژنامەوانی کورتو سادە کە زیاتر لەریزکردنی کۆمەڵێ بۆچوونی خاو دەچن، هەر خەریکی ریزکردنی ناوی فەیلەسوفو وتەی نووسەرانێکن کە زۆرینەیان هیچ بەرهەمێکیان بەکوردیی نییە.

٥. چونکە ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر رەخنەی ئەدەبیی، وەک بواری سیاسییو ژیانی جڤاکیی کوردیی، لەسەر حزبچیەتی، خزمچییەتی، هاوڕێچییەتیو بەرتیل بەخشیندا دەژییت، ئەو تەرزە رەخنەیەش بۆ هەموو خوێنەرو نووسەران ئاشکرایە، بۆیە چەمکو کردەی رەخنە ریسوا کراوە، بەمجۆرە لەناو ئەو بازاڕە بەهەرمێنەدا کە لەوێدا نووسەرو شاعیران هەر کات حەزیان کرد دەتوانن رەخنە بەبەرتیلێک رەخنەیەکی پەسندەر یان بکوژ لەلای ئەو رەخنەگر نەخوێندەوارە یان جەلەبییانە بە رادان بدەن، ئیتر لەرەوشێکی ئەوهادا کەسێک سەرنج لەو رەخنە ئەدەبییە نادات کە بەهەوڵێکی بێلایەنو زانستییەوە نووسراوە.

کەواتە تا بەشی ئەدەبییو زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانستگاکانی کوردستان ئەوها بێزانست بن، نەبن بەسەرچاوەو ئۆرگانێکی کارای کلتورییو زانستی، رەخنەی ئەدەبی کوردیی هەروا لاوازو گۆج دەمێنێتەوە، لەوەش گەڕێ تا ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵە ئەجێندا بازرگانییو حیزبییانە لەکوردستاندا بازاڕییان بەهەرمێن بێت، ئیتر نووسینو رەخنەی لاوازو جەڵەبیی زیاتر دەبنو رەخنەی زانستییو پەرۆشخۆریش فەرامۆشدەکرێت.

**دەستوور:** لاتوایە ژینگەی جوگرافیایی سیاسی تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزی رەخنە بەگشتیو رەخنەی ئەدەبی بەتایبەت؟

**هەندرێن:** دیارە وەک چۆن کۆی چەمکو تیۆرییەکانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی رووکەشو گۆج دەگوازرێنەوە ناو زمانە رۆژهەڵاتییەکانەوە، بەهەمانشێوەش خودی چەمکی رەخنەورەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی رووکەشو نازانستی بۆ ناو ئەو زمانانەوە گوازراونەتەوە، ئاشکرایە رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین کە نە زمانی عەرەبیو نە فارسیو نە تورکیش کە تا ئەمرۆش ئەو سێ زمانە سەرچاوەی رۆشنبیری سەرەکی خوێنەری کوردیین، نەک هەر بەجەڵەبیی چەمکی رەخنەو رەخنەی ئەدەبییان بەئێمە ناساندووە، بەڵکو کۆی چەمکە سیاسیی، زانستییو ... تاد بەسەقەتی بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، هەر بۆیە ئێستا لەباشوور بەتایبەتی دەبینین چۆن تەکنۆلۆژیا، تێڤی، مۆبایل، ئۆتۆمبێل، مۆزیکی بەزمو هەڵپەڕین، میکیاژ، چەکو .. تاد ژیانی کوردیان هەلاهەلا کردووە، لەو ناوکۆییەوە کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست کوشتەی ئەو کلتورە گۆجەی ئەو سێ نەتەوەن، بۆیە نووسەری کوردی بەشێوەیەکی سەقەت ئەو چەمکو تیۆرییانەی رەخنەو رەخنەی ئەدەبی لەزمانی ئەو سێ نەتەوەوە وەرگرتووە کە خۆیان بەسەقەتی وەریانگرتووە، جا کە زمانێک خۆراکە کلتورییەکەی لەسەرچاوەی زمانو کلتورێکی سەقەتدا بگوازێتەوەو دەمڕاستە کلتورییو رەخنەو رەخنە ئەدەبییەکانیشی سەقەتەکانی کۆمەڵگا بن، چۆن رەخنەو رەخنەی ئەدەبییەکەی سەقەت نەبن؟ وەلێ دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر بندەستیش نەبووایە لەو رەخنەو رەخنە ئەدەبییەکەی لەعەرەبو فارسو تورک باشتر نەدەبوو، چونکە کۆی نەتەوەکانی رۆژهەڵات وابەستەی هەژموونی کلتورو زانستی رۆژئاوانو لەبنەڕەتدا بەکاریگەرییەکی کۆیلەدارانەوە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی باڵای کلتوری رۆژئاواوە، بێئەوەی سود لەکلتوری رۆژهەڵاتی وەربگرنو بەئاوازێکی رەخنەییەوە ئەو کلتورانەی رۆژئاوا بگوازنەوە، ئەم مێژووەش هۆکردگەلی هەیە کە ئەرکی ئەو دیدارە نییە.

**دەستوور:** زۆر جار باس لەوە دەکرێ، رەخنە لەکۆمەڵگای ئێمەدا دوورە لەمیتۆدە زانستییەکانی، ئەمە چۆن دەبینی؟ ئەگەر وایە هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**هەندرێن:** کەم تا زۆر، بەرسڤی ئەو پرسیارە لەبەرسڤی پرسیارەکەی پێشوودا هەیە، لەکوردستاندا زانستو زانستگا وەک سەرچاوەو ئۆرگانێکی بەهاداری زانستیوماریفی سەیر ناکرێت، بەڵکو کارگەیەک کە پیشە بۆ ئیشکردنو بڕوانامەی سەر کاغەزو دەسەڵات سەیر دەکرێت، بۆیە کورد باکی لەسەر میتۆدە زانستییەکان نەکەوتووە، ئەگەر بەلای نووسەرو مامۆستایانی زانستگاوە زانستو میتۆد گرنگ بوونایە، ئەو هەموو زانستگایە بێبەرهەمو بڕوانامە فرۆشانە نەدەبوون!

ناوەندی نووسەرانو سیاسییانی کورد کلتو و زانست بەشتێکی لاوەکی دەبینن، بۆیە ئەمرۆ خوێنەر نییە، نەخوێندنەوەو گاڵتە کردن بەشاعیرو نووسەر شەرم نییە، هەروەک ئەگەر لەرۆژئاواش کە من خۆم هاتمەوە کوردستان لەناوی کۆی خەڵکدا ئەوەم بەچاوی خۆم بینیو بەگوێی خۆم بیست کە گەلحۆییە (گەمژەیی) تۆ لەجیاتی بازارگانییو پوڵ پەیداکردن خەریکی خوێندنی زانستگاو پەرۆشخۆری کلتور بیت.

**دەستوور:** بێگومان بەشێک لەکتێبخانەی هەر وڵاتێک، وەرگێڕانە، وەرگێڕان چۆن پێناسە دەکەی؟ ئەرکی وەرگێڕ چۆن دەبینی؟

**هەندرێن:** وەرگێڕان وەک هەر بوارێک لەداهێنان، هونەرو زانستێکی سەربەخۆیە، دیارە من وتارێکی تایبەتم لەسەر بەهای وەرگێڕان بەناوی "وەرگێڕان ئامادەبوونە لەجیهاندا" نووسیوە، لەوێدا باسی گرنگیو بەهای وەرگێڕانم کردووە، بۆیە لێرەدا ناخوازم دووبارەیان بکەمەوە، هەڵبەتە وەرگێڕانیش وەک هەر بوارێکی تری هونەریی، کۆمەڵێ تیۆریو روانگەی جیاوازی هەیە کە پەیوەندییان بەژانرەکانی دەقو شوێنکاتو روانگەی بیرکردنەوەی ئەو نووسەرانەوە هەیە کە سەرقاڵن بەهونەری وەرگێڕانەوە، وەرگێڕان سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ گەشەسەندی کلتوری کوردیی، هەروەک بێوەرگێڕانی دەقی کوردیی بۆ زمانە جیهانییەکان، کورد ناتوانێت لەجیهانی کلتورەکانی تردا ئامادە بێت، وەرگێڕان لەلای من جۆرە گفتوگۆیەکی دۆستانەیە لەگەڵ دەق، زمانو کلتورێکی دیکە، کردەی وەرگێڕان چەشنە داهێنانێکی تری نووسەری وەرگێڕە کە لەپرۆسەی گواستنەوە بەرهەمدێت، دیارە پێویستە وەرگێڕان لەزمانی کوردیدا ئامانجو پرۆژەیەکی کلتوریی هەبێت، چونکە وەرگێڕان بەشێکە لەسیاسەتی کلتوریی زمانێک، وەرگێڕانی جەڵەبی کە دیاردەیەکی بەرچاوە لەکوردستاندا، دەبێتە سەقەتکردنی مێشکو چێژی خوێنەرو ژیانی جڤاکی، لاموایە لەکوردستاندا کردەی وەرگێڕان بەگشتی هیچ پێوانەو ئامانجێکی نییە بێجگە لەبازرگانی نەبێت، رەنگە جاروبار نووسەرێک یان خوێنەرێک بەئاگاییەوە بۆ خزمەتکردنی کلتورەکەیەوە کتێبێک لەزمانێکی بیانییەوە وەربگێرێت، من دەزانم کەسانێک هەن، لەوەتەی لەکوردستاندا بازرگانی بەکلتورەوە گەرم بووە، کەسانێک هەن لەرۆژئاوادا کە دوای ئەوەی لەنووسینو شیعردا فاشیل بوون بۆ کاسبی خەریکی وەرگێڕانن، چونکە لەکوردستاندا ملکەچییەکی زۆر بۆ ئەو وەرگێڕانە هەیە کە راستەوخۆ لەزمانەکانی رۆژئاواوە دەکرێن.

من خۆم سێ یان چوار کتێبو وتارگەلێکی فەلسەفیو رەخنەی ئەدەبییو بوارەکانی دیکەم وەرگێڕاون، وێڕای ئەوەی بەشێک لەو وەرگێڕانانە وێڕای گرفتی چەمکو کەموکوڕی هەڵەی زمانەوانییان تێدایە، وەلێ من وەک ئەوەی خۆم ئەو دەقو کتێبانەم نووسیبێت ئەوها لەدڵەوە وەرمگێڕاون.

**دەستوور:** ئێستا لەکوردستان دەرگایەکی گەورە بەڕووی وەرگێڕاندا کراوەتەوە، ئەم شەپۆلە چۆن دەبینی؟

**هەندرێن:** وەک ئەو بێسەرو بەرییەی دەبینم کە لەئاستی ئەو مۆدەو خۆراکو کەلو پەلە تەکنۆلۆژییەکاندا لەئارادان، من بڕواموایە، کۆی دیاردەو گرفتەکانی جڤاکێک پەیوەندییان بەو سیاسەتو کلتورەوە هەیە کە باڵادەستن، هەروەک پەیوەندی بەو ئەکتۆرو دەمڕاستە سیاسییانەوە هەیە کە لەبوارە جوداکانی وەک سیاسەتو کلتورو بازرگانییو.. تاد دەسەڵاتدارن، بۆیە ئەو دیاردە بێسەرو بەرییەی کە لەکوردستاندا لەبواری وەرگێڕاندا لەئارادایە، پەیوەندی بەنەبوونی تێگەیشتنێکی تۆکمە لەچوارچێوەی سیاسەتی کلتورییدا هەیە، وەک چۆن بەرێگای بازرگانە مشەخۆرو بێبیرکردنەوەکانی کورد لەرەهەندی بازرگانی بەسەدان تەن خواردنو دەرمانی بەسەرچوو، بکوژ دێننە کوردستانو زۆر جاریش دوای سەقەتکردنی سەدان هاووڵاتی بەو خواردنو دەرمانانە، بەهەمان شێوەش ئەو دەرگا کردنەوەیە بۆ وەرگێڕان بۆتە هۆی ئەوەی کە دەیان کتێبی بێسودو بگرە مێشککوژو رۆحکوژو تەمکوژ بۆ کوردیی وەرگێڕدراون، دەزانم دوای هەڵاوسانی ئابووریی ئەو حیزبانە ئەو شاڵاوە لەوەرگێڕان کۆتایی دێت، چونکە وەک گوتم لەئاستی دەزگا بەناو رۆشنبیرییەکانی ئەو حیزبانەدا پرۆژەیەکی کلتوریی نەک هەر بۆ گرنگی وەرگێڕان لەئارادا نییە، بەڵکو بۆ هیچ بوارێکی تری کلتوریی لەگۆڕێدانییە، دیارە لەئێستاوە بۆ خوێنەرو نووسەرێکی بەئاگا دەبێ روون بێت کە بەشێک لەو کتێبە سەقەتانەی کە وەرگێڕدراون بۆ کوردیی کاریگەریی خراپیان لەسەر ئەو خوێنەرە گەنجو ساویلکانەدا داناوە.

**دەستوور:** دوایین وتەی خۆت چییەو چیت هەیە بۆ وتن کە هەست بکەی دەکرا ئاماژەی پێ بدەی؟

**هەندرێن:** سوپاس بۆ ئێوە کە لەوگفتوگۆیەدا بەرێگای تەکنیکەوە وشەمان گۆڕیەوە، ئومێدەوارم وەڵامەکانم دابێتەوە، هەڵبەتە من بۆ دڵخۆشکردنی خەڵک نانووسم، تەنیا هەوڵدەدەم لەهەموو نووسینێک یان شیعرێکدا ئەو راستییە بەگۆ بێنم کە لەناو مندا هەیە.

بەخەمێکەوە دەڵێم، دەمێکە هەستدەکەم بوومەتە کارگەیەک لەنووسین، چونکە ناچارم هەموو نیوەشەوان بەدوگمەی کۆمپیتەرەکەمەوە شەڕ لەگەڵ ناخی پەنگخواردوومو بێئومێد بوون لەبوونی مێشکگرتووی کوردیو بێمۆراڵی جیهانو یادەوەریی نەخەوتووی خۆم بکەم، تا لەو کاتەی کە کازیوە دەردەکەوێت هەست بەزرینگانەوەیەک بکەم، من بێ هەڵبژاردن قەدەرم بوو بەهاوژیانی نووسینو خوێندنەوە، ئەو سەردەمەی کە من فریچکم بەنووسینو خوێندنەوە گرت، کتێبو دەق وەک نان بەقەدر بوون، من کە کاری نووسین بەوێنەیەکی شەبەنگییانەی پیرۆزەوە دەزانم، بۆیە هەمیشە دوای هەر نووسینێکو دیدارێک دڵەخورپەیەک دامەپۆشێ کە چۆنو چیم نووسیوە.

> ئێمە جڤاکێکی شارنشینیو خاوەن شاری کلتوریی فرە نین، ئامادەیی زانستو کلتوری فەلسەفەو زانستە مرۆڤایەتیو سروشتییەکان بەرهەمی کۆمەڵگای شارنشینن

# پۆست مۆدێرنێتە لەمۆزیکدا

ئا: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

پۆست مۆدێرن بەقۆناغێک دەگوترێ کە دوای مۆدێرنێتە هاتۆتەئاراوە، بەڵام لەشوێنی کامڵبوونی مۆدێرنێتەدا بێپێگەیەو تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی سەبارەت بەمۆدێرنێتە هەیەو دەلاقەیەکی نوێ بۆ هونەرمەندو بەردەنگ (١) دەکاتەوە، لەقۆناغی مۆدێرندا کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات، هونەرمەند چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لەچوارچێوە زۆر بەرتەسکەکانی رابوردوودا دێتو هەر لەبەر ئەمە بۆ دەربڕینی بیرۆکەو هەستەکانی دەستی کرد بەهەڵوەشاندنەوەی ئەم چوارچێوەو رێگرانە، وەکو سەرهەڵدانی ئاتونالیتە لەمۆزیکادا کە لەلایەن شوینبێرگەوە دەستی پێکرد یان مۆزیکای رێکەوت کە جان کیج لەدامەزرێنەرانییەتی، لەگەڵ بەهێزبوونی مۆزیکای پۆست مۆدێرن لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠، مۆزیکای مۆدێرن بەرەو کرچوکاڵیو لاوازیی خلۆر بووەوە، بابەتی سەرەکی مۆزیکای مۆدێرن بەتوخمە تەکنیکییەکانی مۆزیکادا وەکو ریتم بەرتەسک دەبووەوە، بەڵام لەمۆزیکای پۆست مۆدێرندا رۆڵی هونەر لەکۆمەڵگای بەرخۆرو زۆر بەرهەمهێنەردا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ، بەم واتایە کە مۆزیکای مۆدێرن تەنیا بەمۆزیکای جدی (کلاسیکو شتی لەم بابەتە) دەبەسترێتەوە، بەڵام لەمۆزیکای پۆست مۆدێرندا جیاوازیی نێوان مۆزیکای جدیو مۆزیکای پۆپ وەبەرچاو ناگیرێ، بەم هۆیە لەمۆزیکای پۆست مۆدێرندا دەلاقەیەکی نوێ دەکرێتەوە، ئەویش سەرهەڵدانی بەردەنگی زۆرە بۆ بەرهەمی ئاراستەکراو، هەر ئەم بابەتە بووە هۆی سازبوونی لقێکی نوێ لەمۆزیکای پۆست مۆدێرندا، شێوازی نوێو پێشکەوتووتر بۆ تۆمارکردنی مۆزیکا، رووداوی دوای پۆست مۆدێرنن، بۆنمونە کەڵکوەرگرتن لەسینتی سایزەرەکان کە رۆژ لەگەڵ رۆژ پێشکەوتووتر دەبن، ئیدگار وارس یەکێک لەپێشەنگەکانی ئەم بوارە بوو کە بەبەکارهێنانی سینتی سایزەر تواناکانی سازە ئەلیکترۆنییەکانی خستەڕوو، لەبواری پۆپدا گروپی بەیتلز یەکەم گروپ بوو بەهۆی تۆمارکاردنی بەتوانای دەنگ وەک ئەلێن پارسۆنز دەستیکرد بەتۆمارکردنی دەنگە چەند تویێیەکانو میکسەر، دەڵێن پارسۆنز لەئەلبومی نیوەی تاریکی مانگ لەگەڵ گروپی پینک فلۆیدیش هاوکاریی کردو بەهۆی ئەم ئەلبومەوە تەکنیکەکانی تۆمارکردنی دەنگی بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیاند، لەدەرەنجامەکانی دیکەی مۆزیکای پۆست مۆدێرن لایەنگریی بەردەنگە لەچینێکی تایبەتی کۆمەڵگا کە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی ئەودا دەنگونجێ، وەکو لایەنگریی کردن لەهیپیزم لەدەیەی ١٩٧٠، ئەمەش بەلقێکی مۆزیکای رۆک لەقەلەم دەدرا، یان لایەنگریی لەرۆپ کە تەنانەت دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جۆری بیرکردنەوەو جۆری جل لەبەرکردنی بەردەنگەکانی خۆی دابنێ، هەر بەو جۆرەی کە گوترا لەمۆزیکای مۆدێرندا تەنیا خودی مۆزیکا رەسەن بوو، بەڵام لەمۆزیکای پۆست مۆدێرندا هونەرمەند هەوڵ دەدا هەنگاوێکی زیاتر بنێو رەنگە هونەرمەند بیەوێ بەردەنگەکەی بۆ ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی بانگهێشت بکا، رەنگە بیەوێ ئەو لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگادار بکاتەوە یان رەنگە کارێکی سیمبولیک ئەنجامبدا، بۆنمونە دەتوانین ئاماژە بەهونەرمەندانێکی ناڕازی وەک تۆم یۆرک یان جان لێنۆن بکەین، لەسەردەمی مۆدێرندا مۆزیکای پۆپو مۆزیکای زاڵ دوو بابەتی زۆر لێک جیاواز بوونو لەسەردەمی خۆگرتنی پۆست مۆدێرندا بواری ئەوە هەیە کە ئەم دووانە تێکهەڵکێشرێن، یەکەم شێوازی پۆست مۆدێرن مینیمالیزمە، مینیمالیزم لەیەکێک لەحاڵەتەکاندا کردەوەیەکە لەبەرامبەر مۆزیکای کلاسیک، یەکێک لەکردەوەکانی ئەم چەشنە مۆزیکایە لایەنگرییە لەنەریتەکانی رابوردووی مۆزیکای رۆژهەڵات بۆ خولقاندنی بەرهەم، تەن دوم لەبەرهەمەکانیدا شێوازەکانی تێکهەڵکێشانی مۆزیکای چینیو رۆژئاوایی هەڵدەسەنگێنێ، ئۆلیوێر مسیان لەسەر مۆزیکای سورپێستەکانو سەدەکانی ناڤیندا کاری کرد، لەبواری رۆکدا زۆر بەرهەممان لەگروپی جۆراوجۆری وەک jethro tull یان تەنانەت the doors بینی کە بەرەو مۆزیکای رۆژهەڵاتی دەچوون، لەقۆناغی مۆدێرنیزمدا کەڵک وەرگرتن لەماژورو مینور بەرێگر دەزانرا، بەڵام لەسەردەمی پۆست مۆدێرندا رێزی لێگیراو هونەرمەندی پۆست مۆدێرن تا ئەو جێیەی کە هونەرمەندی مۆدێرن رێگەی پێداوە، دەتوانێ لەیاساکانو چوارچێوەکانی پێش مۆدێرنێتە کەڵک وەربگرێ، بەتێپەڕبوونی قۆناغەکان شێوازی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدا، مرۆڤ بەگۆڕانی بارودۆخی ژیان هەستیشی دەگۆڕێتو بەتێپەڕبوونی زەمان ئەم تایبەتمەندییانەی مرۆڤ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شێوازەکانو قوتابخانەو تێڕوانینی نوێ لەبواری هونەردا.




## دوو شیعری شەهابەدین شێخی



(١)

### ئاوارەکان بێ سێشەممەن..

ئاوارەکان بێ سێشەممەن
هەموو رۆژەکانی ژیانی ئاوارە
یان لەرۆژی پێش پشوودان دەچێ یان
لەرۆژی پاش پشوودان ..
ئاوارەکان بێ دووشەممەن ..
من کە هەموو سنوورەکانی نیشتمانم
لەگەڵ سنووری دەستە بچوکەکانی تۆ گۆڕیبووەوە ..
لەکامە نیشتمان جگە لەدەستەکانی تۆ ئاوارە بووم..
من لەمەنفای بێ شەوو رۆژی
کەزییەکانی تۆدا نغرۆ دەبووم ..
ئاوارەکان .. بەشەوو رۆژن
ئاوارەکان بێن چوار شەممەن..
گالیلە درۆ دەکات گوڵەکەم..
ئەی زەوی ئەگەر گردە
بۆ من هەر دەڕۆمو بەتۆ ناگەم؟
ئەی قەبری بێناونیشانی برا شەهیدەکەم
دەتوانم لەولای زەویشەوە بتدۆزمەوە؟
ئاوارەکان لەناوەڕاستی هەفتە دان
ئاوارەکان بێ دەستپێکردنو بێ کۆتاییە ژیانیان..
ئاوارەکان بێ پەن.. شەممەن..

(٢)

### جازبە!

من حورمەتی جەنابت دەگرم خانم
ئەگینا
زەوی هیچ جازبەیێکی نییە..
ئەگینا..
رۆژێک ئەم گۆی زەوییە
کە ئێستا ساڵەهایە
بەسەر ملی منەوە دەسوڕێتەوە
دەتەقێنمەوە..

## لەرۆژێکی شیعردا

تۆهەرخۆت ..
دەبیتەوە بەیەکەم ئاسمانی خۆتو
دەبیتەوە بەزەریای نیشتیمانی من
دڵێکی تاسەر توورە ..
لەهەناسەی شەقبووی جوانی وێنەکانەوە
بەچاوی کامێرایەکی مردوو تەماشام دەکا
تۆهەر خۆت، دەبیتەوە بەمانشێتی درەنگوەختی،
ئێوارەیەکی پایزی من
زەمان لەژێر دارێکی نزمی شەودا
بۆنی عەتری ئایندە دەپرژێنێ،
بەسەربالآی ئوتوکراوی پەندێکی بێ ئەزمونی پێشینانداا
لەهەزار گۆرانی باخی خەونی منداڵیمدا،
ئاوازی خونچەیەک دەمناکاتەوە
گۆرانیەک لەبەر خۆمەوە بڵێم
ئاخ چەند نەشیاوە ..!
لەبیرکردنی دەنگخۆشیی کانیەک،
وەختی نووسینەوەی یاداشتی بەفرێکی بێ ژیان
چەند ناتەبایە ..!
کازیوەیەکی سپیکەلە کەچاوی رۆشنایی لێڵە بەئاخ
بەیانییەکی شۆخ، کانییەک،
لەسەر شانۆی واتای پڕی مانگدا دەبێتە مانیکانو
دەبێتە پەپولەیەکی ئەکتەر
رووی چەترەکان لەئارەزووی ئەواندا
دەبن بەنیشتیمان بۆ هەتاو
ئیتر پێنووسە نووک ئەستێرەییەکەم ناشکێ
لەعاشقبوونی بارینی بەفردا
کەنیشتیمانی نییە بۆ هەور
لەسەر لێواری ئێوارەیەکی نشێودا
سنووری چاوەڕوانیم ئەگەرچی مەستە لەدالغەی بێهیواییدا
نیگای دەخزێ لەبینینی نیگایەکی بێهیواتر
حیکمەتێکی چەند درەنگوەختت پێیە!
کاتێک تۆ تەماشای برینێکی هەستم دەکەیت
ئەگەرچی من ئاشناتر سکێچی وێنەکەت دەکەم
ژیانکردن پێ ناگات لەناو بۆنی سێوێکدا،
کە چەقۆیەکی چاونەترسی برینداری وەک خۆمان!
هەریەکە لەخۆمو خۆت دەکاتە میراتگری لەتێک سێو!
لەبەرچاوی بینەرانی ئەمڕۆی گەورەترین ساڵدا
بڕیارێکی سەوزو تەڵخو
مرۆڤێک لەناخی ریشەدارترین شەو
بەزمانی سیمفۆنیای هاوئاوازی ئەوان وتیان:
وشەکانی وتن ئەڵێو
هەزار جار تەمەنی پێدەداتەوە،
ئەمڕۆ بۆ تەمەنی هەتا پێش هەزار ساڵی دوێنێ!
عەشقم کوژراوەو
ئازادیم بریندارو
حەزم ژەهرخواردوو
درود بۆ ئاینی فڕین بۆ باڵەکانی پەیام عەشقم ..
رۆحی دەبێتە نووسەرو لەشانۆنامەی (بەهەشت) یاخی دەبێت
دڵۆپێک مەرەکەب لەدەروونی پاکی سۆفتەکەیەوە،
نامۆ .. نامۆ بەجلی کزەبایەکەوە هەڵدەکاو
پەیڤەکانی خۆی بۆ رۆشنایی دەکاتە نیشتیمان
ئێستا دەمەو پەژمەردەبوونی شەیدایی ئەستێرەیە
چاوی ئاوێنەییەکانی ئاسمان چەند شینە
کە چەترێکی کۆنی گوڵگوڵی دڕاو
لەشەقامی نەخشەی هەورێکی خۆرهەڵاتیدا
ناوبانگی دروشمی هەتاوێکی مەزن دەدزێ
زەمان نە ئاوێنەیەو نەدڵێکی گەرمو نە پێنووسێکی تەڕ
بەدوودەستو
دووپەنجەی پشکۆو دووڕوانینو
پەنجەرەیەکی روناکەوە
لەتووڵەرێیەکی تەڵخدا
بەباڵی دروشمێکی هەورینەوە دەفڕێ
بارانی دوێنێ چەتری رۆژهەڵاتی ئەمڕۆ تەڕدەکات
دید ئاسۆیانە .. لەڕوونبوونەوەی ئاودا
کانییەک دەبێتە مانیکان

شیرین تاهیر





# هەمواركردنی دەستوور، ئەو ترسەی كە پێویستە كورد هەیبێت لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا

ئاسۆ حەمەشین

زۆر لەمێژنییە كە دەستووری عێراق بەگەواهیدانی سەرانی عێراقیو تەنانەت خودی حاكمی مەدەنی لەعێراق (پۆل بریمەر) كە دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥)ی عێراقی بەنمونەی یەكێك لـەهـەرە دەسـتـووره دیـمـوكـراتـیو پێشكەوتووەكان دانـا بـەبـەراورد لەگەڵ دەستووری وڵاتانی دراوسیو ناوچەكە، لەئاستی سەركردایەتی عێراقیشدا بەوێنەی هەر سی سەرانی دەزگا فەرمییەكانی دەوڵەتی عێراقی بەدەستوورێكی ناوازەو گرنگو بێوێنە لـەمـێـژووی یـاسـایـیو دەسـتـووری عێراقیان ناودێر كرد.

بـێـگـومـان ئـەو چـاخـە یـاخـود ئەو سـەردەمـەی ئەم نۆبەرە نوێیە (دەسـتـووری عـێـراقـی) لەمێژووی یاساییو سیاسی عێراقدا بەدیهات، نمونەو ئەزمونێكی جـوانو بێوێنە بـوو، كەچی لەگەڵ ئەمەشدا كرچو كاڵیو تازەیی لەهەندێ بەندو حوكمو مادەكاندا دەخوێندرایەوە، هەرچۆنێك بێت زۆربەی عێراقییەكان بەكوردیشەوە وتـمـان بـەڵـی بـۆ ئـەم دەسـتـووره لەبەرئەوەی لەخۆگری زۆرترین مافـو دەستكەوتی هەموو نەتەوەو رەگەزو نـەژادو ئەتنیكە جـیـاوازەكـان بوو، بەتایبەت بۆ ئێمەی كـورد كۆمەڵە دەستكەوتو مافێكی ئێجگار باشی تـێـدا فـەراهـەم بـوو لـەوێـنـەی ئەو مافانەش داننان بەزمانی كوردی وەك زمانی فـەرمـی، شانبەشانی زمانی عەرەبیو داننان بەهەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی خـاوەن كیانی نیمچە سەربەخۆی خـود موختاری لـەچـوارچـێـوەی عـێـراقـدا، هـەروەهـا ناساندنی یاساو رێساكانی هەرێمی كوردستان بەیاسای كارپێكراوو دروست لەچوارچێوەی هەرێمی كوردستانو مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی بۆ چارەسەری ناوچە جێناكۆكەكان، ئەمە سەرباری چەندین مافـو دەستكەوتی دیكە.

مەخابن ئەم مافانە وێڕای بوونێكی راستەقینەو چەسپاو لەو دەستوورەدا كەچی لـەڕوانـگـە پراكتیكییەكەوە زۆربـــەی مـافـەكـان بـەرجـەسـتـە نەبوونو خۆ ئەگەر بێتو هەڵوێستی سەركردایەتی كـورد لەسەر هەمان ریتم بەردەوام بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە بارودۆخەكە زۆر بەجیاوازتریش دەگۆڕێت كە ئەویش دەست بردنی سەرانی سیاسی هاوبەشی لیستی هاوپەیمانی كوردستان تەنانەت لایەنە شۆڤێنیو كۆنە بەعسییەكان بۆ سەر لەنوێ دارشـتـنـەوەو هەمواركردنی دەسـتـووری هەمیشەیی عێراقە كە بەلایەنی كەمەوە گەرەكیانە زیاتر لە٥٠ مـادەی دەستووری هەمواربكەن كە زۆربەی هەرە زۆریان لەو مادانەن كە بێپەردەو بەراشكاوی مافەكانی كوردی تێدا دان پێدا نراوە، سەرباری هەموو ئەمانەش كە خودی سەرۆك وەزیرانی عێراق كە بەدەنگی لیستی هاوپەیمانی كوردستانو پشتگیری گەلی كوردستان توانی جڵەوی دەسـەڵات لەعێراقدا بگرێتە دەست، بەڵام ئێستا هەر ئەوە كە داوای هەمواری دەستوور دەكاتو گوێ بەبوونی جۆرێك لەهاوپەیمانێتییە نادات‌و زۆر بەپەلەیە لەخۆمەڵاسدانێكی كتوپڕدا بۆ دوای ئەم هەڵبژاردنە داخۆ بارودۆخەكەی بۆ لەبار دەبێت یاخود نا تا بتوانێتو بوێر بێت ئەوە بكات دەست بۆ كارێكی بڤەی لەو جۆرە ببات كە ئەویش هەمواری دەستوورە.

دەپرسین دڵمان بەچی خۆش بێت؟ بەوەی كە هەمواری ئەو مافە دەستوورییانەیان بۆ ناكرێت؟ كامانەن گـەرەنـتـی ئـەوەی كـە ئـەو كـارە روونـەدات؟ لەكاتێكدا هێشتا مادەی ١ی دەستوورەكەمان جێبەجێ نەكراوە كـە كـۆمـاری عـێـراق بەدەوڵەتێكی ئێتیحادی نـاو دەبـات، كەچی باس لەهەمواری مادەكانی تری دەكرێت، بەم شێوەیە مادەی ١مان جێهێشتو بازماندا بۆ مادەی ١٤٠ لەكۆتاییشدا وەك كـورد دەڵـێـت لـەقـەلانو هەم لەمەلانیش بـوویـن، هیچیمان بۆ نەهاتەدی كەچی بەپێچەوانەشەوە هـەوڵـی هـەمـواركـردنو لابردنیشی لەلایەن نەیارانەوە بەپەرۆشی كاری بۆ دەكرێت، شەڕی دەستوورییمان بۆ نەكراو خەریكی كاری دیكە بووین، بێدەنگو سەنگ بەسینە فراوانیو لێبوردەیی چووینە پێشەوەو خۆمان بەبەرپرسی ئاشتەوایی نیشتمانیو پێكەوەیی لانەكانەوە خەریك كرد تا ٤ ساڵ رۆیشت هیچمان بەناهیچ بۆ دەرچوو، ئەمە ئەو بارودۆخە تاڵە بوو كە رووبەڕووی بووینەوە.

ئێستا دیسان جارێكی دیكە وا خۆمان بۆ هەڵبژاردنێكی نوێو ٤ ساڵی دیكە رێـك دەخەین دەبێت هەموو هاووڵاتییەكی كوردیو سەركردایەتی سیاسی كوردی بەهەموو لایەنەكانەوە ئـەم مەترسییە بەهەند وەربـگـرنو تـەواو دڵنیا بـن كـە دەسـتـووری هەمیشەیی لەبەردەم هەڕەشەیەكی جدی دایە كە پێویستی بەوە هەیە زۆر بەوریاییو زرنگی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە حاشا هەڵنەگرەدا بكەنو چیتر پەرلەمانتارەكانمان سەرقاڵی مافی ئەمو ئەو نەبنو مافی خۆیانو میللەتەكەیان لـەو نـێـوانـەدا وەك تۆزی ژێرپێ لەبیاباندا بەرەو ئاسمان بـڕوات، ئاگاداریو هۆشداری هەموو تاكێكی كوردیش بكرێت تا بتوانرێت سەرجەم لایەنە كوردییەكان پێكەوە باشترین دەنگو سەنگ كۆ بكەنەوە بۆ پارێزگاری لەمافە دەستوورییەكانی میللەتەكەمانو لەبەغداش نمونەی دیاری كۆدەنگیو یەكدەنگی نەتەوەیی بین تا زامنی ئەوە بكەین ئەو چوار ساڵەی كە دادێت مافەكانمان بەلایەنی زیـادەوە بپارێزرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بیر لەشێوازێكی تازەی خەباتی دیموكراسیانەو ئاشتیانە بكەینەوە بۆ بـردنـەوەی سەرجەم ململانێكان بەقازانجی میللەتەكەمانو جـەنـگـاوەرێـكـی بـەتـوانـای شـەڕە دەستوورییە یەكلاكەرەوەكان بین، لەئاستی نـاوخـۆی خۆشماندا واز لەجاڕدانی حیزبایەتیو بەكارهێنانی زمانی هەڕەشە دژی یەكتر بهێنین، هـەروەهـا هـەوڵـی ئـەوەش بدەین ئـەو سەنگەی كە لەبەغداد هەمانە بەهێزو تۆكمەتر بێتو خاوەنی یەك وتاری كوردستانی بین تا لەبەرامبەر هەڕەشەكاندا پۆڵائاسا بین، پشتی میللەتەكەمان بەكۆمەڵێ بابەتی حیزبی لـەزەوی نەدەین، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە كە پەرلەمانتارانی كورد بتوانن دەستووری عێراقی لەهەر هەمواركردنێكی زیانبەخش بەكوردو دۆزە رەواكەی بپارێزن، ئەمەش بوێریو ئازایەتیو چاونەترسی فرەی گەرەكە.

خۆ ئەگەر هـاتو هەمواركردنی دەستوور بـەوەی كە لەزیانی كوردە هـاتـەدی ئـەو كـاتـە تـاكـە چەكی دەستووریی كورد پەنا بردنە بۆ بڕگەی كۆتایی مادەی یەكەمی دەستوور، تا كورد بتوانێت بڕیاری مافی چارەی خۆنووسینی خـۆی بـدات، ئەمەش هەڵهێنجراوە لەم بڕگەیە كە دەڵێت (و هڑا الدستور چامن لوحده العراق) واتە ئەم دەستوورە گەرەنتی یەكپارچەیی عێراقە بەچەمكی پێچەوانە (مفهوم المخالفه) ئەم دەقە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر هـەر دەستكاریو پێشێلێك لەبەندەكانی ئـەم دەسـتـوورەدا كرا ئەوا مافی ئەوە دەداتـە لایەنی زیان پێگەیشتوو كە سەرپشك بێت بۆ جیابوونەوە لەعێراق، ئەمەش لەم حاڵەتەدا دەبێتە مافێكی دەستووری، چونكە دەقەكە دەڵێت ئەم دەستوورە واتە ئەو دەستوورەی كە ئێستا وەكو كیانێكی یاسایی دەستووری بوونی هەیە، پێش هەر هەمواركردن یاخود دەستكاریكردنێك.

كەواتە گرنگە ئێمەی كورد بەهەموو لایەكمانەوە بەتایەت سەركردایەتی سیاسی كوردی كاری تەواوەتی بكەین تا كارێكی لەو جۆرە سەر نەگرێتو دەستكەوتەكان زیاتر پارێزراو بن، چونكە بێگومانین پـڕۆژەی یەكەمی نەیارانی كـورد لەپەرلەمانی عێراق هەمواری ئەو دەستوورەیە، پێویستە هەموو ئەندام پەرلەمانانی داهاتووی كورد لەعێراق لەم راستییە بەئاگاو دڵنیابن، چونكە دەزانین ئەمە پلانێكی دەستچنی ئەو ناحەزانەیە لەدەستوور، گلەیی گەورە دەبێت لەخۆمان بكەین كە نەك نەمانتوانی دەستوور جێبەجێ بكەین، بگرە دەبێت لەمڕۆ بـەدواوە باس لەجێبەجێكردن هەر نەكەین، بەڵكو خەمی هەرە گەورەمان پاراستنی دەستوورەكە بێت وەك هەیە.




دەستووری هەمیشەیی عێراق لەبەردەم مەترسیدایە

# مرۆڤو سەفەركردن، لەچەرمۆوە بۆ پاریس..!

مەبەست عارف مەعروف

هەموو مرۆڤێكی سروشتیو ئاسایی لەگەڵ هاتنە دنیای هەستی بینینی هەیە، كاری ئەم هەستە ناردنی پەیامی شتی بینراوە بۆ ناوەوەی مێشكی مرۆڤـو لەو خاڵەدا كە مێشك كاری پۆلێنكردنو هەڵسەنگاندنی شتەكانی دەوروبـەرە، ئا لەوێدا لەگەڵ زیاتر بینینی دنیا، مرۆڤ پاشخانی تێگەیشتنو روانینی زیـاد دەكـات، بەواتایەكی تر بینینی شتەكانی دنیا، مرۆڤ بەرەو دەوڵەمەندی مەعنەویو عەقڵی دەبـات، تا رادەی حەزكردن بەزانینو حەزی پرسیاركردن لەو مرۆڤەدا لەئاستێكی بەرز دابێت، بینینو ئەزمونكردنی گەڕان بەدنیادا، مـرۆڤ زیـاتـر دەگەیەنێتە پێناسە حەقیقییەكەی مرۆڤبوون.

ئـــەوەی مـن لـێـرەدا دەمـەوێـت بیڵێم كاریگەری راستەوخۆی گەڕانو سەفەركردنە بەدنیادا، زۆر لەمێژە كتێبی پیرۆزی ئیسلامی داوای لە مرۆڤ كردووە بـەزەوی دابـگـەڕێ، ئەوانەی لەنهێنی سەفەر دەگـەن دەبنە موسافیر وەك چۆن سوهرابی سپهەری ناوی دەنێت، كاری ئێمە لێرەدا پۆلێنكردنی جۆرەكانی سەفەر نییە بەقەد ئەوەی قسە لەسەر گرنگی خودی سەفەر بكەین، سەفەركردن واتا ریفرێش بوونەوەو خاڵیبوونەوە لەم دەوروبەرە بۆ ماوەیەك، واتا ژیانكردن لەغیابی ئەوەی قانی داوین، دواتر یان گەڕانەوە یاخود سەفەرێكی تر.

ئەوەی بەختیار عەلی بەگەنجانی ئێمە دەڵێت كە گـەراڵ بـن، هەمان ئەو سیحرەیە كە سەفەر فێری مرۆڤی دەكـات، دەرەنجامەكانی سەفەر زۆر جیاوازترە لەكتێبەكانو دیوە رووكارەكەی میدیاكان، ژیان لەكۆڵانێكی هامبۆرگدا لـەگـەڵ چەندین تـوركـو ئەفریقیو مەغریبیو ئەڵمانی رەگـەزپـەرسـت، زۆر جیاوازترە لەپیاسەیەكی ئەزمڕو دەباشان، بینینی واتەرلۆ لەنزیكەوە ئەزمونێكی نوێ بەمرۆڤ دەدات كە لەبەردەقارەماندا نییە، مەبەستم لەچاكو خراپیو بـەرزو نزمی هیچ كام لەمانە نییە، بەڵكو سەفەركردنە بۆ شتەكانی تر كە لێرە نین. بینینی ئەشكەوتی عەلی یەدر لەهەمەدان مرۆڤ فێری سیحرو جیاوازییەكانی ئەشكەوت دەكات لەدنیا، فێری دەكات قوڵتر بیركاتەوە.

دەیخاتە سەر كەڵكەڵەی فڕینو دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەی كە ماوەیەك بێوەڵام لەمێشكیدا دەواریـان هەڵداوە، بەبینینی كۆشكی عوسمانییەكانی توركیا مرۆڤـ تێدەگات گەورە بیریاری فـارس د. عبدالكریم سروشت بۆچی دەڵێت پـەیامی ئایینەكان بۆ مرۆڤ ئەوە بوو كە بەمرۆڤ بڵێن ئەی مرۆڤ تۆ خوا نیت، تۆ مرۆڤیت.

چـا خـــواردنـــەوەی ئـێـوارەیـەك لەكافتریایەكی پاریس بەمرۆڤ دەڵێت پەیوەندی كۆمەڵایەتی فەرەنسییەكان زۆر لەهۆڵەندییەكان بەهێزترە، گەشتێك بۆ دادگای لاهای لەشاری داناخ فێرمان دەكات ئەوە چ سیاسەتێكە ئەو دادگایە بەڕێوە دەبات لەو شارەداو لەسەر ئاستی دنیاش.

فیلمی دۆكۆمێنتاری راستەقینەی ژیـانـی حـــەوا دەڵـێـت مـرۆڤـایـەتـی لـەسـەفـەركـردنـەوە بـڵاوبـۆتـەوەو تـەشـەنـەی كـــردووە، قسەكانی من لەسەر سەفەركردنە وەك سەفەر، نەك كۆچكردن. من دەڵێم زۆر گرنگە مرۆڤ ئەگەر بەنرخێكی گرانیش بێت چەندی بۆی دەكرێت سەفەر بكات، بۆنمونە بۆ گەنجێكی سلێمانی یەكەم سەفەری لـەوەوە دەستپێ بكات سەردانێكی هەورامانو پیری شالیار بكاتو لەوێوە بگەڕێتەوە گوندی چەرمۆی دێرینو لەوێشەوە بۆ جێگایەكی تری دنیا.

خـۆزگـە سـنـوورەكـان نـەدەمـانو خۆزگە گەڕان لەهەرشتێك ئاسان تر دەبوو، بەتایبەت بۆ خەڵكی ئەم دەڤەرە.



# ئاسۆگەی ئایینیو جوڵانەوەی تۆتالیتارەکان

بەهرام مەحیی
و: ڕەحمان ئەمیری

پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە چەمکی "ئایینە سیاسییەکان" ئاماژە بەبزاڤو رژێمە تۆتالیتارەکان دەکات، بەمپێیە دەبێ لەنێوان ئەم چەمکەو ئایینسالاری (تیۆکراسی) جیاوازی دابنێین، جەوهەری "ئایینە سیاسییەکان" باس لەوە دەکا سیستمە تۆتالیتارەکان بەشێوەی کردەیی خۆیان لەناو چوارچێوەی ئایدۆلوژیای ئایینی دەبیننەوەو بەشداری ئاکتیڤانەی شوێنکەوتووانی ئەم ئایدۆلۆژیانە دەکرێ بەیەکێک لەفاکتەرە گرنگەکان دابنێین، هەر بەو جۆرەی کە باس کرا "ئێریک فۆگلین" یەکەم بیرمەند بوو چەمکی "ئایینە سیاسییەکانی" لەم پەیوەندییەدا بەکارهێنا، بەهۆی ئەوەی جووڵانەوە تۆتالیتارەکان ریشەیەکی قوڵیان لەئەندێشەی مۆدێرندا هەیەو ئایینیان خستووەتە پەراوێزەوەو خۆیان بوونەتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئایین، ناوبراو ئەم جووڵانەوانە بەبەرهەمی رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن لەوڵاتان لەقەڵەمدەدا، نەتەوەگەلێک کە شوناسی خۆیان بەپێچەوانەی "ئانگلۆ ساکسۆنەکان" لەدەستداوە، لەچوارچێوەی ئایدولۆژیە جەماوەرییەکان بەدوایدا دەگەڕێن، هەوڵدان بۆ بەخشینی سیمایەک لەچەشنی ئایینی بەسیستمە سیاسییەکان، رژێمە توندڕەوە مۆدێرنەکانی لەگەڵ نمونەگەلی تاک جەمسەری ئاوێتەی ئایینی پەیوەستداوە، فۆگلین ریشەی مێژووی ئەم دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ یۆنانو میسری کۆن، فوگلین دەڵێت: بۆ تێگەیشتن لەئایینە سیاسییەکان، دەبێ بەجۆرێک چەمکی ئایینی بەرفراوان بکرێت کە هەموو ئایینەکانو دیاردەکان لەخۆ بگرێت، هەروەها دەبێ چەمکی ئایین هەڵسەنگێنینو بزانین ئایا بەڕاستی شتێک جیا لەپەیوەندییە رێکخراوەییەکانی ئایینی مرۆڤەکان، بەبێ گرێدانی بەبزاڤی ئایینی لەخۆدەگرێت یان نا، فۆگلین هێڵەکانی نێوان پێکهاتەی سیستمی حکومەتی تۆتالیتارو کۆکردنەوەی خەڵکی لەگەڵ ئایینەکان لەیەک ئاستدا دەبینی، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین کۆمۆنیزم، فاشیزم، ناسیۆنال سۆسیالیزم، بەبەرهەمەکانی رەوتی سیکۆلاریزم لەقەڵەم بدەین، لەبەرئەوەی سەقامگیری پێشوو لەسەر بناغەی رەگەزو ئابووریو خوێندنی ئایینو خواستە ئایینەکان، جارێکی دیکە دەخزێتە ناو کۆمەڵگاوە، "هێمای رزگاری" لەم جیهانە، جێنشینی رزگاری ئەو جیهانەی دیکەیە، هەوێنی ئەو کارە، پەیوەندی بەخواوە نییە، بەڵکو رزگاربوونە لەدیاردەگەلی وەک رەگەزو پۆلێن، بەهۆی کاریزماپەروەری توندڕەوانە لەجوڵانەوەی تۆتالیتارەکان، رێبەر یان پێشەواکانیان لەباروردۆخی ئاڵوزی وەک شەڕ، رۆڵی جێنشینە مۆژدەدەرە مەسیحییەکان دەگێڕن، لەخۆڕا نەبوو کە خەڵکی ئەڵمانیا بەچاوی پێغەمبەر یان مۆژدەدەر دەیانڕوانیە "ئادۆلف هێتلەر"، لەم پەیوەندییەدا تەنیا دەرکەوتنی رێبەر یەکلاکەرەوە نییە، بەڵکو باوەڕی راستەقینەی شوێنکەوتووان دەتوانێ رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، پەیوەندییەکی دیکەی نێوان شێوازەکانی کارکردنی تۆتالیتاریزمو ئایین لەوەدایە بزاوتە تۆتالیتارەکانیش پێویستیان بەتوخمگەلی ئەفسانەییو خەیاڵی هەیە، تیۆری پلانی جوەکان دژی خەڵکی ئەڵمانیا بەیەکێک لەنمونەکانی پڕوپاگەندە بەئەژمار دێت، لەخاڵە هاوبەشەکانی دیکەی تۆتالیتاریزمو ئایین، بۆنەو جەژنە ئاینییەکانە، گەرچی هەندێکجار بابەتە سیاسییەکان لەناوەندی ئەم جۆرە یەکانەگیرە خۆی دەبینێتەوە، بەڵام رەنگو بۆنی ئایینیان وەک سوێند خواردنەکان، دوعاو پاڕانەوەکان، پەیمانەکان حاشاهەڵنەگرن، جوڵانەوە تۆتالیتارەکان، تایبەتمەندی لایەنی شاراوەی بەخۆیەوە دەگرێت. ئەندامەکانیان لەناو گروپێکی سوێندخواردوی "رەگەزی باڵاتر" یان "بەرژەوەندی پرولیتاریا" دەبینن کە چۆن نامۆکان رێگایان بۆ چوونە ناوەوە بۆ ئەم جۆرە رێخستنانە لێدەگیرێت، "ئەریک فۆگلین" لەلێکدانەوەکانی دواتری خۆی بەم ئاکامە گەیشت کە جوڵانەوە سیاسییە جەماوەرییەکانی سەدەی بیستەم واتە کۆمۆنیزم، فاشیزم، ناسیۆنال سۆسیالیزم هەموویان تایبەتمەندی بێباوەڕی "گنۆسی"یان هەیە، ئارۆن چەمکی ئایینی بەواتایەکی دیکە بەکاردەبا.

واتایەک کە ئەو باسی دەکا، لایەنێکی روونی لەرەخنەی ئایینی لەخۆ گرتووە، بەباوەڕی ئارۆن سیستمە تۆتالیتارەکان لەو رووەوە ئاینین کە تێدەکۆشن سەردەمی مۆدێرن لەنێوان هێزە ئایینیەکانو سیاسەت بگەڕێننەوە بۆ قۆناغی یەکتری قبوڵکردن، راست هەر بەو جۆرەی کۆمەڵگاکانی پێشوو رۆڵێکی گرنگی هەبوو، هەنووکەش ئایدۆلۆژییەکان لەکۆمەڵگاگەلی جۆراوجۆری مۆدێرنی تۆتالیتار "رۆڵێکی گشتگیرو کاریگەری هەیە، نەقشی سیاسی لەلایەن یاسای حکومەت دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو بەپشت بەستن بە"بەها رەها ئایدۆلۆژیکەکان" پاساو دەدرێتەوە.

لەراستیدا جوڵانەوە تۆتالیتارەکان لەگوتارەکانیان یان کردارەکانیان خاوەنی فاکتەرگەلێکن کە پەیوەستە بەبیاڤە ئایینیەکان، یەکێک لەو فاکتەرانە هەراسانکردنە، فاکتەرێک کە لەرێنماییە دینیەکانو پێوەندی نێوان "گوناه"و "سزا" کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە، هەم ئارۆنو هەم "هانا ئارێنت" جەختیان کردووەتەوە کە فاکتەرەکانی تیرۆر، یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی رەهایە، بەوتەی هانا ئارێنت لەسیستمە رەهاکان، تیرۆر بەربەستی یاسا لەناو دەباو خەڵکەکان بەجۆرێک رادێنێت کە هەڵسوکەوتی ئازادانەو چاوەڕواننەکراوی ئەوان نامومکین دەکا، تیرۆر بەواتای خۆی وەک یاسایەک کار دەکا، ناکرێ ژێرپێ بنرێت، پاکتاوی ئاسنینی تیرۆر، هەیکەلی سیاسی تۆتالیتار پێکدێنێو دەیکات بەکەرەستەیەکی بێهاوتا بۆ تاودانی رەوەندی مێژوو.

یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی سیستمی تۆتالیتێر بەزاندنی سنووری تایبەتی مرۆڤەکانە، ئەم ئایدۆلۆژیە تێدەکۆشی خۆیان لەهەموو روویەکەوە بەسەر مرۆڤەکان بسەپێنن، ئەمە لەتایبەتمەندییە ئایینیەکانیشدا دەبینرێ، ئەوانیش تێدەکۆشن لەهەموو روویەکەوە نفوز بکەنە ناو سنووره تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە، هەر بۆیە دەتوانین پەی بەو خاڵە هاوبەشەی نێوان ئایینو تۆتالیتارەکان ببەین، هانا ئارێنت باس لەستراکتۆرگەلێک وەک جوڵانەوە تۆتالیتارەکانو بزووتنەوەی شارەکان دەکا، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنگەلە لەو بڕوایەدان کە نهێنیەک لەناو خۆیان بپارێزن، لەسەروبەندی بەهێزبوونی نازییەکان لەئەڵمانیا، نهێنییەک بۆ شاردنەوەی تۆتالیتاریزم لەئارادا نەبوو، بەڵام پاش دانی بڕیاری پاکتاوی جوەکان لەئەوروپا کە نازییەکان بە"رێگاچارەی فەرجامین" ناوزەدیان کرد بارودۆخەکە بەجۆرێکی دیکە گۆڕا، هێتلەر لێبڕاوانە خوازیاری بەڕێوەبردنی سێ بنەما بوو لەلایەن حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیستەکان دەرهەق بەجوەکان، یەکەم کەس نابێ کارێکی پێبدرێ کە زانیاری لەسەری هەبێ، دووەم بۆ کەس نییە لەوەندەی کە دەزانێ زیاتر بزانێ، سێیەم بۆ کەس نییە شتێک زۆرتر لەوەی کە پێویستە بزانێ، ناسیۆنال سۆسیالیستەکان لەئەڵمانیا بەجۆرێک کەڵکیان لەواژەگەلی وەک "خوێن"و "رەگەز"و "خاک" وەرگرت کە گوایە ئەم واژانە لایەنێکی ئایینان هەیە، ئەوان باسیان لە"رازی خوێن"و "خوێنی پیرۆز" دەکرد، خاچی شکاو جێگای خۆی دابوو بەخاچی مەسیحی، وێنەکانی مەسیح جێگای خۆی دابوو بەوێنەکانی هێتلەر، حیزبە تۆتالێتێرەکان یاسایەکی تۆکمەیان بۆ ئەندامگیری پەیڕەو کردو سزاگەلێکیان بۆ سەرپێچی لەبڕیارەکانی رێکخستنەکانیان لەبەرچاو گرتبوو، لەسیستمە تۆتالیتارەکاندا لەبەرامبەر نارازیان کەڵک لەدەستەواژەکانی وەک هەڵگەڕاوەو دژە خواو .. کە رەنگو بۆی ئایینی هەیە کەڵک وەردەگرن، بۆوێنە لینین کتێبێکی لەژێر ناوی "شۆڕشی پرۆلیتاریاو کائوتسکی پیس" نووسیوە.

سەرچاوە: ایران امروز



# بەئیسلامکردنی تورکیا گرفت نییە

ئەحمەد گەرمیانی

یەکێک لەبابەتە هەستیارو پڕ ملململانێکانی نێو سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەواوی جیهان، دەرکەوتنی بزووتنەوە ئیسلامییە میانڕەوەکانو پەرەسەندنی ئەم رەوتە نوێیانەیە، لەلایەک جێگای ئومێدەو دەروازەیەکی نوی لەسیاسەتی ئیسلامی رۆژهەڵاتی بەئەوروپاوە دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە ترسی ئەوەشی لێدەکرێت دووبارە رەوتە توندەکان سەرپێ بخاتەوە یان پەناگەیەکی ئارام بۆ هەڵگرانی بیری ئوسولی بخولقێنی کە دووجار کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نەبێت، لەدوای ئەو شەپۆلە دەستگیرکردنەی لەتورکیا روویدا، میدیاکانی ئەوروپا هاتنە ناو باسەکەو دەستیان کرد بەڕووماڵکردنی ئەوەی لەپشت پەردەی تورکیاوە لەناو سیستمی مەدەنی سەربازیدا دەگوزەرێت، وەک هەموو جارەکانی تر هەڵگرانی ئەم باسە دابەش دەبن بەسەردوو بەشدا:

یەکەم: ئەوانەی کە ئیسلام وەکو مەترسی دەبینن، لایەکی تر پێیوایە حاڵەتێکی ئاساییەو دەچێتە ناو گەمەی دیموکراسییەوە، ئەم هێرشە یەک لەدوای یەکانە مێژوو رەگو ریشەی لەنێو دڵی سیاسەتی تورکیدا هەیە، بەهۆی دەستتێوەردانی بەردەوامی سوپا لەسیاسەتی وڵات، لێرە بەدواوە کودەتا هەروا ئاسان نابێتو جەنەراڵەکانیش پێویستە سنوورێک بۆ سەرکێشییەکانیان دابنرێت، ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشە بۆ ئەوانەی پێیانوایە سوپا دەسەڵاتی یاسایی هەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی سیاسیدا، ئەوانەی ترسی ئەوەیان لێنیشتووە بەبێ سوپایەکی دەستکراوەی سیکۆلاری، تورکیا بەرەو وڵاتێکی ئوسولی دەگوزەرێت کە بەڕاستی ئەم بیرکردنەوەیەش هەڵەیە، تورکیا جیاواز لەو وڵاتانەی ئیسلامی سیاسی تیایاندا بەرەو ماڵئاوایی کردن دەچێت، ئەم بەهێزێکی پڕ ئەستوورەوە دێتە گۆڕەپانو وەستان لەبەرامبەر سوپای کەمالیستەکان، ئەمە لەبەر چوار هۆ بووە بەواقع، یەکەم: ئەم وڵاتە خاوەن ژێرخانێکی ئایینی بەهێزە پێش دەرکەوتنی کۆماری مۆدێرن دەبێت، دەوڵەتی عوسمانی ناوەندێکی مەزنی کلتوریو ئیسلامی کۆمەڵگای تورکی بوو کە کاریگەری تەواوی لەڕواڵەتی دەوڵەتو کۆمەڵگادا تا ئێستا نەمردوە، سوڵتان یاساکانی بەڕوحی نەتەوەیی بەکلتوری تورکی فورمەلە کردبوو، وەک ئەوەی ئاینی بێت، بۆنمونە یاسای دەوڵەتو کارگێڕیو یاسایی تاوانو دارایی، دەوڵەتی کلتورو سیکۆلارەکان رەگی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیای ناوەند، ئەوەی جیاوازی نێوان تورکیاو وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەوەیە ئیسلام ئەوانی بونیاد ناوە، بەپێچەوانەی تورکیا کە ئیسلامی تیادا بونیاد نراوە، ئەوەی جێگای بایەخە لەکاتێکدا وڵاتە عەرەبییەکان لەدوای کۆلۆنیالیزمەوە هاتنە گۆڕی، دەوڵەتی تورکیای نوی لەسەر کەلەپوری بەهێزی ئیمپراتۆریەتێک هەڵهات، ئەو کاتە وڵاتە عەرەبییەکان پێویستیان بەئیسلامبوو بۆ داڕشتنی دەوڵەتو دووبارە رێکخستنەوەی کاروبارەکان، بەڵام تورکیا ئیسلامی تەنها بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێویست دەزانی.

دووەم: یاساکانی ئیسلام لەدەوڵەتی تورکیای نوێدا نامومکینە، وڵاتێک ساڵانێکی لەدیموکراتیزەکردندا بڕیوە، گەڕانەوە بۆ دەستوورو یاساکانی سەدەی نۆزدە کارێکی سەختە، دیموکراسی گەورەترین بەرهەڵستکاری ئیسلامی سیاسییە، لەغیابی ئازادی رادەربڕینو ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادی سیاسیو هەڵبژاردندا، ئیسلامو مزگەوت دەبنە تەنها سەکۆی دەنگە خەفەکراوەکان، لەم بارەدا ئیسلام دەبێتە تاقە داکۆکیکاری ماف خوراوەکانو بەرگریکردن لەدژی ستەمو دەبێتە فریادڕەسی کۆمەڵگا، ئەم حاڵەتە لەئێراندا بینرا، ئێستاش وا خەریکە زۆر وڵاتی عەرەبی دەهەژێنێت، بیرۆکەی ئیسلام چارەسەرەی ئیخوان موسلیمین باوەشێنی زیاتری ئەم ئاگرە دەکات، بەڵام تورکیا هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا، کاتێک سیستمی فرە حیزبی تیادا بەرپا بوو، خۆی لەبڵێسەی ئەم ئاگرە بەدوورگرت.

هەرکاتێک سوپای تورکیا ویستبێتی تورکیایەکی کەمێک ئایینی تر پیشانبداتو دیموکراسییەکەی کەمێک رەونەقدارتر بکات، ئەوا لاساییکردنەوەی جیهانی عەربی باشترین نمونە دەبێت.

سێیەم: تورکیا نایەوێت یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بکاتە بنەمای یاسای دەوڵەت، لەبەر رۆچوونی زیاتری لەنێو بوارەکانی بەجیهانی بوونو سەرمایەداری لەگەڵ بەرقەراریەتی بەردەوامی دیموکراسیدا، تورکیا ئەو راستییە دەزانێت نەبوونی سەرچاوە سروشتییەکان خاڵێکی لاوازییەتیو دڵگران کردنی جیهانی عەرەبی گەشەی ئابوورییەکەی دووچاری ئیفلیج بوون دەکاتەوە، خاڵی گرنگی ئەم نێوەندە راگرتنی باڵانسی نێوان رۆژهەڵاتی نزیکو رۆژئاوایە، تا خەونە دێرینەکەی بهێنێتەدی کە چوونە ناوەوەی یەکێتی ئەوروپایە.

خاڵێکی تری مەترسی نەبوونی بەئیسلامی کۆمەڵگای تورکی، نەبوونی ئوسولیەتی ئیسلامە لەئێستاو داهاتوودا، لەبەرئەوەی جۆرایەتی ئیسلامی لێرە بارگاویە بەرۆحی سۆفیزم، ئەم سیفەتەشی وایکردووە، رەوتی ئیسلام لێرە بەهەڵقوڵاوی نێو کلتورو کۆمەڵگەی نێو خۆی بێ، نەک کارکردن لەسەر ئەجێندای رادیکاڵی دەرەوەی سنورو رەهەندێکی ئاڵۆزی کاری ئیسلامی، هەر لەبەرئەمەشە دەبینن رەوتی ئیسلامی سیاسی تورکیا زیاتر لەبواری پەروەردە، میدیاو گفتوگۆ شارستانییەکاندا دەبینرێت، نەک سیاسەتی رەوتی چەقبەستوو، لەبەر بوونی ئەم هۆیانە، دەتوانرێت بوترێت فۆبیای ئیسلامی سیاسی یان هەرناوێکی تر لەژێر باری واقیعی کۆمەڵگای تورکیدا مەترسی لەسەر سیاسەتی وڵات دروست ناکات، بەپێچەوانەوە هەنگاوێک دەوڵەت بەهێزتر دەکاتو یەکریزی پێکهاتەو چینەکانی ئەم وڵاتە تۆکمەتر دەکات سەرەڕای روویەکی گەشاوەتری دیموکراسی پیشانی دەرەوەو ئەوروپا دەدرێت کە لەوانەیە بەئاراستەی سیاسەت کردنەکەشی یارییەکەیان زیاتر بڕواتە پێش، پاشان نزیکبوونەوەی زیاتر لەرۆژهەڵات بەتایبەتی وڵاتانی رۆژئاوای عەرەب کە کاریگەری تەواو ئەرێنی دەبێت لەپێشخستنی تورکیاو بازاڕێکی فراوانیش بۆ شتومەکی تورکیا فەراهەم دەبێت، لەگەڵ دروستبوونی سنووری فراوان بۆ سەرمایەکاری تورکی کە رۆڵی بێپایانی دەبێت لەبەهێزترکردنی سیاسەتو ئابووری وڵاتدا.

> تیرۆر بەربەستی یاسا لەناو دەباتو خەڵکەکان بەجۆرێك رادێنێت کە هەڵسوکەوتی ئازادانەو چاوەڕواننەکراوی ئەوان نامومکین دەکات

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١

ژمارە (٢٧) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/١٤
www.destur.net
info@destur.net

بەشێک لەقەسیدەی "وەرزە ئاڵاکانی عەدەم"ی جەمال غەمبار




سالْ درەنگە، فەسڵەکانی چاوەڕوانی بەسەرچوونو
قافڵەکانیش گەیشتنو
ئێوە چاوێکتان هەڵنەبڕی
ئێوە نامەیەکتان نەنارد...
بەبێ گەڕانەوەی ئێوە، فیراق دوا ویستگەمە، ئێستا!
بەبێ پێکەنینی ئێوە، گریان دوا جیلوەمە، ئێستا!
تۆش، ئەی (زاکیرە)ی ئەنفالکراوم،
درەنگە خۆت کۆکەرەوە،
بەدیار ئێوارەیەکەوە دامەنیشە، ئەستێرەی تێدا هەڵنایەت...
چاوەڕوانی هاتنەوەی منالێک مەکە،
دەستەکانی پڕن لە دووکەڵ...
چاوەڕوانی چی دەکەیت،
ئیتر گۆزەکان لە کانی، نایەنەوە...
کچە ئەسمەرەکان لەجیاتی سوخمەو مەمکدان
گوڵە زەنبیقی مردن،
بەسنگیانا هەڵدەواسن...!
درەنگە خۆت کۆکەرەوە،
فەسڵەکانی چاوەڕوانی بەسەرچوونو
قافڵەکانیش گەیشتنو
ئەوان چاوێکیان هەڵنەبڕی...
ئەوان نامەیەکیان نەنارد...

دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# فەیلییەکان، سەرەتای ئەنفال

٣٠ ساڵ لەمەوبەرو لە٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا کاتێک رژێمی بەعس دەستی کرد بەسەندنەوەی رەگەزنامە لەکوردە فەیلییەکانو بەزۆرەملێ دەرکردنیان بۆ ئەو دیو سنووری رووەو ئێران کە گوایا ئەمانە لەبنەڕەتدا خەڵکی ئێراننو وەک تابوری پێنجەم لەعێراقدا کاردەکەن، زۆرینەی کورد نەک هەر ئەم گروپە، بەڵکو تەنانەت گومانیان لەکوردبوونی لوڕەکانیش نەبوو، دوای راپەڕینو دروستبوونی ناچاریانەی هەرێمۆکەی کوردستان، نەک باسێک لەلووڕ نەما، بەڵکو ئەم فەیلییانەش کە شۆڤێنییە عەرەبەکانیش گومان لەکوردبوونیان ناکەن، ناویان وەک پارچەیەک لەنەتەوەکە سڕایەوە، ئیتر دوای ئەوە دەزانین کە رەوتی رووداوەکـان چۆنەو بەچ شێوەیەکیش لەزیانی ئێمەی کورددا تەواو بوو، ئەمڕۆ کە فەیلییەکان تەنها باڵ یادی نەهامەتیو مەرگەساتەکانیان دەکەنەوەو پڕ بەدەم هاوار دەکەن کە جینۆسایدکردنیانو نەگەڕانەوەی مافەکانیانو (نەگەڕانەوەی رەگەزنامە بۆیان)و قەرەبوونەکردنەوەیان بەردەوامە، بەتایبەت کە بڕێکی زۆریان لەساڵەکانی دوای شۆڕشی ئەیلول لەناوچەکانی خانەقینو کفرییەوە راگوێزرابوونو عەرەب هێنرابووە جێگەیان، دەزانم ئەو گلەییو گازندەیە دەکرێت کە بۆ بڕێکی زۆری فەیلییەکان دەنگیان بەکورد نەداوەو زۆرینەی دەنگەکانیان لەلیستە شیعەکاندا دەبینرێنەوە، بەڵام خۆ دەبێت زۆرینەی کوردیش ئەو پرسە لەخۆی بکات کە چۆن نەتەوەیەک دەست لەپێکهاتەیەکی خۆی هەڵدەگرێتو بەو شێوەیە پەراوێزی دەخات (هەموو دەزانین دوای رووخانی رژێم کورد تەنها خەیاڵی لای پارەبووە)، ئەمڕۆ کە کورد کاراکتەرێکی ئەکتیڤە لەدروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، دەبینین هیچ پێشنیارو چارەسەرێکی لەهەگبەدا نییە بۆ ئەو بەشە لەپێکهاتەکەی خۆی کە ئەمیش ئەو پرسە لای عەرەبەکان دەخولقێنێت، بڵێی کورد چی پێببێت بۆ عێراق لەکاتێکدا هیچی بۆ بەشێک لەخۆی پێنەبێت؟

ئاوارەی ناوچە دابڕاوەکانیش ئەو پرسیارەیان لا دروست دەبێت کە دەزانـن کێشەکەیان ئەمڕۆ روو لەچارەسەر نییە بڵێی کورد لە٣٠ ساڵی رابوردوودا دەستبەرداری ئەمانیش نەبێت؟ تا دەگەینە ئەوەی ئەو پرسە دروست بێت بڵێی کورد نوێنەرو سیاسەتمەدارو سەرکردەی وای هەبێت کە بزانێت کوردستان خاکێکی داگیراکراوە یان تا بەرژەوەندییەکان بەبەرهەم بن ئەوا وەک گەڵای دار بەم دیوو دیودا لێی هەڵوەرێ هیچ کاریگەرییەکی نابێتو پرۆسەکە دەبێتە بژی عێراقو بەرژەوەندییەکان.

ئەمڕۆش ئەو رۆژەیە کە کردومانەتە رۆژی ئەنفال، بەدروستیش یادی ئەو شەوو رۆژەیـە کە لەهەردوو دێی ملەسورەو کوڵەجۆ، بازنەی ئابڵوقەکانی سوپاو جاشەکان بەرتەسک کرانەوەو سەرجەمی دانیشتوانەکەی راپێچی مەرگ کرانو بەگشتی لەم رۆژەدا مەزەندە دەکرێت کە سێ یەکی شەهیدکردنی پرۆسە بەدناوەکەی تێدا ئەنجامدرابێت.

لێرەشەوە رەنگە بتوانین سەرەتای ئەو پڕۆسەیە گرێبدەینەوە بەکێشەی کوردە فەیلییەکانەوە، ئاخر ئەنفال کە جینۆسایدکردنی گەلێک بێت، دەکرێت چەند بەشێک لەخۆ بگرێت، پێنەدانی ناسنامەو لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتی بوونو بەزۆرەملێ دەرکردنو فڕێدانت لەودیو سنورەکانەوەو تاوانبارکردنو لەسێدارەدانو بەتابوری پێنجەم لەقەڵەمدانتو هەموو ئەمانەش سەرەڕای ئەوەی چەندین ساڵ پێشتر باوو باپیرانت بەزۆرەملێ راگواستنیان لەزێدی خۆیانۆ گەر جینۆسایدی بەشێک لەنەتەوەیەک نەبێت؟ دەبێت چ ناوێکی لێبنرێت؟

لەمڕۆژانەدا دوو پرۆسەی گەورە لەکایەدایە، یەکەمیان بریتیە لەدادگاییکردنی تاوانبارانی راگواستنی کوردە فەیلییەکان، دەبینین ئەم دیاردەیە وەک بڵێی لەئێمەی کـورد رووی نەدابێ، بەڵکو فەیلییەکان کەمە نەتەوەیەکی وڵاتێکی ئەمریکای لاتین بن، باسی لێدەکرێو بێئەوەی بکرێتە زیندووکردنەوەی رەهەندێکی نەتەوەیی، پشکێکی زۆری پێکهاتەیەکی بـەزۆر دابـڕاو لەنەتەوەکەیو دیسانیشەوە سودلێوەرگرتنی بەمەبەستی پرۆسە دووەمەکە کە لەکایەدایەو ئەویش بریتییە لەدروستکردنەوەی حکومەتی عێراق، ئەو حکومەتەی گەر بەخواستی ئێمەی کوردیش پێکبهێنرێت، هەمیشە ئەگەری ئەنفالکردنەوەی ئێمەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمڕۆ ئەو حەشاماتە فەیلییەی کاتی خۆی بەپێی پەتیو بێ نانو ئاوو بێ جلوبەرگ فڕێدرانە ئێرانەوەو کەم تازۆرێکیان لێگەڕاوەتەوە بەغداو ناوچەکانی تری عێراقو هەموو ئەوانەشی دەربـەدەری هەندەرانو وڵاتانی دراوسێنو زۆرینەشیان ژیانێکی کولەمەرگیو لەلایەنی ئاسایشیشەوە بێئۆقرەو لەدڵەڕاوکێدان، ئەرکێکی سەرەکی حکومەتی هەرێمو سەرکردایەتی سیاسی کوردە جگە لەوەی دەبێت دەستگیرۆییان بکات لەبەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان لەبازێرە عێراقییەکاندا، کاتی ئەوەش هاتووە پرسی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان کە خاکی کوردستانە، بخرێتە بەرباسو لەو ناوچانەی کاتی خۆی لێی راگوێزرابوون لانیکەم چەند شارو شارۆچکەیەکیان بۆ بنیات بنرێتو وەک رەهەندێکی نەتەوەییو دیسانیشەوە رەهەندێکی ناوچە دابڕاوەکان لێیان بڕوانرێت، بوژانەوەی ئەو رەهەندە سەبارەت بەفەیلییەکانو پرسو گرفتەکانیان، بەدڵنیاییەوە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ئەنفالەو هەنگاوێکیشە بۆ رەواندنەوەی ئەو ترسەی کە دەڵێن: ئەنفال ئەگەرێکە لەڕێماندا.







